مەلا شاخی

# مانگ وخۆر وحەوتەوانە

مەلا شاخی

## مانگ وخۆر

# وحەوتەوانە

٢٠١٧

**زنجیرەی کتێبی رۆشنبیری (١٣)**

**ناو نیشان: مانگ وخۆر وحەوتەوانە**

**رەگەز کتیب: سەروەری و بیرەوەری و چەند بابەتێکی رۆژنامەوانی**

**نووسەر: أبو بكر محمد حاجی (مەلا شاخی)**

**دیزاین:** şaxîA.

**چاپ:** رؤى للطباعة والنشر/ **العراق**

**ساڵی چاپ:** ٢٠١٧

**ژمارەی چاپ:** ٥٠٠ **دانه**

**مافی چاپ : بۆ نووسەر پارێزراوە**

**زنجیرەی کتێبی رۆشنبیری بەپاڵپشتی لە دەزگای داودی بۆگەشپێدان دەردەچێت، رەوتی ئەم کارەش بۆ پاڵپشتیکردنە لە رۆشنبیری.**

# وتەیەكی پێویست

دەزگـــای داودی بـــۆ گەشـــەپێدان (زنجـــیرە كتـــێبی رۆشـــنبیری) بەچـــاپدەگەیەنێت وەك بەشـــێك لـــەكارو چـــالا'كییـــەكانی و بـــە مەبەسـتی خزمـەتی زۆرتـر بـە كولتـوورو رۆشـنبیر و رونـاكبیرانی شـاری كـەركوك بـە هـەموو چـین و نەتەوەكانیـەوە، ئـەم كتێبـەی بەردەستی خوێنەری بەرێزیش سیانزەمین كتێبە لەم زنجیرەیە.

دەزگـای داودی بـۆ گەشـەپێدان دەزگایـەكی گەشـەپێدانی تایبەتـە بەهەموو لا'یەنەكانی گەشەپێدانی كولتووری و ئـابووری و كۆمـەلا 'یـەتی و هتـد...، هاوبـار لـە رێگـەی هـەوڵ و پـرۆژەی دارێـژراوەوە دەكارێـت ئاسـتی واقعـی بـاو بـەرەو قۆنـاغێكی بـالا'تـر ببـات كـە ئامـانجی سـەرەكی گەیشـتنە بـە دەسـكەوتە بـەهادارەكانی بـوارە زانسـتی و شارسـتانییەكان. ئاواتمـان خۆشـبەختی و سـەركەوتنی هەمووانە.

**شوان داودی**

**سەرۆكی دەزگای داودی بۆ گەشە پێدان**

## پێشکەشەبە :

- شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان
- کەسو کار و خانەوادەی شەهیدان
- پێشمەرگەو گەریلا و شەڕڤانــان
- تێکۆشەرانودڵسۆزانیکوردایەتی



**وێنەی نووسەر**

# پێشەکی

ئەگەر لەجیهاندا چەندین گەل و نەتەوە بەبێ شۆڕش وقوربانیدان، بەڕێکەوت یا بەپێی ڕێکەوتنە نێودەوڵتییەکان،بەمافی چارەنووسی خۆیان شادبوون،گەلانی واش هەن بە قوربانیدانی کەم بەمافی رەوای خۆیان گەیشتوون، بەداخەوە ئەوە گەلی کوردە دوای چەندین شۆڕش وراپەڕین و کۆمەڵکوژی و جینۆساید... هێشتا کاروانی شەهیدانی هەر بەڕێوەیە،لەم نیشتمانەدا نەبێت لەکوێی دونیادا خانەوادەی وا بینراوە، بەپۆل قوربانی پێشکەش بە بارەگای سەروەری کردبێت.؟ ئەوەی لەیادەوەری ئێمەدا تۆمارەو شوێنەواری کاریگەری لەهەست ونەست و ویژدانماندا جێهێشتووە،دوابەدوای شەهیدانی چەکی کیمیاوی و ئەنفال و قەسابخانەکانی داگیرکەران.. لەشۆڕشی ئەیلول وشۆڕشی نوێی گەلەکەماندا بەربەرایەتی(ی.ن.ك) چەندین بەڵگەی حاشا هەڵنەگرن..

لێرەدا ئەوانە وەك گەواهی ناودێنم کە کسپەیان لە روحـمەوە هێناوە...

شەهیدانی خانەوادەکانی(کاوانی وفاخیرمێرگەسۆری ومەلااحمدی گەڵناغاج و مام عەبدوڵلای تورکمانباخ وکوێخایابەی کاولەسوار و مام احمدقانات شەوگیڕی و ماڵی مەلائاراس و مام برایمەسوور) وچەندین ماڵباتی تر لە سنووری کەرکوك، کەچەندین ئەندامی خێزانیان بەخشیوە،خانەوادە تێکۆشەرو پێشڕەوەکەی ڕێبازی بەرخۆدان رۆلەی بناری خاڵخالاٚن وخانووەقوڕەکانی(رەحیماوا)ماڵی(صالح سعید) مۆردخوادەیی لە ریزی پێشەوەی کاروانی سەرورین..

بەداخەوە پێنووسی ئێمەمانان ناتوانی لەئاست بالاٚی قوربانیدانی گەلەکەماندا بێت،ئەوەندەی کردوومانەو دەشیکەین ئەرکێکی پیرۆزی سەرشان وئاسوودە کردنی گۆشەیەکی تری ویژدانە..هەمیشە کەپانۆرامای یادگاری هاوڕێکانم

بەبیرەوەرییەکانمدا گوزەردەکەن خۆزگەدەخوازم کات وتواناوتەمەن  بوواریان  پێم بدایا سەروەرییەکانیانم یاداشت بکردایە..

ئەگەر کەسانێك گریان خەمڕەوێنیان بێت، یاخەڵکانێك پەنا بۆ خەمڕەوێنێکی باو بەرن تا خەیاڵی خۆیان ئاسوودە بکەن، ئەوا من بە هۆزانێك یا نووسینەوەی کتێبێك  ڕۆحی خۆم ئارام دەکەمەوە..

ئەگەر لەساڵی ٢٠١٤ بەبلاۆکردنەوەی چاپی یەکەمی(مانگ وخۆروحەوتەوانە) فەرامۆشیم هاتبێت،ئەوا ئەمڕۆ بە چاپی دووەمی.. زیاتردڵم ئاسوودە دەبێت. ئەم بەرهەمە هەروا سووك وئاسان نەهاتۆتە بەردەست،ئەمە بەری ڕەنج و سۆمای چاو و شیلەی روحە،ئەمە چەپکێکەلەگوڵزاری ئەوباغچەیەی بەدڵۆپ دڵۆپ خوێنی جگەرو جگەر گۆشەکانی (مام صالح)و (محبوبە خان) رواوە.

پێکهاتووە لەکورتەی ژیاننامەی شەهیدەکان ودەفتەری سەروەری و چەند بیرەوەریەکی هاوڕێیان وچەندین نامەوبەڵگەو دەستنووس وبابەتی رۆژنامەوانی و ئەلبوومێك.. هیوادارم لە کەم وکورتییکان بمانبوورن ...

لە کۆتاییدا..ماوەتەوە بڵێم ئەوەی کردوومانە ناگاتە ئاستی باڵای قوربانییەکانی ئەم خانەوادە فیداکارە ..

سلاو لە (مانگ وخۆر حەوتەوانە)مام صالح سعید و دایە مەحبووبەعوسمان و هەر حەوت کوڕشەهیدەکانیان..

نەسرەوتن تاسەرکەوتن.

مەلاشاخی

١٦_٢_٢٠١٧

**کەرکوك**

# بەشی یەکەم

## ژياننامەی شەهيدەکان



## ژیاننامەی
## شەهید صالح سعید


ـشەهیدصالح سعید لەساڵی١٩٢٢لەگوندی مۆردخوادەی بناری خاڵخالاَن لەئامێزی خێزانێکی رەنجبەر وزەحمەتکێشی نیشتمانپەروەرچاوی هەلهێناوە.

ـ لە ساڵی 1952 بەخێزانەوە چۆتە کەرکوك و لەوێ بەکرێچێتی ژیانی کولەمەرگی بەسەر بردووە.

ـ دوا بەدوای زوڵم و زۆری رژێمی ئەوسای عێراق ونەبوونی عەدالەتی کۆمەلاَیەتی و یەکسانی لە نێو پێکهاتەکاندا لە ساڵی ١٩٦٩ لەشۆڕشی ئەیلول بووە بە پێشمەرگە، یەك یەك هەموو پلەکانی پێشمەرگایەتی بڕیوە تابوە بە(سەرلق) لە (هێزی کاوە) لەماوەی پێشمەرگایەتی دا دووجار بەخەستی بریندار بووە.

ـ لەدوای نسکۆی 1975 بەخێزانەوەئاوارەی کوردستانی رۆژهەلأت بووە.
ـ سالًی1979بەلێبوردن گەڕاوەتەوە ، رژێم لە(باقوبە)نیشتەجێی کردون.
ـ دوا بەدوای چند سالً شاربەدەری جارێکی تر گەڕاوەتەوە بۆ کەرکوك و
لەخانووە قوڕەکانی گەڕەکی (عرصە)ی(رحیما وا) نیشتەجێ بوون.
ـ بۆ کوردایەتی خۆی و خانەوادەی پەیوەندییان بە(ی.ن.ك)ەوە کردووە.
ـ لە نیسانی 1987 دوای گولەبارنکردنی (رفیق)ی کوڕی ..
لەگەلً (٥) کوڕی تری لەلایەن (علی حسن مجید)ەوە راپێچی زیندان دەکرێن وبێ سەروشوێن دەکرێن. سالأنێکی زۆر هاوسەر و هەردوو جگەرگۆشەکەی، خزم و کەسو کارەکەی چاوەڕوانی گەڕانەوەیان بوون.. بەلأم بێسوود بوو،تا دوای راپەڕینی ١٩٩١ ودوای روخانی رژێمی دیکتاتۆری وشۆڤینی ئەوسای عێراق ، ئەوجا کەبەشێك لە دۆکۆمێنت و بەلًگەنامەکان کۆکرانەوە ..
هەموو لە شەهیدبوونیان دلًنیا بووین.
هەزاران سلأو لەگیانی پاکیان.

***



**وێنەی شەهید عادل صالح سعید**



## ژیاننامەی
## شەهید عادل صالح سعید

ـ لەساڵی 1952 لە ئامێزی خانووە قوڕەکانی شاری کەرکوك دایك بووە.


ـ هەر لەتەمەنی منداڵییەوە چۆتە قوتابخانە،تا شەشی ئامادەیی خوێند بوو.

ـ ساڵی 1985بە شوفێری (پاص) لەهێڵی کەرکوک سلێمانی دادەمزرێت.

ـ لە 24 ی نیسانی ساڵی 1987دا لەگەڵ باوك و(4) برای تری پێکەوە راپێچی زیندانەکانی رژێم دەکرێن و بێ سەرو شوێن دەکرێن.

تا هەتایە بەسەروەری دەمێننەوە.

***



**وێنەی شەهید مهدی صالح سعید**



# ژياننامەی شەهيد مەهدی صالح سعيد

ـ له سالّی 1954 لەشاری کەرکوك هاتۆتە دنياوه.


ـ دوای ئەوەی بە ماندووبوونی زۆر پەيمانگای مامۆستايان تەواودەكات، لە(بەرواری بالاّ) بەمامۆستا دادەمەزرێت.

ـ ئەويش چەوسانەوەی چينايەتی و نەتەوايەتی بێزاری دەكەن هەر بۆيە لەريزەكانی رێكخستنەكانی (ی.ن.ك) دا درێژە بە تێكۆشان دەدات.

ـ لە 24 ی نيسانی 1987 لەگەلّ باوك و (4) برای راپێچی زيندانەكانی رژێم دەكرێن و بیٚ سەرو شوێن دەكرێن.

يادیان بەخێر

***



**وێنەی شەهید عبدالوهاب صالح سعید**

## ژیاننامەی شەهید عبدالوهاب صالح سعید

ـ لەسالی1962لە شاری کەرکوك ولەوخێزانەدڵسۆزەداهاتۆتە دنیاوە.

ـ قۆناغەکانی خوێندنی زیرەکانە خوێدووە..

ـ لەساڵی 1982 کۆلیژی ئەندازیاری تەواوکردووەو پاشان بە(ئەندازیار) لەباڵەخانەی نیشتەجێبوون دامەزراوە.

ـ هەم لەسەردەمی خوێندکاریداو هەم لە دوای دامەزرانیشی لەریزەکانی ڕێکخستنەکانی(ی.ن.ك)دادرێژەی بە خەباتی سیاسی داوە

ـلەساڵی١٩٨٢چالاکانە بەشداری لەخۆپیشاندانەکاندا کردووە.


ـ لە ٢٤ی نیسانی ١٩٨٧ لەگەڵ باوك و(٤) برای راپێچی زیندانەکانی ڕژێم دەکرێن و بێ سەرو شوێن دەکرێن.

نامرن ئەوانەی وا لەدڵی میللەت دا دەژین.

***



شەهید صلاح الدین صالح



## ژياننامەی
## شەهيد صلاح الدين صالح سعيد

ـ له سالی 1963لەشاری کەرکوك  هاتۆته دنياوه

ـ لەبەرهەژاری ونەداری خانەوادەکەی

نەيتوانيوه خوێندن تەواو بکات،

هەربۆيه  تا پۆلی سێيەمی ناوەندی خوێندووه.

ـ له ٢٤ی نيسانی ١٩٨٧ لەگەڵ باوك و(٤) برای

راپێچی زيندانەکانی رژێم دەکرێن و بێ سەرو شوێن

دەکرێن.

رۆحيان شاد

***



شەهید سعدون صالح



# ژیاننامەی
# شەهید سعدون صالح سعید

ـ لە ساڵی 1975 لە ئاوارەیی و لە کوردستانی رۆژهەلاَت

چاوی بۆژیانێکی پڕلە کوەمەرگی هەلەێناوە..

ـ قۆناغی سەرەتایی خوێندووە.

ـلەتەمەنی 12ساڵی و لە 24ی نیسانی١٩٨٧

لەگەلّ باوك و(٤) برای  تری راپێچی زیندانەکانی

رژێم دەکرێن و بیّ سەرو شوێن دەکرێن.

مەرگێك لەڕێی کوردستان بێت

هەزار ژیانی بەقوربان بێت

***



**وێنەی شەهید رفیق صالح سعید**

# ژیاننامەی
# شەهید رفیق صالح سعید

ـ سالی 1968 لەشاری کەرکوك هاتۆتە دنیاوە.

ـ لەسەرەتای لاویدا پەیوەندی دەکات

بەڕێکخستنەکانی (ی.ن.ك)ەوە..

ـ لە 1987/4/10چالاکییەك ئەنجام دەدرێت

بەوهۆیەوە دوو (امن)ی رژێم دەکوژرێن،

تاوان بار(علی حسن مجید)

بڕیاری تۆڵەسەندنەوە دەدات

پتر لە ٢٠٠ هاووڵاتی کورد راپێچی زیندان دەکەن

ـ رۆژی ١٩٨٧/٤/٢٤ بە قۆڵ بەستراوەیی دەیهێننەوە

گەڕەکی (رحیماوا)و بەزۆری زۆردار خەڵك کۆ دەکەنەوەو

بەبەر چاوی جەماوەرەوە گولە بارانی دەکەن..


هەر ئەورۆژە (مام صالح سعید)ی باوکی و(٥) کوڕی تری

راپێچی زیندان دەکەن و بێ سەروشوێنیان دەکەن.

ئەی شەهیدان..ئەی شەهیدان.

نامرێ ناو و نیشانتان

***



**وێنەی شەهید دکتۆر هادی**

## ژياننامەی
# شەهيد هادی صالح سعيد (د.هادی)

ـ له ساڵی 1957 له لاپەڕەكانی تۆماری ئەوساڵەدا ناوی له لاپەڕەيكدا له گەڵ خانەوادەكەی تۆمار كرا..

ـ دوای چەندين ساڵ ئاوارەيی و هەژاری ونەهامەتی پەيمانگای پزيشكی تەواو دەكات..

ـ ساڵی ١٩٨٠ پەيوەندی بەرێكخستنەكانی(ی.ن.ك)ەوە دەكات

ـ لەساڵی ١٩٨٢ لە(تيپی ٢١ كەركوك) بووبە پێشمەرگە.

ـ پاشان بوو بەسەرپەرشتياری تيمی پزيشكی تيپەكانی (٢١ی كەركوك) و (٢٥ی خاڵخالآن)

ـ لەپێشمەرگايەتی دا (٢) جار بريندار بوو.

ـ دوای شەهيد بوونی (رفيق) ی برای وبێ سەروشوێن بوونی باوك و (٥) برای تری نەك هەر لەشۆڕش سارد نەبووەوە بەڵكو دڵسۆزانەتر و چالكتر لەجاران درێژەی بەخەبات دا

ـ بەسەدان پێشمەرگەو هاووڵاتی له مردن رزگار كرد..

ـ بەداخەوە .. له ٢٣ـ٣ـ١٩٨٨ لەگوندی(شاناخصیٚ) بەهۆی بۆردومانی كيمياوی رژێمەوەلەگەڵ (٥٠) پێشمەرگەی تری هاوڕێی شەهيد بوون. روحيان ئاسودە...


# هەتوانی باباگوڕگوڕ

شیعری / شاخی

کاتێ بینی ،چەقۆی زۆردار..
برینێکی کاریگەری
خستۆتە جەستەی شارەکەی .
کاتێ ئازار ناخی هەژان
زانی تیمار گرِی چەکە ،
تەنیا خەباتە چارەکەی .
ڕێگای سەختی تێکۆشان و
پارتیزانی بۆ هەڵبژارد
لەئەنجامدا هەر ئەوڕێیە
گەیاندیە نێودڵی (شاخی) و
کوردستان و ..
دڵی گەلە هەژارەکەی .
١٩٨٩

---

*شەهید هادی صالح سعید لە٢٣/٣/ ١٩٨٨
لەگوندی (شاناخسێ) بەچەکی (کیمیاوی) شەهید کرا .



وێنەی مەحبووبە عوسمان

## ژیاننامەی
# دایکی شەهیدان (محبوبە عوسمان)

ـ لەساڵی 1937 لە شاری کەرکوك لەدایك بووبوو.


هاوڕێی بەوەفا و هاوخەباتی (صالح سعید)ی هاوسەری بوو..

دەیان ساڵ ژیانی تاڵی لە ئەشکەوت و لە چەم و دۆڵەکانی(شیوژاڵە)و (شیوەسوور)و ئاوارەیی بەسەربرد دوای هاتنەوەیان لەباقوبەوە بۆکەرکوك پەیوەندی بەرێکخستنەکانی(ی.ن.ك)ەوەکردوە..

ـ ساڵی 1987 دوای شەهید بوونی کاکە (رفیق)ی کوڕی و گیران و بێ سەروشوین بوونی هاوسەر و(5)جگرگۆشەی پەنا بۆشاخ دەبات و دەچێتەگوندی(مۆردخوادە)پەیوەندی بەهەردوو کوڕە پێشمەرگەکەی (د.هادی) و کاك(چەتۆ) وە دەکات لەگەڵ کاروانی خەبات وکوردایەتی تاراپەڕینی ساڵی١٩٩١دەمێنێتەوە لەساڵی١٩٩٤لەشاری رانیەودوای خزمەتی بێ پایانی کاکە(صباح)ی کوڕی و کاکە (چەتۆ) ئیتر دڵەگەورەکەی لەلێدان دەکەوێ و پەیوەست دەبێت بە کاروانی پڕلەسەروەری هاوسەرو جگەر گۆشەکانی ...

سلاو لە گیانی پاکیان

شکۆمەندی بۆ ئەم خانەوادە شەهیدپەروەرە.



## بەشی دووەم



## بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان

# بۆمەرگی دایکی حەوت شەهید و
# تێکۆشەری ڕێگای کوردایەتی
# خاتوو مەحبووبە عوسمان

مەلاشاخی

**کوردستانی نوێ**

شانازییە بۆمێژووی پڕلەسەروەری گەلی کوردستان کە ناوی شێرەژنی وەك زێرینی ئامێدی وقەدەمخێروحەبسەخان ولەیلاقاسم وخوشکەبەیان وزەکیەئالکان و خەجێ باوە و لەیلازانا و کوێخانێرگز...ی لەلاپەڕەکانی خۆیدا تۆمارکردووە.

خاتوو مەحبووبەعوسمانیش ژنێکی تێکۆشەری ئەم میللەتەیە کەخۆی وەاوسەرەکەی وحەوت رۆڵەی قارەمانی بوونەتە قۆچی قوربانی لەپێناو رزگاری کوردستاندا..

جەماوەری خۆڕاگری ناوچەکانی گەرمیان وشوان وشێخ بزێنی باش لەیادیانە کەخاتوو مەحبووبە عوسمان وصالح سعیدی هاوسەری چۆن لەشۆڕشی ئەیلوولدا بن کەپکەشاخ و ئەشکەوتەکانی ماسقەلان وشیوەزلە یان کردبووە سەنگەری بەرخۆدان وشوێنی حەوانەوەی خۆیان وکۆرپەئاوارەکانیان...

نۆسالْ خەباتی پڕشانازی، نۆسالْ ئاوارەیی وخۆڕاگری،نۆسالْ برسێتی وەەژاری وململانێ وشۆڕش،نۆسالْ پێکەوەگرێدانی خەباتی شاروشاخ بوون بەقۆناغەکانی سەرەتایی وناوەندی بۆپەروەردەکردنی نۆ کۆرپەی چاوگەش،نۆرێبواری رێگای کاروانی خەبات..

تائەوەبوولەبـەهاری ١٩٧٥ داسـەرکردایەتی شۆڕشـی ئـەیلوول هـەواڵی نسـکۆ..یان راگەیانـد. ئیترئـەوانیش وەك هـەزاران تێکۆشـەری تـر ناچاربوون بگەڕێنەوە،چوونەوە شاری دێرینەی کورد شاری کەرکوك.

بـەڵێ خاتوومەحبوبـەعوسمان چـونکە بـۆی نـەدەکرا لەئاسـت سیاسەتی(تعریب وتبعیس وترحیل)ی خـەڵکی کـەرکوك دابنیشـێ،بۆیـە رۆڵـی کاریگـەری هـەبووە لەناسـاندنی رێبـازی کۆمەڵـە بەهاوسـەرە ماندوونەناسەکەی وناردنی جگەرگۆشەکانی بۆئەوزانکۆیەی مامۆسـتایان خاڵەشـەهاب وەاوڕێکـانی تێیدامامۆسـتابوون.هەڤاڵی تێکۆشـەر دکتۆرهادی ئەوپێشمەرگەبرین پێچ وەهڵمەتبەرەناسراوەی (تیپـی ٢١ ی کـەرکوك) لـەئامێزی ئەمـدا پـەروەردەکرابوو، ئێسـتایش لـەنێو گلێنـەی چاوی پێشمەرگەکانی کەرکوك وخاڵخاڵان ..دا:

دکتۆرهـادی ..قـەدوبالاَ و تفەنکەکـەی ،بیروبـڕواو رێبازەکەی،دەسـت وپەنجـەو حەقیبەکـەی ، مـاڵ بـەماڵ وسەنگەرسـەنگەر دەگـەڕێن ، هەرزیندوون و لەدڵی مێژوودا دەژین.

ئێستایش لووتکە بڵندەکانی پشـتی (شاناخسـێ) بـۆنکروزی ئاواتـەکانی دکتۆرهادی و بۆنی کیمیاوی رژێمیان لێ هەڵدەستێ..ئێسـتایش خـەڵکی گەڕەکەچەوساوەکەی رەحیماوا لەیادیانە لەسەرشەقامەی پاڵ ماڵەکـەی کـاك ئـەنوەردا، لەشـارەکەی \اوربـاخی ولەبەرچـاوی جـەماوەردا، چـۆن نارەوا کاك (رفیق)یان بێ سووچ وگوناح وتاوان دایەبەردەسڕێژی گوللـەو گەیشـتە رێـزی شـەهیدان.. ئێسـتایش دەرودراوسـێکان لەیادیانەچـۆن ئەوخێزانە هەژارە،ئەوبنەماڵە نەبەزو فیداکارە،ئەنفال کران..

ئەم خێزانەیش وەك هەزاران خێزانی تر لەم ولاتە ژیلەمۆیە،لەم ولاتە یڕنسکۆیە، لەم واری مل وچەقۆیە،لەم سووتەنە پڕبۆن سۆیە.. بوون بەنۆمۆم بەنۆچرا، ناویان لەلیستی نەمران لەدەفتەری سەروەری دا تۆمارکرا..

## ناوی شەهیدانی ئەم خێزانە:

١ – شەهید صالح سعید بایز سەرەك خێزان وپێشمەرگەی دێرین

٢ – شەهیدمەحبووبە عوسمان دایکی حەوت کوڕی شەهید

٣ – شەهید هادی صالح سعید دکتۆری شۆڕش لەتیپی ٢١ ی کەرکوك

٤ – شەهیدرفیق صالح سعید لەرەحیماوا بەبەرچاوی خەڵکەوە شەهیدکرا

٥ – شەهید عبدالوهاب صالح سعید لەگەڵ چوار برا بێسەروشوێن کران

٦ – شەهیدصلاح صالح سعید = =

٧ – شەهیدعادل صالح سعید = =

٨ – شەهیدسعدون صالح سعید = =

٩ ـ شەهیدمهدی صالح سعید = =

---

* بەڵاوکردنەوەی ئەم بابەتە لە کوردستانی نوێ دا لە نەوەتەکاندا دەبێتە جێی سەرنجی هەڤاڵ(مام جلال)و دوای چەندرۆژێك لەوتارێکدا ئاماژەی بۆگرنگی ئەم جۆرەبابەتەکردو داوای کرد بالەجێی بابەتی وەك (ئەندری پایدەر) ئەم جۆرە نووسینانە بڵاوبکەنەوە...

## چۆن ئەم خانەوادە تێکۆشەرەم ناسی ؟

مەلاشاخی

لەشۆڕشی ئەیلولدا بارەگای بەتالیۆنی[1]ی بابەگوڕگوڕ لەگوندی کارێزەی خاڵخاڵان بوو،ماڵی سەرلق و تێکۆشەری ناسراو(سالًح سەعید مۆردخوادەیی) یش لە شیو ژاڵەو نزیك گوندی ناسرومیسرو مۆردخوادەی خوارووبوون،وەك دوو ڕێبواری خەبات یەکیان ناسی.دوای نسکۆی شۆڕش وئاوارەبوونی ئەوان بۆ ئێران مەنفی کردنی ئێمەبۆ شاری(دیوانیە)هەمان ساڵبەلێبووردنی گشتی گەڕاینەوە بۆشاری کەرکوك،ساڵی١٩٧٩ ئەوانیش گەڕانەوەولە(باقوبە) نیشتەجێ کران.. زۆری پێ نەچوو ئەوانیش گەڕانەوە کەرکوك و لە ڕەحیماوا بووینەوە بە دراوسێ. ئەوسا لەگەڵ هەڤاڵەکانم لەڕێکخستنی(کۆمەڵە)کارمان دەکرد،ماوەیەك سەرپەرشتی (کەرتی جەماڵەڕەش) ی(کۆمیتەی ئاگر)ب ەئێمە سپێردراب وو، ئەمجارەیش هەر لەڕێی کوردایەتی ورێکخستنەوە ئاشنای ئەم خانەوادە شۆڕشگێڕەبوومەوە.کاکە دکتۆرهادی لەریزەکانی ڕێکخستندا ئەندامێکی چالاکی کەرتەکەبوو،هەمیشە بایەخی بەپەروەردەکردنی خۆی وهاوڕێکانی دەدا. بۆ دابینکردنی ئەوکتێبانەی بۆکۆرسەکانی رۆشنبیری هەڤاڵان ئامادەی دەکردسەردانی کتێبخانەکانی بەغداو موسڵ وسلێمانی وکەرکوکی دەکرد.

زۆرجار ئاڵوگۆڕی کتێب لەنێوانماندا هەبوو،ئەوکاتەی لەمانگی تشرینی یەکەمی ١٩٨١ هەڤاڵانی کۆمیتەی ئاگر کەوتنەبەر شاڵاوی گرتن،ئێمە چەندهەڤاڵێك ..لەبەرئەوەی ژمارەیەکی زۆرلە هاوڕێیانی ڕێکخستنەکانمان دەناسی وبۆدەرباز بوونی خۆمانیش ومان بەباشزانی شاربەجێبهێڵێن و رۆژی ١٩٨١\١٠\٢٢ خۆمان گەیاندە هەرێمی ٢ی کەرکوك لە چەمی ڕەزان وسوورقاوشان.

ساڵی ١٩٨٢ئەوسای من کادری ڕێکخستنی٧٢ گوندبووم لەسەر زێ ودەوروبەری خاڵخاڵان بەکاری ڕێکخستن و بەنهێنی چوومەوەگوندی (مۆردخوادەی خواروو)هەرلەوێ هەڤاڵ(دکتۆرهادی)م جارێکی تر بینییەوە،زانیم خەباتی شاری بەهەڤاڵانی سپاردووەو بووەبە پێشمەرگە،منیش دەستخۆشی وپیرۆزباییم لێکرد.

لەسەردەمی پێشمەرگایەتیشدا هەتا بلێی کەسێکی دڵسۆزو چالاك و ئازابوو، مایەی متمانەوجۆش وخرۆش و ورە بوو بۆ پێشمەرگەکانی (تیپی٢١ی کەروك) و(تیپی٢٥ی خاڵخاڵان). لەبیرمە مانگی ئەیلولی ١٩٨٢ بوو،کەرتی١ی ساڵەیی بڕیاریاندا لەلۆفەکانی (بێدەر) لەسەر ڕێگای گشتی (شوان — تەقتەق) ئەنجام بدەن، کاك هەڵۆچەمچەماڵی داوای لەمن کرد وەك کادر و شارەزای شوێنەکە چاوساغییان بۆ بکەم ولەگەڵیاندا بەشداری بکەم.منیش هاوڕێ لەگەڵ چوارسەردەستە رۆژێك پێشتر بەنهێنی چووینە گوندی (ئیلنجاغ)لەوێ شانەیەك ڕێکخستنی نهێنیمان هەبوو<هەڤاڵ جمال حمەدەمین (روحی شاد) ئەنفال بووە،

سەرپەرشتی دەکردن،لەگەڵیان کۆبووینەوەو هەر ئەوشەوە چووین بۆ شوێنی مەبەست ونەخشەی چالاکییەکەمان کێشا.

پاش نیوەڕۆی ڕۆژی دواتر بەدۆڵ وشیوەکاندا کەرتی یەکمان گەیاندە گوندی ئیلنجاغ ،هەرچەند دەوروبەری شوێنەکە مۆڵگەی سەربازی(ربییە)ی زۆری لێ بوو، ناوەناوەش لە قوتەکان تاك تاکە سەربازیان بۆ دیدەبانی دانابوو، بڕیار وابوو هەڤاڵ د.هادی و دووپێشمەرگە لەشوێنێك کەبۆیان دیاریکرابوو بمێننەوە، ئەوچالاکییە و نانەوەیکەمینەکە لەسەر ئەو رێگا گشتییە بۆ دوو مەبەست بوو، یەکەم بۆگرتنی هەرپیاوێکی رژێم بوو کەبکوەێتە کەمینەکەوە، دووەم راگرتنی رێبواران وکۆبوونەوە پێکردنیان بەمەبەست یروونکردنەوەی رێبازی شۆڕش...

کەرتی ١ی ساڵەیی بەرەوشوێنی دیاریکراوی خۆی شۆڕبووەوە،سەربازێك ویستی رێگری بکات..کوژراو وچەکەکەشی کە(R.P.K)یەك بوو کەوتەدەست هەڤاڵان،دەیان سەیارەمان لەو دۆڵە قوول و پەنایەدا راگرت،من قسەم بۆ سەرنشینەکان دەکرد،لەپڕ بینیم دکتۆرهادی بەکۆڵەپشتی و چەکەکەیەوە هاتە ئاسۆگە،دوای چالاکییەکە،دکتۆرم بانگکرد وپێم گوت:(هەڤاڵ تۆ بۆ جێگەکەی خۆت جێهێشت وهاتی بۆ لای ئێمە.؟؟)

لەوەڵامدا گوتی: (کاکە..! کەتەقەگەرم بوو خۆم بۆ رانەگیرا،دڵم دەیگوت ئەگەر پێشمەرگەیەك بریندار بوو؟ماوەکە دوورە،نەیانتوانی بیگەیەننە لای من دوایی شەهید دەبێت..خۆ رووحی من لە رووحی ئێوە زیاتر نییە،ئەی خۆت ..کادری رێکخستنی،تۆ بۆ هاتوویت..؟؟)لەوێ بۆم دەرکەوت کە دکتۆرهادی پێشمەرگەی

ئازاو کادری ڕێکخستن وکادری پزیشکی وکۆمەڵایەتیش بوو..لە ١٩٨٢ تا ساڵی ١٩٨٨ خەرمانێك خزمەتی بەکوردوکوردستان کرد.

ـ لەیادمە ئەوسای کاك(حەمەسووردووشیوانی) بریندارببووبوو،زامەکەی زۆر کاریگەربوو،باری تەندرووستی زۆرناجێگیربوو،ڤژێم لەچەند لاوەگەمارۆی ناوچەکەی دابوو،پێداویستی پزیشکی کارێکی واسووك وئاسان نەبوو،لەگوندی سەرچناربووم خانەخوێکەم وتی (دکتۆرهادی)پرسیاری تۆ دەکات..

منیش چووم بۆ مزگەوتەکە لەوێ چاوەڕێی دەکردم،دوای هەواڵپرسین..وتی کاری نهێنی و تایبەتم بەتۆ هەیە،پێکەوە چووینە ناو باخەکان،وتم کاکە فەرموو..!

ئەویش وەك هەمیشە هێمن ولەسەرخۆ وتی:

(کاکە..!تۆ کادری ئەم سنوورەی،ئێمەش داواکارییەکمان لەئێوە هەیە،لەڕێی پەیوەندی خۆتانەوەبێت یالەڕێی ڕێکخستنەوەبێت،هەرچۆن دەکرێ ودەگونجێت، هەندێ دەرزی ودەرمان ولەفاف وپێداویستی نۆژەرگەریمان بۆ دابین بکەیت..!)

یەکسەر جانتاکەی واڵا کرد و ڕەچەتەیەکی دایە دەستم..من بەر لەدەرچوونم لەکەرکوك دۆستایەتییەکم لەگەڵ (د.محمد رافع)دا هەبوو،لێم رادەدیت ئەگەر هیچیشمان بۆ نەکات راسپێردراوەکەمان بەگرت نادات. هەربۆیە ڕۆژی دوتر نامەیەکم نووسی ولەگەڵ وەرقۆەکەی کاکە دکتۆرهادی دابەکەسێکی باوەڕپێکراودا ناردم بۆ بەڕێز دکتۆر محمد رافع..ئای کە ئەوچاوەڕوانییە ناخۆشبوو،نیگەرانییەکەی هەرتەواو نەدەبوو،پاش دوورۆژ هەڤاڵ (مام قادری ئاوبارە)ڕوحی ئەو وهەردوو دکتۆرەکە شاد..)چوارهێندەی پێداویستییە

داواكراوەكان كەرەستەی پزیشكی بۆ هێنابووین..بەڵێ دكتۆرهادی نەك هەر كاك حەمەسووری لەمردن رزگاركرد، بەسەدان پێشمەرگەو هێزی پشتگیری وخەڵكی ئەوناوچانە.. كە(كۆپتەر)و (پیلاتۆس)..بریندارى دەكردن..

هەڤاڵ دكتۆرهادی وتیمە پزیشكییەكەی فریایان دەكەوتن..

بەداخەوە لەوڕۆژە بەدواوە كەشاڵاوی ئەنفالی یەك دەستی پێكرد،چیتر ئێمە یەكترمان نەبینییەوە،تا ئەوەبوو دوای شەهیدبوونی هەواڵی دڵتەزێنی خۆی و ٥٠ هاوڕێی قرچەی لەدڵمەوە هێنا..سڵاو لەگیانی شەهیدان كاك (صالح سعيد و مەحبووبەخان و هەرحەوت رۆڵەقارەمانەكانیان.

سڵاو لەهەموو شەهیدانی كوردوكوردستان.


چۆن ئەم خانەوادە تێکۆشەرەم ناسی؟




## لەیادی مام صالح و کوڕەکانی دا *

## بەختیار راستی

مامەصالح پیرەهەڵۆی بابەگوڕگوڕ،خۆی وحەوت کوڕ،خۆی وحەوت دڵی کوڵاو،لەناوگڕی چەوسانەوەی میللەتێکدا،یەك لەدوای یەك وەك قەتارە هەڵۆیەکی بەرزەفڕ بەرز بەرز وەك هەڵۆ فڕین،بوون بەملوانکەی شینی خوشکان ودایکانی شارەکەم.ئەمانە ئەو روحانەبوون، بوون بەگوڵ لەچیاکان، بوون بەخوێن ناودڵەکان،بوون بەکڵپەلەناوکوانووی جۆشدانەوەی تێکۆشان، ئەمانەئینتیماو ورەو ئازایەتییان بەگەل بەخشی وبوون بەخۆشەویستییەکی بێ سنوور بەرانبەر بەخاکی دایك.

## مۆنۆمێنتی سەرفرازی

مامەصالح نۆ کوڕی هەبوو،لەکەرکوك بەماڵی نۆ براکە ناسرابوون،باوکیان وەك زۆر پێشەنگی تربووبەپێشەنگی جۆشدانی بزاوت وگڕوتینی کوردایەتی،مامەصالح وەك بلێسەی بابە گوڕگوڕبەگوڕ تاوی دەدا،بووبە شادرەختێك بەدوای خۆیدا نۆ چەکەرەی دەرکرد،کەحەوتیان بوون بەمیراتی ئەم گەلە وخەبات وبەرخۆدانی،ئەوان هاندەربوون، داینەمۆبوون، تاودەری ئەو بزاوتە بوون،حەوت هەڵۆ بەرەو ترۆپکی قەدپاڵە سەرکەشەکانی کوردستان فڕینولەوێشەوە بوون بەئەستێرەی درەوشاوەی قوببەی ئاسمانی ئەم خاکە.دایکێکی میهرەبان بۆبنیاتنانی حەوت پایە بۆکۆشکی ژیان ،دایکە مەحبووبە بوشیری مەمکەکانی ئەوبێچووەشێرانەی پەروەردەکرد تا بۆ رزگاری کوردستان نەعرەتەکەن لەوبێشەیەی دەبێتەسەنگەر بۆقارەمانانی (ی.ن.ك)وخەباتەنەپساوەکەی. کارامەیی مامە صالح باوکی شەهیدان: عادل،مەهدی،عبدالوهاب،سەلاح الدین، سەعدون،رەفیق،دکتۆر هادی..

بەدەم تەواونابێ وەەر دەبێت مێژوو بۆخۆی بیانکاتە مۆنۆمێنتی سەرفرازی بۆئەوشارەی لەگڕوکڵپەدا ڕۆڵەکانیشی وەك ئەوگڕە بەگوڕو بەتینن.ڕەفیق ئەولاوەگەنجەی کەبەبەرچاوی باوکی وپێنج برای دەسگیرکراوی وەەزاران کەسی شاری کەرکوکەوە لەبەر دەم خوێندنگای (زێوەر) بۆچاوترسێن کردنیان گوللە بارانکرا.باوك وبراکانی دیکەشی بەجۆرێك بێ سەروشوێنکران بەبێ ئەوەی تائێستاش کەسێك سۆراغیان بزانێ،ئەوەتروسکەی هەڵچوونی دەستپێکی تراژیدیایەك بوو بۆ بەرەوپیرەوەچوونی ئەنفالێکی بچووك کەبەرەبەرە پێی نایە قۆناغە گەورەکەیەوە،دکتۆر(هادی)یش کەپزیشکێکی دڵسۆزو بەورەو چاونەترسی ناوەێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو،لەناوچەکانی کەرکوك وگەرمیان هەناسەی گەرمی سپارد بەهەناسەی هەمووچەوساوەکانی دونیاو ئاوێتە بەروحی سپی بەهەشتی شەهیدان بوو.

ئەوپۆلەشەهیدەقارەمانە بوون بە سیمبول و هێمای نەتەوەیەك کەبە درێژاییی مێژوو دەچەوسێنرانەوە،بوون بەکۆمەڵێك چرابۆ تاریکستانی ئەم خاکەو ئەوگەلە زیندووەی کەمێژوویەکی دوورودرێژی لەچەوساندنەوەو ژێردەستەیی ژێرچەپۆکی ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکان مێژووەکەی بەخوێن نووسیبوو،ئەومیللەتەی بەری ڕەنج و تێکۆشانیشیان بە زایە نەچوو لەسایەی قوربانی دان وبەخشینی خوێنی ئەم شەهیدەقارەمانانەوگشت شەهیدانی کوردستان وەەمووقوربانیانی ئەنفال و کیمیاباران.

## بۆ هەمیشە

ئەوکردەقێزەوەن و دوور لەهەر کردەیەکی مرۆڤـانەیە،بۆچاوترسێنکردنی جەماوەری شاری کەرکوك بوو بەگشت چین وتوێژەکانییەوە،تاکو مل بۆ دەسەلاّتی ستەمکاری شۆڤینی بەعس کەچ بکەن،ئەمما نەك هەر ملیان کەچ نەکرد بگرە کاروانێکی چڕلە رێبوارانی هەلّگری ئالاّی کەسکی خەبات وشوێنکەوتووانی رەوت وباوەڕێکی مەزنیش بوون،خوێنی ئالّی ئەوشەهیدانە بوو بەچاوگی ئاگری شۆڕش ومەشخەلاّنی لەیلانی خاك بۆ ئاسۆی روون کەلەوچاوگەوە سەرچاوەی گرتووە بۆهەلاّتنی ئەو خۆرەگەشەی کەئیستا نیشتمانەکەمان بەهۆیەوە رووناك بۆتەوە.دایکە مەحبووبەی دلّ بەسۆز بۆجگەرگۆشەکانی ئەویش سالّی ١٩٩٤ لەشاری رانیە کتوپڕ چاوەکانی لێك دەنێ ومالّئاوایی لەوخاکە دەکات کەئەو پۆلەشەهیدەی پێبەخشی بوو.

ئەوشەهیدانە جەمسەرێك بوون لەویلایەتی خەونەتالّەکان،ئەو ویلایەتەی هەلّەمووری جەستەی مرۆڤـەکانی لەژێرئاگرو قورقۆشمی چەکەکانی بەعسدا هەلّچوو،گێلی دوژمنان لەوەدا بوو نەیاندەزانی درختێك ببڕنەوە لەجێگەکەیدا دەی تر دەڕوێ،لەئاسماندا ئەستێرەیەك لەبەرچاو ون کەن لەقوببەیدا دەی ترهەلّدێ،نەیانزانی تارماییەکان هەرخۆیانن هەموورەنگی مردووەکانن، مردووەکانیش هەرئەوانەن خوێنیان دەڕژێ ودەڕۆن،بەلاّم بۆهەمیشەلەناودلّ دان، لەهەرکوێ بن لەناومانن.

---

* کوردستانی نوێ / ژ (٥٧٦٣ لە ٢٠١٢/٤/٢٧



شەهید سەعدون ساڵح — شەهید ڕەفیق ساڵح — شەهید سەلاحەدین ساڵح — شەهید وەهاب ساڵح — شەهید مەهدی ساڵح — شەهید عادل ساڵح — شەهید دکتۆر هادی ساڵح — شەهید مام ساڵح

# لەیادی شەهیدبوونی مام ساڵح و کوڕەکانی-دا

مامە ساڵح، پیرە هەڵۆی بابە گوڕگوڕ، خۆی و حەوت کوڕ، خۆی و حەوت دڵی کوڵاو، لەناو گڕی چەوساندنەوەی میللەتێکدا یەک لەدوای یەک وەک قەتارە هەڵۆیەکی بەرزەفڕ بەرزبەرز فڕین، بوون بەملوانکەی شینی خوشکان و دایکانی شارەکەم، ئەمانە ئەو ڕۆحانە بوون، بوون بەگوڵ لەچیاکان، بوون بەخوێن لەنێو دڵەکان بوون بەکڵپە لەناو کوانووی پڕ شکۆی جۆشدانەوەی تێکۆشان، ئەمانە ئێنتیماو ڕەو ئازایەتییان بەگەڵ بەخشی و بوون بەخۆشەویستییەکی بێ سنوور بەرامبەر بەخاکی دایک.

**مۆنۆمێنتی سەرفرازی**

مامە ساڵح، نۆ کوڕی هەبوو لەکەرکوک بەماڵی تۆ براکە ناسرابوون، باوکیان وەک زۆر پێشەنگی تر بوویەپێشەنگی جۆشدانی بزاوت و گڕو تینی کوردایەتی، مامە ساڵح وەک بڵێسەی بابەگوڕگوڕ بەگوڕناوی دەدا، بوو بەشا درەختێک بەدوای خۆیدا نۆ چەکەرەی دەرکرد، کەحەوتیان بوون بەمیراتی ئەم گەلە و خەبات و بەرخودانی، ئەوان هاندەر بوون، دڵنەمۆ بوون، تاودەری ئەو بزاوتە بوون، حەوت هەڵۆ بەرەو ترۆپکی قەندیلە سەرکەشەکانی کوردستان فڕین و لەوێشەوە بوون بەئەستێرەی درەوشاوەی قوبەی ئاسمانی ئەم خاکە. دایکێکی میهرەبان بۆ بنیاتنانی حەوت پایە بۆ کۆشکی ژیان، دایکە مەحبوبە بەشیری مەمکەکانی ئەو بێچووە شێرانەی گەورە کرد تا بۆ ڕزگاری کوردستان نەعرەتە کەن لەو بێشەیەی دەبێتە سەنگەر بۆ قارەمانانی ڕیزەکانی ی.ن.ک و خەباتە نەپساوەکەی.

کارامەیی مامە ساڵحی باوکی شەهیدان: عادل، مەهدی، عەبدولوەهاب، سەلاحەدین، سەعدون، ڕەفیق، دکتۆر هادی) بەدەم تەولو تابێ و هەردەبێت مێژوو بۆ خۆی بیانکاتە مۆنۆمێنتی سەرفرازی بۆئەو شارەی لەگڕو کڵپەدا ڕۆڵەکانیشی وەک ئەوگڕە بەگوڕو بەشینن.

ڕەفیق ئەو لاوە گەنجەی کەبەبەر چاوانی باوکی و پێنج برای دەستگیرکراوی و هەزاران کەسی شاری کەرکوکەوە لەبەردەم خوێندنگای (زێوەر) بۆ چاوترسێنکردنیان گوللە بارانکرا، باوکی و براکانی دیکەشی بەجۆرێک بێ سەروشوێنکران بەبێ ئەوەی تا ئێستاش کەسێک سۆراغیان بزانێ، ئەوە ترووسکەی هەڵچوونی دەستپێکی تراژیدیایەک بوو بۆبەرەو پیرەوەچوونی ئەنفالێکی بچووک کەبەرەبەرە پێی نایە قۆناغە گەورەکەیەوە، دکتۆر (هادی)ش کەپزیشکێکی دڵسۆزو بەورەو چاونەترسی ناو هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو، لەناوچەکانی کەرکوک و گەرمیان هەناسەی گەرمی سپاردە بەهەناسەی هەموو چەوساوەکانی دونیاو ئاوێتە بەڕۆحی سپی بەهەشتیی شەهیدان بوو.

ئەو پۆلە شەهیدە قارەمانە بوون بەسیمبوڵ و هێمای نەتەوەیەک کەبەدرێژایی مێژوو دەچەوسێنرانەوە، بوون بەکۆمەڵێک چرا بۆ تاریکستانی ئەم خاکەو ئەو گەلە زیندووەی کەمێژوویەکی دوورودرێژی لەچەوساندنەوەو زۆر دەستەیی ژێر چەپۆکی ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکان مێژووەکەی بەخوێن نووسیبوو، ئەو میللەتەی بەری ڕەنج و تێکۆشانیشیان بەزایە نەچوو لەسایەی قوربانیدان و بەخشینی خوێنی ئەم شەهیدە قارەمانانەو گشت شەهیدانی کوردستان و هەموو قوربانیانی ئەنفال و کیمیاباران.

**بۆ هەمیشە**

ئەو کردە قێزەون و دوور لەهەر کردەیەکی مرۆڤانەیە، بۆ چاوترسێنکردنی جەماوەری شاری کەرکوک بوو بەگشت چین و توێژەکانییەوە تاکو مل بۆ دەسەڵاتی ستەمکاری شۆفێنی بەعس کەچ بکەن، ئەمما نەک هەر ملیان نەوینەکرد بگرە کاروانێکی چڕ لەڕێبوارانی هەڵگری ئاڵای کەسکی خەبات و شوێنکەوتووانی ڕەوت و باوەڕێکی مەزنیش بوون، خوێنی ئاڵی ئەو شەهیدانە بوو بەچاوگی ئاگری شۆڕش و مەشخەڵانی لەیلانی خاک بۆ ئاسۆی ڕوون کە لەو چاوگەوە سەرچاوە گرتووە بۆهەڵاتنی ئەرخۆرە گەشەی کەئێستا نیشتمانەکەمان بەهۆیەوە ڕۆشن بۆتەوە.

دایکە (مەحبوبە)ی دڵ بەسۆز بۆ جگەرگۆشەکانی، ئەویش ساڵی ١٩٩٤ لەشاری ڕانیە کتو پڕ چاوەکانی لێک دەنێ و ماڵئاوایی لەو خاکە دەکات کەئەو پۆلە شەهیدەی پێبەخشیوە.

ئەو شەهیدانە جەمسەرێک بوون لەویلایەتی خەونە ئاڵەکان، ئەوویلایەتەی هەڵەمووری جەستەی مرۆڤەکانی لەژێر ئاگرو قورقوشمی چەکەکانی بەعسدا هەڵچوو، گێلیی دوژمنان لەوەدا بوو نەیاندەزانی درەختێک ببڕنەوە لەجێگەیدا دەی تر دەڕوێ، لەئاسماندا ئەستێرەیەک لەبەرچاو ون کەن لەقوبەیدا دەی تر هەڵدێ، نەیانزانی ئارمانییەکان هەر خۆیان هەموو ڕەنگی مردووەکانن، مردووەکانیش هەر ئەوانەن هەرچی دەبێت پێی ئازانن زیندووەکانیش هەر ئەوانەن خوێنیان دەڕژێ و دەڕۆن، بەڵام بۆ هەمیشە لەناو دڵدان، لەهەر کوێ بن لەتاومانن.

**بەختیار ڕاستی**

## دەست ماچ کردن عەبدولکەریم شێخانی

لەچەند بۆنەیەکی خوازبێنی کردندا بۆ برازاکانم،بەوپێیەی کەمامی گەورەیانم، دەبوومە ئەستیچرەی ئەوبۆنەیەو تەناەت لەهەندێ هۆڵدا رۆڵی مەلاشم دەبینی بۆ داخوازی کردنەکە،کەگوتم دەبوومە ئەستێرە، تەنها هەربۆ ئەو بۆنەیەبوو،دەنا وەکو دیکە من هەرگیز ئەستێرە نەبووم وچاوەڕێش ناکەم ببم. لەیەکێك لەوبۆنانە دوای خوازبێنی کردنەکەو رەزامەندیی پیشاندانی باوکی کچەکە،داوام لە برازاکەم کرد هەستێ و دەستی خەزووری ماچ کات،پێم گوت ،بەلاّم پەشیمان بوومەوەو قسەکەش تازە وەك تیری لەکەوان دەرچوو گەڕانەوەی نەبوو، بەتایبەتیش کەدیتم برازاکەم قورسی دەنوێنێ،بەلاّم خوا کاری خەزوورکەی راست بێنێ کەنەیهێشت دەستی ماچ بکات ، بەڵکو ئەو ئەملاوئەولای زاواکەی خۆی ماچ کرد.لێرەدا هەرزوو نووسینێکی هێرۆ خانی خانمی یەکەمی عێراقم بیرکەوتەوە کەنزیکەی حەوت سالێك پێش ئیستا وەك سەروتارێك لەگۆڤـاری خاك بەوناوەی سەرەوە (دەست ماچ کردن) نووسیبووی و من ئەوسا لەرۆژنامەی (الاتحاد) کارم دەکرد، داوام لیّ کرا بیکەم بەعەرەبی بۆ (الاتحاد) بەلاّم من ەرچەندە وەرمگێڕاو کردم بەعەرەبی، برادەرێکی دیکە دەستی خۆی پێشخست و کردی بەعەرەبی ووەرگێڕانەکەی ئەو بلاّوکرایەوە، لەو وتارەدا هێرۆخان باسی ئەوە دەکات کەچەند رقی لە دەست ماچ کردن بووە و تەنانەت کاتێك خزم و کەسی وکارهەوالّی منالّەکانیانی پرسیوە، دایکی گوتوویەتی : دەستت ماچ دەکەن ، ئەم زۆری پیّ ناخۆش بووە،بەلاّم لەنووسراوەکەیدا باسی باوکێك

دەكات كە (٩) كوڕی شەهیدی هەبووە،ئەگەر لەژمارەكە بەهەڵەدا نەچووبم، وێنەی هەموویانی هەڵواسیوە.

هێرۆخان دەڵێت: بەدەست خۆم نەبوو دەستیم ماچ كرد وەگەڵ ئەوەەستە مرۆڤـ دۆستانەی هێرۆخان، منیش بەدەست خۆم نەبوو دەستیم كرد بەگریان ،ئیستا گشت جارێ كەدەچم بۆ هەولێر،ئەگەر خاوەنی ئۆتومبێلەكە خۆیی بێت،داوای لێ دەكەم بەناوكەركوك دا بڕوات،چونكە لە(سوق مركزی)یەكە تێدەپەڕێت و بەهەورازەكەدا سەردەكەوێت، وێنەیەكی لێیە باوكێك وحەوت شەهید.كەدەگەمە ئەوێ پێیان دەڵێم ئۆتومبێلەكە لە كەناری شەقامەكە رابگرن..ئیدی دادەبەزم وئەگەرباوكە لەوێ بووایەدەستیم ماچ دەكرد، چەند دڵۆپێك فرمێسكی مرواری ئاسام بەسەر دەستیدا دەباراند..بەلآم بەداخەوە تەنیا شەرەفی فرمێسك داباراندنم پێ دەبڕێ وەیچی دیكە،ئینجا ملی رێگا دەگرین بۆ هەولێر..لەسەردەمی ئیسلامدا (خنسا)ی ژنەشاعیری عەرەب ئەوەنەی بۆ (سخر) ی برای گریاوە ئەوەندە بۆ چواركوڕەكەی نەگریاوە..كەلە پێناوی ئیسلامدا كوژراون.. بۆ براكەی دەڵێ :

| | |
|---|---|
| يزكرني طلوع الشمس سخرا | وزاكرة لكل غروب شمس |
| ولولا كثرة البياكين حزني | هاني اخوانهم لقتلت نفسي |

ئەگەر ئەوژنە بۆتاقە برایەك وا بكات ئەی ئێمە بۆ هەموو شەهید و ئەنفال و كیمیابارانكراوان چۆن جیهان ناهیچنینە لەرزە..ئاخر هەر دوێنێ و پێرێ بوو دوژمنانی كورد(مشعل تەمۆ) ی تێكۆشەری كوردی رۆژئاوای كوردستانیان شەهید كرد بۆیە دەڵێم كوردستان شەهیدستانە..شەهیدستان.

* كوردستانی نوێ / ژ ٥٦٠٩

6 | ساڵی بیستەم - ژمارە ( 5609 ) سێشەممە ( 18



## جا قوربان مەسەلەیەک هەیە

عەبدولکەریم شێخانی

# دەست ماچ کردن

لەچەند بۆنەیەکی خوازبێنی کردندا بۆ برازایەکانم، بەو پێیەی کەسایی گەورەیانم، دەبوومە تەشتێوەی ئەو بۆنەیەو تەنانەت لەچەندێک هۆڵدا رۆڵی مەلاشم دەبینی بۆ داخوازیی کردنەکە. کەگوتم دەبوومە تەشتێوە، تەنها هەر بۆ ئەو بۆنەیە بوو، دەنا وەکو دیکە من هەرگیز تەشتێوە نەبوومەو باوەڕیش ناکەم ببم. لەیەکێک لەو بۆنانە، دوای خوازبێنی کردنەکەو رەزامەندیی پیشاندانی باوکی کچەکە، داوام لەبرازاکەم کرد هەستێ و دەستی خەزووری ماچ کات، پێم گوت. بەڵام پەشیمان بوومەوە قسەکەش تازە وەک تیری لەکەوان دەرچوو. گەرانەوەی نەبوو، بەتایبەتیش کەدیتم برازاکەم کورسی دەتوێنێ. بەڵام خوا کاری خەزوورەکەی راست بێنێ کەنەیهێشت دەستی ماچ بکات، بەڵکو ئەو ئەملاو ئەولای زاواکەی خۆی ماچ کرد.

لێرەدا، هەرزوو نووسینێکی حەیزخانی خانی یەکەمی عیراقم بیرکەوتەوە کەنزیکەی حەوت ساڵێک پێش ئێستا وەک سەروتارێک لەگۆڤاری خاک بەو ناوەی سەرەوە (دەست ماچ کردن) نووسیبووی و من ئەوسا لەرۆژنامەی (الاتحاد) کارمەندکرد، داوامەلێکرا بیکەم بەعەرەبی بۆ (الاتحاد). بەڵام من هەرچەندە وەرمگێڕاو کردم بەعەرەبی، برادەرێکی دیکە دەستی خۆی پێشخست و کردی بەعەرەبی و وەرگێڕانەکەی ئەو بڵاوکرایەوە. لەو وتارەدا حەیز خان باسی ئەوە دەکات کەچەند رقی لەدەست ماچ کردن بووەو تەنانەت کاتێک خزم و کەس و کار هەواڵی منداڵەکانیان پرسیبوو، دایکی گوتبوێتی: دەست ماچ دەکەن، ئەم زۆری پێ ناخۆش بووە، بەڵام لەوتارەکەدا باسی باوکێک دەکات کە (9) کوڕی شەهیدی هەبووە- ئەگەر لەژمارەکە بەهەڵەدا نەچووبم- وێنەی هەموویانی هەڵواسیوە. حەیزخان دەڵێت: بەدەست خۆم نەبوو دەستیم ماچ کردو لەگەڵ ئەو هەستە مرۆڤ دۆستانەی حەیز خان، منیش بەدەست خۆم نەبوو دەستم کرد بەگریان. ئێستا گشت جارێ کەدەچم بۆ هەولێر، ئەگەر خاوەنی ئۆتۆمبیلەکە خۆیی بێت، داوای لێدەکەم بەنێو کەرکوکدا بڕوات، چونکە لە (سوق مرکزی)یەکە تێدەپەڕێت و بەهەورازەکەدا سەردەکەوێت، وێنەیەکی لێیە، باوکێک و حەوت شەهید... کەدەگەمە ئەوێ پێیان دەڵێم ئۆتۆمبیلەکە لەکەناری شەقامەکە رابگرن... ئیدی دادەبەزم و ئەگەر باوکە لەوێ بوایە دەستیم ماچ دەکردو چەند دڵۆپێک فرمێسکی مرواریی ئاسام بەسەر دەستیدا دەباراند، بەڵام بەداخەوە تەنیا شەرەفی فرمێسک داباراندم پێ دەبرێ و هیچی دیکەو، ئینجا ملی رێگا دەگرین بۆ هەولێر.

لەسەردەمی ئیسلامدا، (خەنسا)ی ژنە شاعیری عەرەب، ئەوەندەی بۆ (صخر)ای برای گریاوە، ئەوەندە بۆ چوار کوڕەکەی نەگریاوە کە لەپێناوی ئیسلامدا کوژران.

بۆ براکەی دەڵێ:

یذکرني طلوع الشمس صخرا
واذکره لکل غروب شمس
ولولا کثرة الباکین حولي
علی إخوانهم لقتلت نفسي

ئەگەر ئەو ژنە بۆ تاقە برایەک وابکات، ئەی ئێمە بۆ هەموو شەهیدو ئەنفال و کیمیابارانکراوان چۆن جیهان ناهێنینە لەرزە.... ئاخر هەر دوێنێ و پێرێ بوو دوژمنانی کورد (مشعل تمو)ی تێکۆشەری کوردی رۆژئاوای کوردستانیان شەهیدکرد... بۆیە دەڵێم کوردستان شەهیدستانە، شەهیدستان.

# ژنێك لەبۆتەی خەباتدا

صباح صالح سعيد

هەموو دایكێك بەشێك لە پیرۆزی تێدایە،بەلاَم كەمن ئەودایكانەی كەبە قوربانییەكانیان پەلوپۆی سۆزی دایكانەیان نەهاوێژن بۆدەورو بەرو دەبنە سومبول. مێژووی ئێمەی كورد پڕە لە نموونەی ئەو دایكانەی كە جگەرگۆشەكانیان لەسەر خۆشەویستی نیشتمان و دلّسۆزی گەل پەروەردە كردووە، لەورِێگایەشدا تووشی جەرگسووتان و مالّوێرانی و هەلّوەشانەوەی خێزان بوون.زۆر ژن هەیە كەمتر لەپیاوانیان نەكردووە،ئەگەر هاوسەرو كورِەكانیان كارێكی شۆڕشگێڕی و نیشتمانییان ئەنجام دابێت، ئەوا دواجار دایكیان یان هاوسەرەكەی باجەكەی داوە، كەچی لەگەلّ ئەوشدا ئەو ژنە زیاتر هانی كەسوكارەكەی داوە بۆ بەردەوام بوون لەسەر ئەركە نیشتمانی ونەتەوەییەكان. ەوبارەیەوە مافی خۆیەتی باسێك لە دایكم بكەم وبلّێم:ئەو یەكێك بوو لەژنە مەینەتبارەكانی كوردستان،بەهۆی بەشداری كردنی لەخەباتی رزگاریخوازانەی گەلی كورددا قوربانی زۆری داوە.دایكم واتا مەحبووبە عوسمان عومەر ،ژنە پێشمەرگەیەكە خۆی پێشمەرگەیە، ئاوارەی خەباتی كوردایەتییە،حەوت كورِوەاوسەرەكەی شەهیدكراون، هەربەئاهی شەهیدەكانیش سەری نایەوە.

سالّی١٩٣٧لەكەركوك لەدایك بووە،لەكۆتاییی سالاَنی چلەكاندا لەگەلّ باوكم (شەهیدصالح) چۆتە ژیانی هاوسەرییەوە،باوكم پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول وسەرلق بوو لەهێزی كاوە،دواتریش چۆتەرێكخستنەكانی

(ی.ن.ك) ئیدی براكانیشم یان ڕێكخستن بوون یان پێشمەرگە، هەموو ئەوانەش وای كردووە دایكم بەردەوام هاودەمی پێشمەرگەو ژیانێكی پچڕپچڕی هەبێت.بەردەوام وەك تەتەرێكی ڕێكخستنی ناوشارو گوندەكان كاری كردووە، لەژیانیدا سێجار بەخێزانەوە ئاوارە بووە.

ساڵی ١٩٨٧ لەكەركوك باوك وشەش برام شەهیدوشوێن بزر كران، فەرمانی گرتنیش بۆ دایكم دەرچوو،ئەویش بەناچاری شاری بەجێهێشت و چووە گوندی(مۆردخوادەی خواروو)بۆلای دووبراكەی دیكەم (دكتۆرهادی و چەتۆ) كە ئەوكات پێشمەرگەی تیپی ٢١ی كەركوك بوون،بەلاَم وەك ئەوەی چارەنووسی دایكم پڕبێت لە هەواڵی جەرگبڕ،هەواڵێك لە شارباژێرەوە خۆی كرد بەماڵە هەژارەكەمانداو برینەكانی دایكمی سەرلەنوێ كولاندەوە.هەواڵەكە دەڵێت :

ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٢٣ دكتۆرهادی بەهێرشی كیمیایی فڕۆكەكانی بەعس لەگوندی شاناخسێ شەهیدكرا.

قۆناغی ئەنفال تا ڕاپەڕین،سوڕێكی دیكەی ژیانی سەختی دایكم بوو،هەر ڕۆژەی لە شوێنێك بووین،فەرمانی گرتنمان بۆ دەرچوو،لەلای خێرخوازان و نیشتمان پەروەران پەنا دراین،تا لەچەخماخەی ڕاپەڕیندا ئاهێك بەبەر جەستەی شەكەتی دایكمدا هاتەوەو بەرهەمی خەباتی خۆی و شەهیدەكانی بینی..بەداخەوە ئەوژنە ماوەیەكی كەم لە ئازادی كوردستاندا ژیا، ڕۆژی ١٩٩٤/١/٦ لەرانیە كۆچی دوایی كرد و دواتر تەرمەكەی لەهەولێر بەخاك سپێردرا.

---

* كوردستانی نوێ / ژ (٥٦٨١) ٢٠ /١/ ٢٠١٢

19 | ساڵی بیست و یەکەم ژمارە (٥٦٨١) هەینی ٢٠١٢/١/٢٠
21th Year No: 5681 Fri - 20 / 1 / 2012

# ژنێک لەبۆتەی خەباتدا

هەموو دایکێک بەشێک لەبیرۆزی تێدایە، بەڵام کەمن ئەودایکانەی کەبەقوربانییەکانیان پەلوپۆی سۆزی دایکانەیان دەهاوێژن بۆ دووروبەرو دەبنە سومبول.

مێژووی ئێمەی کورد پڕە لەنمونەی ئەودایکانەی کەجگەرگۆشەکانیان لەسەر خۆشەویستی نیشتمان ودڵسۆزی گەل پەروەردە کردووە، لەوڕێگەیەشدا توشی جەرگسوتان و ماڵوێرانی و هەڵوەشانەوەی خێزان بوون.

زۆر ژن هەیە کەمتر لەپیاوانیان نەکردووە، ئەگەر هاوسەرو کورەکانیان کارێکی شۆڕشگێڕی و نیشتمانیان ئەنجام دابێت، ئەوا دواجار دایکیان یان هاوسەرەکەی باجەکەی داوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ئەوژنە زیاتر هانی کەس و کارەکەی داوە بۆ بەردەوام بوون لەسەر ئەرکە نیشتمانی و نەتەوەییەکان.

لەوبارەیەوە مافی خۆیەتی باسێک لەدایکم بکەم و بڵێم: ئەو یەکێک بوو لەژنە مەینەتبارەکانی کوردستان، بەهۆی بەشداریکردنی لەخەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کورد دا قوربانی زۆری داوە.

دایکم، واتا مەحبوبە عوسمان عومەر، ژنە پێشمەرگەیەکە، خۆی پێشمەرگەیە، ئاوارەی خەباتی کوردایەتییە، حەوت کورو هاوسەرەکەی شەهید کراون، هەر بەناهی شەهیدەکانیشیەوە سەری نایەوە.



دایە مەحبوبەو (چەتۆی کوڕی ١٩٨٠ لوزان)

ساڵی ١٩٣٧ لەکەرکوک لەدایکبووە، لەکۆتایی ساڵانی چلەکاندا لەگەڵ باوکم (شەهید ساڵح سەعید) چۆتە ژیانی هاوسەرییەوە.

باوکم پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول و سەرلق بوو لەهێزی کاوە، دواتریش چۆتە رێکخستنەکانی ی.ن.ک، ئیدی براکانیشم یان رێکخستن بوون یان پێشمەرگە، هەموو ئەوانەش وایکردبووە دایکم بەردەوام هاودەمی پێشمەرگەو ژیانێکی پڕ بچڕی هەبێت.

بەردەوام وەک ئەندامێکی رێکخستنەکانی ناوشار و گوندەکان کاری کردووە، لەژیانیدا سێجار بەخێزانەوە ئاوارەبووە

ساڵی ١٩٨٧ لەکەرکوک باوکم و شەش برام شەهید شوێن بزرکران، فەرمانی گرتنیش بۆدایکم دەرچوو، ئەویش بەناچاری شاری بەجێهێشت و چووە گوندی (مۆرتەخوارنەی حوارۆی) بۆلای دوو براکەی دیکەم (دکتۆرهادی و چەتۆ) کە ئەوکات پێشمەرگەی تیپی ٢١ ی کەرکوک بوون.

بەڵام وەک ئەوەی دەبێت چارەنووسی دایکم پڕبێت لەهەواڵی جەرگبڕ، هەواڵێک لەشاربازێڕەوە خۆی کرد بەماڵە هەژارەکەماندا و برینەکانی دایکمی سەرلەنوێ کولاندەوە.

هەواڵەکە دەڵێت: رۆژی ١٩٨٨/٣/٢٣ دکتۆر هادی بەهێرشی کیمیایی فرۆکەکانی بەعس لەگوندی شاناخسێ، شەهید کرا.

قۆناغی ئەنفال ئاوارەبوون، سوڕێکی دیکەی ژیانی سەختی دایکم بوو، هەرۆژەو لەشوێنێک بووین، فەرمانی گرتنمان بۆدەرچوو، لەلای شۆڕشخوازان و نیشتمان پەروەران پەنادراین تاڵەچەشناخەی راپەڕیندا ئاهێک بەبەر جەستەی شەکەتی دایەدا هاتەوەو بەرهەمی خەباتی خۆی و شەهیدەکانی، بینی.

بەداخەوە، ئەوژنە ماوەیەکی کەم لەئازادی کوردستاندا ژیا، رۆژی ١٩٩٤/٦/٩ ئەوانیە کۆچی دوایی کردو دواتر تەرمەکەی لەهەولێر بەخاک سپێردرا.

سەباح ساڵح

# دکتۆرهادی و کولانەوەی برینەکان

**صباح صالح سعيد**

شەهیدبوونی دکتۆرهادی برام،زامی شەهیدبوونی باوکم و شەش براکانی دیکەمی کولاندەوە کەساڵێك پێش شەهیدبوونی ئەو هەرحەوتیان لەلایەن رژێمی بەعسەوە دەستگیرکران و تائیستا بێسەرو شوێنن، بۆیە زامی دکتۆرهادی بوو بەزامێکیش لەسەردڵی ئێمە،لەوەزیاتریش سوێی کردەدڵی دایکمانەوە،ئەودایکەی کەتا کۆچی دوایی کرد،هەر لەتەنگانەو دەردەسەریدا ژیا،بەڵام ئەگەرچی جەرگسووتان و هاوسەرشەهیدبوون بۆژنێك سەختە،کەچی دایکم ئازایانەخۆی گرت بۆهەموو ئەوکارەسات وناخۆشیانەی بەسەریداهات، قەتیش رۆژێك نەروخاو داوای وازهێنانی خەباتی لەکورەکانی نەکرد،چونکە ئەوخۆشی لەشۆڕشی ئەیلولدا لەگەڵ باوکم ئاشنای خەبات بووەو بەشداریشی تێداکردووە،هەرئەوەش بووە هۆی ئەوەی کەزیاتر خۆگربێت و وەك هەرشۆڕشگێڕی دیکە بەئەنجامە تاڵەکان رازی بووبێت و چاوەڕوانی ئەوجۆرە رووداوانەشی کردبێت.

# له یادەوەریدا

بوونی پزیشك لەخەباتی پارتیزانی و لەشۆڕشە چەکدارییەکاندا زۆر گرینگە،لەشۆڕشی سەختی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیشدا چەندین پزیشك و برینپێچ وکارمەندی تەندروستی هەبووکەسەرەڕای ئەرکەکانی خۆیان بەشداری شەڕو ئەرکە پێشمەرگایەتییەکانیشیان کردووە، شەهید دکتۆرهادی هەم وەك پزیشکێك لەناو پێشمەرگەدا،هەم وەك پێشمەرگەو فەرماندەیەکیش لەماوەی خەباتی شاخدا رۆڵی گرینگی گێڕا، هەرکەسێك بینیویەتی یا ناسیویەتی یاخود هەموو ئەو پێشمەرگانەی کەرۆژێك لەرۆژان دکتۆرهادییان بینیوە لەشەڕو لەنەبەردییەکاندا،ئیستاش لەیادەوەرییاندا ماوە کەئەو پێشمەرگە و دکتۆرە شەهیدە چەندە ئازایانە شەڕی کردووەو چەندەش دڵسۆزانە پێشمەرگەی زامدارو خەڵکی گوندەکانی تیمار کردووە.

# كورتەی ژیاننامەی

شەهید عبدالەادی صالح سعید ناسراوبە دکتۆرهادی،ساڵی ١٩٥٧ لەکەرکوك لەدایك بووە.قۆناغەکانی خوێندنی بەسەرکەوتوویی بڕیوەو دواجاریش پەیمانگای پزیشکی تەواوکرد،لەساڵی ١٩٨٠ دا پەیوەندی کرد بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە،ساڵی ١٩٨٢ لەتیپی ٢١ی کەرکوك بوو بەپێشمەرگە،پاشان بۆتە لیپرسراوی پزیشکی و فەرماندەی مەفرەزە لەهەردو تیپی ٢١ی کەرکوك و ٢٥ی خاڵخالاّن،شەهید دکتۆرهادی وەك چۆن لەبواری پزیشکیدا دڵسۆزوشارەزابووە، بەهەمان شێوەش لەبواری سەربازیدا بەشداری چەندین شەڕو نەبەردی پێشمەرگانەی کردووە و کەسێکی ئازاش بووە، بەداخەوە رۆژی ١٩٨٨/٣/٢٣ لەئەنجامی هێرشی کیمیایی فرۆکەکانی بەعس ،لەگوندی (شاناخسێ )ی شاربازێر لەگەڵ زیاتر لە پەنجا پێشمەرگەی دیکەدا شەهید بوون.

* رۆژنامەی کوردستانی نوێ

# دکتۆرهادی و کوڵانەوەی برینەکان

شەهیدبوونی دکتۆر هادی برام، زامی شەهیدبوونی باوکم و شەش ئەندامی خێزانەکەمی کوڵاندەوە کە ساڵێک پێش شەهیدبوونی ئەو، هەر حەوتیان لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە دەستگیرکران و تائێستا بێسەروشوێنن.

بۆیە بۆیە زامی دکتۆر هادی بوو بە زامێکیش لەسەر دڵی ئێمە، ئەوە زامێکیش سوێی کردە دڵی دایکمانەوە، ئەو دایکەی کە تا کۆچی دوایی کرد، هەر ئەنگاوتەی نەریەنەریدا ژیا، بەڵام ئەگەرچی جەرگسووتاو و داوسەر شەهیدبوو بۆ ژنێک سەخت، کەچی دایکم ئازایانە خۆیگرت لە هەموو ئەو کارەسات و ناخۆشیانەی بەسەریدا هات، تەنانەت ڕۆژێک نەیهێشت زاری وازهێنانی خەباتی لەکوڕەکانی بکات، چونکە ئەو خۆیشی لە شۆڕشی پێشوودا لەگەڵ باوکم ئاشنای خەبات و ڕەنج بەشداریشی تێداکردووە، هەر ئەوەش بووەهۆی ئەوەی کە زیاتر خۆگربێت و وەک هەر شۆڕشگێڕێکی دیکە، بە ئەنجامەکانی ڕازی بوو و چاوەڕوانی ئەوجۆرە ڕووداوانەشی کردبێت.

### لەیادەوەریدا

ڕۆڵی پزیشک لە خەباتی پارتیزانی و شۆڕشە چەکدارییەکاندا زۆرگرنگە، شۆڕشی سەختی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیشدا چەندین پزیشک و برینپێچ و کارمەندی تەندروستی هەبوو



شەهید دکتۆر هادی

لە بەسەرەوای ئەرکەکانی خۆیان، بەشداری شەڕو ئەرکە پێشمەرگانە نییەکانیشیان کردووە، شەهید دکتۆر هادی هەم وەک پزیشکێک لەناو پێشمەرگەدا، هەم وەک پێشمەرگەو فەرماندەیەکیش لەماوەی خەباتی شاخدا ڕۆڵی گرنگی گێڕا، هەرکەسێک بینیوبێتی یان ناسیوبێتی، باشترە هەموو ئەو پێشمەرگانەی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان دکتۆر هادییان بینیوە لە شەڕ و ئەبەریینەکاندا، ئێستاش لەیادەوەریاندا ماوە کە ئەو پێشمەرگەو دکتۆرە شەهیدە چەندە ئازایانە شەڕی کردووە، چەندەش دڵسۆزانە پێشمەرگەی زامدارو خەڵکی گوندەکانی تیمارکردووە.

### کورتەی ژیاننامەکەی

شەهید عەبدولهادی سالح سەعید ناسراو بە دکتۆر هادی، ساڵی ١٩٥٧ لە کەرکوک لەدایکبووە، قۆناغەکانی خوێندنی بە سەرکەوتوویی بڕیوەو دواجاریش پەیمانگای پزیشکی تەواو کرد.

لە ساڵی ١٩٨٠دا پەیوەندیکرد بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە، ساڵی ١٩٨٢ لە تیپی ٢١ی کەرکوک بوو بە پێشمەرگە، پاشان بۆتە لێپرسراوی پزیشکی و فەرماندەی مەفرەزە لە هەریەو تیپی ٢١ی کەرکوک و ٢٩ی خالخاڵان.

شەهید دکتۆر هادی وەک چۆن لە بواری پزیشکیدا دڵسۆزو شارەزابووە، بە هەمان شێوەش لە بواری سەربازیدا بەشداری چەندین شەڕو بەرەی پێشمەرگانەی کردووەو کەسێکی ئازاش بووە.

بەداخەوە، ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٢٢ لە ئەنجامی هێرشی کیمیایی فڕۆکەکانی بەعس، لە گوندی (شاناخسێ)ی شارباژێڕ لەگەڵ زیاتر لە پەنجا پێشمەرگەی دیکەدا شەهید بوون.

**صەباح سالح سەعید**

**برای شەهید**

# لەپێناوی (کەرکوك)دا خێزانێك شەهید دەبن

**شەهید بوون لە پێناوی رزگاری کوردوئازادی کوردستادا، ئەو پێناسەیەیە، تێکۆشەرانی(ی.ن.ك)لە پێناوی گەلدا، کردوویانەتەهێمایەك بۆمانەوە، ڕاستەزۆرخێزان هەیە چەند شەهیدێکیان بەخشیوە بەگەل و ولآت، ئەمە جێگەی شانازییە بۆئەو ڕێکخراوەی کەلە تواناێدابووە بەهۆی بیروباوەڕەبەرزو مەزنە کەیەوەکەسانێکی وا گۆش بکا خۆشەویست ترینکەرەسەی بوون کەژیانێتی بیبەخشێ بەگەلەکەی..**

کەرکوك وەك رەمزی مانەوەی مێژو و کەلتوور و جوگرافیای گەلێك قوربانی زۆری بۆدراوەو لەپێناو پاراستنی ناسنامەکەشیداهەزاران شەهیدی بۆ دراوە، چیرۆکی ژیانی هەریەکێك لەم شەهیدانە داستانێکە بۆ مێژووی کەلتووری شۆڕشگێڕانە،بەلآم ئەوەی لێرەدا دەیخەینەڕوو نموونەی بەرزی ئەو کەلتوورە شۆڕشگێڕییەیەکەزۆربەی خێزانێك شەرەفی شەهیدبوون لەپێناوی قودسی کورداندا بەدەست دێنن،ئەوخێزانە سەربەرزەی کەرکوکییان ماڵی شەهیدی نەمر(صالح سعید بایز)ە کەجگەلەخۆشی زۆربەی خێزانەکەشی لەپێناوی رزگارکردنی ئەم گەلەدا کردۆتە قوربانی.

- مام صالح سەربەرزانە لەرێگای سەرفرازیدا شەهید ئەبێت.
- عادل صالح سعید لەدایك بووی ساڵی ١٩٥٣
- مەهدی صالح سعید لەدایك بووی ساڵی ١٩٥٤
- هادی صالح سعید لەدایك بووی ساڵی ١٩٥٧
- عبدالوهاب صالح سعید لەدایك بووی ساڵی ١٩٦١

ـ صلاح صالح سعيد لەدايك بووی ساڵی ١٩٦٣

ـ رفيق صالح سعيد لەدايك بووی ساڵی ١٩٦٨

ـ سعدون صالح سعيد لەدايك بووی ساڵی ١٩٧٥

ـمحبوبەعوسمان عومەرهەشتەمين شەهيدی بنەماڵەكەيە.گەڕەكی رەحيماوا شاهيدی سەربەرزی ئەو خێزانەيە،شاهيدی دڕندايەتی ديكتاتۆرەكانە كەسوورن لەسەر داگيركردنی كەركوك و قەتڵ وعام كردنی خەڵكە تێكۆشەرەكەی. لەساڵی ١٩٨٧دا هێزەكانی يەكێتی نيشتمانی كوردستان چەندين چالاكی جۆراوجۆرين لەنێوشاردا ئەنجامدا، لەبەرانبەريشدا رژێم بەهەمووجۆرێك سياسەتی سەركوتكردن و كوشتن و ڕاوەدوونانی لەم شارەدا پيادە دەكرد،هەر لەم ساڵەدا رۆژێكيان لەگەڕەكی رەحيماوا نارنجۆكێك لەنێو سەيارەيەكی ئەمنی ڕژێم دەتەقێتەوەو بەهۆيەوە شالأوی گرتن دەستی پێكرد،رفيق صالح سعيد يەكێك بوولەم گيراوانە كەدواتر ئەم چالاكييەيان خستە پاڵ ئەو بۆيە هێزەكانی(عەلی حەسەن مەجيد)دەوری دوورۆژ بەبێ ئەوەی هيچ لێكۆلينەوەيەك لەگەڵ شەهيد رفيق بكەن،لەپێش چاوی زياتر لە (٧٠٠٠)كەس بۆچاوترساندنی خەڵكی قارەمای كەركوك رەفيقيان گوللەباران كرد.

لێرەدا پێويستەئەوەش بوترێت كەهەر لەوكاتەدا كە شەهيد رەفيق دەستگيركرا رژێم مام ساڵح و مەهدی و سەعدونی دەستگيركرد،ئەوانيش بەشێوازە دڕندانەكەی رژێم شەهيدكران و ئەمنی رژێم چەندجارێك هەواڵی نەمانيانی ڕاگەياندووە،لێرەدا پێويستە ئاماژە بەوە بكەين كە ئەو بنەماڵەيە لەساڵی ١٩٨٠ دا رێبازی يەكێتی نيشتمانی كوردستانيان هەڵبژاردووە بۆخەباتكردن لەريزەكانيدا،هەربۆيە دەبينين دكتۆرهادی ساڵح

سەعیدی برایان ماوەیەکی زۆر لە ریزەکانی رێکخستنە نهێنی یەکانی یەکێتی کاری دەکرد و لە ساڵی ١٩٨٢دا چەکی پێشمەرگایەتی لەشان کرد ولەساڵی ١٩٨٨دا لەکاتی کشانەوەی سەرکردایەتی(ی.ن.ك) بۆسەرسنوورلەگوندی (شاناخسیێ)دکتۆرهادی بەرچەکی کۆکوژی کیمیاوی کەوت وشەهیدبوو.

بەمەش ماڵی شەهید مام ساڵح سەعید بەدایکیشیان ڕا بووە نۆ شەهید..

ئەم خێزانە شەهیدە بەهۆی خۆشەویستییان لەنێویەکێتی نیشتمانی کوردستان وخەڵك دا لەدوای ڕاپەڕین لەشاری هەولێر مام جەلال پەردەی لەسەروێنەی شەهید دکتۆرهادی ساڵح لاداو وتەیەکی پێشکەش کردو تێیدا باسی گەورەیی شەهیدەکانی کردو باسی ئەندامانی ئەوخێزانە قارەمانەی کرد لەخەبات و تێکۆشاندا،دیارە شەهیدبوونی ئەم خێزانەش نموونەیەکی زیندووی دەیان و سەدان خێزانی تری کوردەکەچۆن لەشۆڕشی نوێدا سەرو ماڵ و گیانیان پێشکەشی یەکێتی نیشتمانی کوردستان وکوردوکوردایەتی کردووە.لێرەدا پێویستە ئەوەیش بڵێن کەلەم خێزانەدا تەنیا کاك چەتۆ ساڵ سەعیدو برایەکی ماوە.. کەلەساڵی ١٩٨٥ وە بۆتەوە پێشمەرگەو ئێستا بەڕێوەبەری ئاسایشی رانیە یە.

هەزاران سلاولەگیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی ماڵی مام ساڵح وهەموو شەهیدانی کوردستان.


5 کاروباری ناوخۆ

کوردستانی نوێ

ساڵی نۆیەم - ژمارە (٢١٣٩) یەك شەممە ٢٠٠٠/٥/٧
NO.2139 Sunday 7/5/2000

# لەپێناوی (کەرکوك)دا خێزانێك شەهید دەبن

**شەهیدبوون لە پێناوی رزگاری کوردو ئازادی کوردستاندا، ئەو پێناسەیە، تێکۆشەرانی ی.ن.ك لە پێناوی گەلدا، گردوبانەلە هێمایەك بۆ ماندوە، راستە زۆر خێزان هەیە چەند شەهیدێکیان بەخشیوە بەگەل و وڵات، ئەمە جێگەی شانازی یە بۆ ئەو رێکخراوەی کە لەتوانایدا بوە بەهۆی بیروباوەرە بەرزو مەزنەکەیەوە کەسانێکی واگۆش بکا خۆشەویسترین کەرەسەی بوون کە ژیانێتی بەخشێ بەگەلەکەی.**


شەهید مەهدی ساڵح سەعید


شەهید مەحبوبە عوسمان عومەر


شەهید رەفیق ساڵح سەعید


شەهید سەلاح ساڵح سەعید


شەهید عەبدولوەهاب ساڵح سەعید


شەهید سەعدون ساڵح سەعید



کەرکوك وەك رەمزی ماسەوەی مێژوو کەلتورو جوگرافیای گەڵێك، قوربانی زۆری بۆ دراوەو لەپێناو پاراستنی ناسنامەکەشیدا هەزاران شەهیدی بۆ دراوە، چیرۆکی ژیانی هەر یەکێك لەم شەهیدانە داستانێکە بۆ مێژووی کەلتوری شۆرشگێرانە، بەلام لەوی لێرەدا دەیخەینە روو نمونەی بەرزی ئەو کەلتورە شۆرشگێرییە کە زۆربەی خێزانێك شەرەفی شەهیدبوون لەپێناوی قودسی کوردانیدا بۆخۆیان وەدەست دێنن. ئەو خێزانە سەربەرزەی کەرکوکیان ماڵی شەهیدی ئەمر (ساڵح سەعید بابزە) کە جگە لەخۆشی زۆربەی خێزانەکەشی لەپێناوی رزگارکردنی ئەم گەلەدا کردوتە قوربانی.

«ماء ساڵح سەربەرزانە لەریگەی سەرفرازیدا شەهید لەبێت

«عادل ساڵح سەعید لەدایك بوی ساڵی ١٩٥٣

«مەهدی ساڵح سەعید لەدایك بوی ساڵی ١٩٥٤

«دکتۆر هادی ساڵح سەعید لەدایك بوی ١٩٥٧

«عەبدولوەهاب ساڵح سەعید لەدایك بوی ساڵی ١٩٦١

«سەلاح ساڵح سەعید لەدایك بوی ساڵی ١٩٦٣

«رەفیق ساڵح سەعید لەدایك بوی ساڵی ١٩٦٨

«سەعدون ساڵح سەعید لەدایك بوی ساڵی ١٩٧٢

«مەحبوبە عوسمان عومەر هاوسەری شەهیدی بنەماڵەکەیانە

گەورەکی رەحیم ئاوا شاهیدی سەربەرزی ئەو خێزانەیە شاهیدی دڕندایەتی دیکتاتۆرەکانە کەسورن لەسەر داگیرکردنی کەرکوك و قەتڵ و عام کردنی خەڵکە تێکۆشەرەکەی، لەساڵی ١٩٨٧دا هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان چەندین چالاکی جۆر بەجۆریان لەنێو شاردا ئەنجامدا، لەبەرامبەریشدا رژێم بەهەموو جۆرێك، سیاسەتی سەرکوت کردنو کوشتن و راوەدونانی لەم شارەدا پیادە دەکرد، هەر لەم ساڵەدا رۆژێکیان لەگەڕەکی رەحیم ئاوا ئارەزووکێك لەنێو سەیارەیەکی ئەمنی رژێم دەتەقێتەوەو بەهۆیەوە شاڵاوی گرتن دەستی پێ کرد، رەفیق ساڵح سەعید یەکێك بوو لەم گیراوانە کەدواتر لەم چالاکیەیان خستە پاڵ ئەو، بۆیە هێزەکانی (عەلی حەسەن مەجید) دەوری دوو رۆژ بەبێ ئەوەی هیچ ئیکۆشینەوەیەك لەگەڵ شەهید رەفیق بکەن تەنیش چاوی زیاتر لە (٧٠٠٠) کەس بۆ چاوترساندنی خەڵکی ئازادیخوازی کەرکوك رەفیق-یان گوللە باران کرد، لێرەدا پێویستە ئەوەش بوترێت کەهەر لەو کاتەدا کە شەهید رەفیق دەستگیرکرا رژێم مام ساڵح و مەهدی و سەعدونی دەستگیرکرد ئەوانیش بە شێوازە دڕندانەکەی رژێم شەهید کران و ئەمنی رژێم چەند جارێك هەواڵی ئەمانیانی راگەیاندوە، لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە لەو بنەماڵەیەدا لەساڵی ١٩٨٠دا رێبازی یەکێتی نیشتمانی کوردستانیان هەڵبژاردووە بۆ خەبات کردن لەریزەکانیدا، هەر بۆیە دەبینین دکتۆر هادی ساڵح سەعیدی برایان ماوەیەکی زۆر لەریزەکانی رێکخستنە نهێنیەکانی یەکێتی کاری دەکردو لەساڵی ١٩٨٢دا چەکی پێشمەرگایەتی لەشان کردو لەساڵی ١٩٨٨دا لەکاتی کشانەوەی سەرکردایەتی (ی.ن.ك) بۆ سەر سنور، لەگوندی (شاناخسی) دکتۆر هادی بەر چەکی کۆکوژی کیمیاوی کەوت شەهید بوو، بەمەش ماڵی شەهید مام ساڵح سەعید بەوایکیشیان را بوو، لە شەهید. لەم خێزانە شەهیدە بەهۆی خۆشەویستیان لەنێو یەکێتی نیشتمانی کوردستان و خەڵکدا لەدوای راپەرین لەشاری هەولێر مام جەلال پەردەی لەسەر وێنەی شەهید دکتۆر هادی ساڵح لاداو وتەیەکی پێشکەش کردو تێیدا باسی گەورەیی شەهیدەکانی کردو باسی لەندامانی ئەو خێزانە قارەمانەی کرد لەخەبات و تێکۆشاندا، دیارە شەهید بوونی ئەم خێزانەش نمونەیەکی زیندوی دەیان و سەدان خێزانی تری کوردە کە چۆن لەشۆڕشی نوێدا سەرو ماڵ و گیانیان پێشکەشی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و کوردو کوردایەتی کردووە، لێرەدا پێویستە ئەوەیش بڵێین کەلەم خێزانەدا تەنها کاك چەتۆ ساڵح سەعیدو برایەکی ماوە کەلەساڵی ١٩٨٥ەوە بۆتە پێشمەرگەو ئێستا بەرپرسی ئاسایشی رانیەیە، هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی ماڵی مام ساڵح سەعیدو هەموو شەهیدانی کوردستان.


شەهید ساڵح سەعید

**لەیادی شەهیدکردنی رێبازی فەرماندەدا!**

## دوای ئەنفال کێ لێرە بوو؟

17 | سەروەران | ساڵی بیستەم - ژمارە ( 5460 ) هەینی ( 22 / 4 / 2011 ) | کوردستانی نوێ

# چیرۆکی شەهیدبوونی خێزانێک

ئەگەرچی لەسەردەمی داگیرکارکاریدا، هەموو رۆژو مانگ و ساڵەکان بۆ ئێمەش و تەواوی خەڵکی کوردستان ساتەکانی گوشینی رۆح و هەناسەسواری و دڵەراوکێو کوشتنی ژیان بوو، بەڵام مانگی نیسانی ساڵی 1987 بۆ ئێمەی بنەماڵەی مام ساڵح سەعیدی دانیشتووی شاری کەرکوک لەوکاتەدا، مانگی لەهێشتنی خێزانەکە قەرەباڵغەکەمان بوو، مانگی پێچەوانەکردنەوەی ژیانی تاکەکانی خێزانەکەمان بوو بەرامبەر بەمەرگ. لەوکاتە کاتی کوشتنی هەمووەمان بوو باوکم و شەش برام شەهید کران، ئەو یەک دوانەی دیکەی ئەندامانی خێزانەکەشمان کەمابوونەوە یان پێشمەرگە یان ئاوارەو پەراگەندەو بێ ئەوار مەئوا بوون.



## سەرەتای کارەساتێک

رۆژی 1987/4/10 دەستەیەک لەرێکخستنەکانی شاری کەرکوک لەگەڕەکی رەحیماوا تاریجۆکێک فڕێدەدەنە ناو ئوتۆمبیلێکی پیاوانی رژێمەوە لەئەنجامدا دوو ئەمنی تێدا دەکوژرێت، رژێمیش 200 کەس دەستگیر دەکات و لەوکاتەشدا یەکێک لەبراکانم کەناری (رەفیق) بوو ئەندامی رێکخستنەکانی ی.ن.ک، و هاوکاتیش خوێندکاری ئامادەیی پیشەسازی بوو، یەکێک دەبێت لەدەستگیرکراوەکان، هەمان رۆژ باوکم و هەرلەومانگەشدا براکانی دیکەم دەستگیرکران.

دواتر رۆژی 1987/4/23 لەگەڕەکی رەحیماوا، بەئامادەبوونی عەلی حەسەن مەجیدی تاوانبارو بەرپرسانی دیکەی بەعس، رەفیقی ئەمن 19 ساڵ بەبەر چاوی باوکی و هەرپێنج براکەی و هەزاران خەڵکی ئەوشارە کەبەزۆر کۆکرابوونەوە، گوللەباران دەکرێت. هەمان رۆژیش باوکم و براکانی دیکەم شوێنبزرکران و کەس نەیزانی چۆن شەهید کراون. بەڵام دوای پرۆسەی ئازادی عێراق بەپێی هەندێک بەڵگەنامەی دەزگاکانی بەعس، ئەوانیش وەک رەفیقی جوانەمەرگ گوللە باران کراون.

پاشان مانگێش دوای شەهیدو شوێنبزر کردنی ئەوان، دکتۆر هادی برام کەپێشمەرگەبوو لەرۆژی 1988/3/23 لەشاناخسێی شارباژێر بەچەکی کیمیایی رژێمی بەعس شەهیدکرا.

## شەهید مام ساڵح

شەهید ساڵح سەعید پایز، ساڵی 1932 لەگوندی إمزرد خوارەوەی بنیاری خاڵخاڵان لەدایکبووەو ساڵی 1954 چۆتە شاری کەرکوک، ساڵی 1969 بۆتە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول بووە بەسەر لق لەهێزی کاوەو دووجاریش بریندار کراوە.

ساڵانی 1975- 1979 ئاوارەی ئێران بووەو دوای گەڕانەوەی بۆعێراق راگوێزراوە بۆ شارەکانی دیالە و بەعقوبە، دواتر بەڵێبوردنی گشتی گەڕاوەتەوە کەرکوک و ساڵی 1984 پەیوەندی کردووە بە رێکخستنەکانی ی.ن.ک ەوە، چەندین ئەرکی گرنگی رێکخستنی ئەنجامداوەو بەهۆی گومانی پیاوانی رژێمەوە دووجار لەلایەن ئەمنی کەرکوکەوە بانگکراوەو لێپرسینەوەی لەگەڵدا کراوە.

## شەهید عادل

شەهید عادل ساڵح سەعید، ساڵی 1952 لە کەرکوک لەدایکبووەو ئاپۆلی شەشەمی ئامادەیی خوێندووە، ساڵی 1985 بۆتە شۆفێری پاس لەهێڵی کەرکوک-سلێمانی، دوای گیرانی رەفیقی برای، ئەویش لەگەڵ هاوسەرو تاقە کچەکەی لەلایەن ئەمنی کەرکوکەوە دەستگیرکران، دوای 3 مانگ هاوسەرو کچەکەی ئازاد کران، بەڵام بۆخۆی لەگەڵ باوک و براکانی شەهید کران.

## شەهید مەهدی

شەهید مەهدی ساڵح سەعید، ساڵی 1954 لە کەرکوک چاوی بۆ ژین هەڵهێناوە، دوای تەواوکردنی پەیمانگەی مامۆستایانی دهۆک، ساڵی 1985 لەگوندی بەرواری باڵا بەمامۆستا دامەزراوە، لەسەرەتای دامەزراندنی (ی.ن.ک) پەیوەندی کردووە بەکۆمیتەی لاگرەوەو بەشداری چەندین کاری لەهێنی و رێکخستنی کردووە.

## شەهید عەبدولوەهاب

شەهید عەبدولوەهاب ساڵح سەعید، ساڵی 1962 لەکەرکوک لەدایکبووە، ساڵی 1982 لەفەرمانگەی دروستکردنی (پاڵەخانەی نیشتەجێبوون) بەئەندازیار دامەزراوە، هەمان ساڵ لەرێگەی دکتۆرهادی برای پەیوەندی بەرێکخستنەکانی ی.ن.ک) وە کردووەو و لەخۆپیشاندانەکانی ئەو ساڵەدا رۆڵی بەرچاوی هەبووە، دووجاریش لەلایەن رژێمەوە دەستگیرکراوە، بەڵام زیرەکانە ئوالیبویەتی خۆی لەتۆمەتەکان بێبەری پکات و ئازاد کراوە، ئەگەرچی شەهید هەرلەمنداڵییەوە کەمئەندام بوو، بەڵام رژێم ئەوحاڵەتەی رەچاو نەکردو شەهیدیکرد.

## شەهید سەلاحەدین

شەهید سەلاحەدین ساڵح سەعید، ساڵی 1963 لەکەرکوک لەدایکبووە، ئاپۆلی سێی ئامادەیی خوێندووەو دەستیکردووە بەکاسبیکردن، کاتێک ناوی بۆسەربازی هاتۆتەوە بۆئەوەی کەس و کاری تووشی گێچەڵی بەعس نەبن بۆتە سەرباز، ئەنجامدا لەوکاتەی لەگەڵ باوک و براکانی دەستگیر شەهید کرا، ئەو بەمۆڵەت لەسەربازی هاتبوو.

## شەهید سەعدون

شەهید سەعدون ساڵح سەعید، ساڵی 1975 لەسەردەمی ئاوارەیی و لەخۆرهەڵاتی کوردستان چاوی بەژین هەڵهێناوەو ئاپۆلی یەکەمی ئامادەیی خوێندووە، ئەویش لەگەڵ ئەندامانی دیکەی خێزانەکەمان لەنیسانی 1987 دەستگیرو شەهیدکرا.

## شەهید رەفیق

شەهید رەفیق ساڵح سەعید، ساڵی 1968 لەدایکبووە، قۆناغەکانی خوێندنی بەسەرکەوتووی بڕیوە لەوکاتەی شەهیدکرا لەدواساڵی قۆناغی ئامادەیی پیشەسازی بوو، لەرێگەی دکتۆر هادی برایەوە پەیوەندی بەرێکخستنەکانەوە کردووە، چەندین جار لەلایەن لێپێچراوی ئەمنی سەر بەرژێمەوە لێپرسینەوەی لەگەڵدا کراوە، ئەویش زیرەکانە خۆی لەداوەکانیان دەرباز کردووە، تالەدراجاردا لەبەر چاوی باوک و براکانی لە23/4/1987 گوللەباران کرا.

## شەهید هادی

شەهید عەبدولهادی ساڵح سەعید ناسراو بەدکتۆر هادی، ساڵی 1957 لەکەرکوک لەدایکبووەو دەرچووی پەیمانگەی پزیشکییە، ساڵی 1980 پەیوەندی بەرێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، ساڵی 1982 لەتیپی 21ی کەرکوک بۆتە پێشمەرگە، پاشان بۆتە لێپرسراوی پزیشکی و فەرماندەی مەفرەزە لەحەسەرەدوو تیپی 21ی کەرکوک و 25ی خاڵخاڵان.

رۆژی 1988/3/23 لەئەنجامی هێرشی کیمیایی فڕۆکەکانی بەعس، لەشاناخسێی شارباژێر لەگەڵ زیاتر لەپەنجا پێشمەرگەی دیکەدا شەهید بوون.

## کۆچێک لەدەربەدەریدا

مەحبوبە عوسمان، ساڵی 1937 لەکەرکوک لەدایکبووە، ئەندامی رێکخستنەکانی ئاوشارو گوندەکان بووە، سەرباری ئەوەی شانبەشانی هاوسەرەکەی پێشمەرگەی شاخ بووە، هاندەرو ژیلەمۆی خەباتی رۆڵەکانیشی بووەو بێ جاربە خێزانەوە ئاوارەبووە، ساڵی 1987 دوای دەستگیرکردن و شەهیدکردنی هاوسەرو شەش کوڕەکەی، خۆی گەیاندۆتە گوندی مزرەخوارەوە بۆلای هەردوو کوڕەکەی دیکەی (دکتۆرهادی و چنۆ) کەئەوکات پێشمەرگەی تیپی 21ی کەرکوک بوون.

بەداخەوە ساڵی 1994 کۆچی دوایی کردو شاری هەولێر بووە دوا ئارامگەی.

سەباح ساڵح سەعید

# دایکم، دایکی شەهیدان

سەباح سالح

زۆر ژن هەیە کەمتر لەپیاوانیان نەکردووە، ئەگەر هاوسەرو کوڕەکانیان کارێکی شۆڕشگێڕی و نیشتمانیان ئەنجام دابێت، ئەوا دواجار دایکیان یان هاوسەرەکەی باجەکەی داوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانە زیاتر هانی کەس و کارەکەی داوە بۆ بەردەوام بوون لەسەر ئەرکە نیشتمانی و نەتەوەییەکان.

لەوبارەیەوە مافی خۆیەتی باسێک لەدایکم بکەم و بڵێم: ئەو یەکێک بوو لەژنە مەینەتبارەکانی کوردستان، بەهۆی بەشداریکردنی لەخەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کورد دا قوربانی زۆری داوە.

دایکم، واتا مەحبوبە عوسمان عومەر، ژنە پێشمەرگەیەکە، خۆی پێشمەرگەیە، ئاوارەی خەباتی کوردایەتییە، حەوت کوڕو هاوسەرەکەی شەهید کراون، هەر بەناهی شەهیدەکانیشیەوە سەری نایەوە.

سالی ١٩٣٧ لەکەرکوک لەدایکبووە، لەکۆتایی سالانی چلەکاندا لەگەڵ باوکم (شەهید سالح سەعید) چۆتە ژیانی هاوسەرییەوە.

باوکم پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول و سەرلق بوو لەهێزی کاوە، دواتریش چۆتە ڕێکخستنەکانی ی.ن.ک. ئیدی براکانیشم یان ڕێکخستن بوون یان پێشمەرگە، هەموو ئەوانەش وایکردووە دایکم بەردەوام هاودەمی پێشمەرگەو ژیانێکی پچڕ پچڕی هەبێت.

بەردەوام وەک تەتەرێکی ڕێکخستنەکانی ناوشار و گوندەکان کاری کردووە، لەژیانیدا سێجار بەخێزانەوە ئاوارەبووە.

سالی ١٩٨٧ لەکەرکوک باوکم و شەش برام شەهیدو شوێن بزرکران، فەرمانی گرتنیش بۆدایکم دەرچووە، ئەویش بەناچاری شاری بەجێهێشت و چووە گوندی (مۆرەخواردەی خوارو) بۆلای دوو براکەی دیکەم (دکتۆرهادی و چەتۆ) کە ئەوکات پێشمەرگەی تیپی ٢١ ی کەرکوک بوون.

بەڵام وەک ئەوەی دەبێت چارەنووسی دایکم بڕبێت لەهەواڵی جەرگبڕ، هەواڵێک لەشارباژێڕەوە خۆی کرد بەماڵە هەژارەکەماندا و برینەکانی دایکمی سەرلەنوێ کولاندەوە.

هەواڵەکە دەڵێت: ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٢٣ دکتۆر هادی بەهێرشی کیمیایی فڕۆکەکانی بەعس لەگوندی شاناخسێ، شەهید کرا.

قۆناغی ئەنفال ناڕاپەڕین، سوڕێکی دیکەی ژیانی سەختی دایکم بوو، هەرۆژەو لەشوێنێک بووین، فەرمانی گرتنمان بۆدەرچوو، لەلای خێرخوازان و نیشتمان پەروەران پەنادراین تالەچەخماخەی ڕاپەڕیندا ئاهێک بەبەر جەستەی شەکەتی دایکمدا هاتەوەو بەرهەمی خەباتی خۆی و شەهیدەکانی، بینی.

بەداخەوە، ئەوژنە ماوەیەکی کەم لەئازادی کوردستاندا ژیا، ڕۆژی ١٩٩٤/١/٩ لەرانیە کۆچی دوایی کردو دواتر تەرمەکەی لەهەولێر بەخاک سپێردرا.



مەحبوبە عوسمان

وێنە و مێژوو



فەرماندەی کۆچکردوو قادر خەبات و پۆلێک پێشمەرگە- بناری قەندیل



کسپەیەک لەکەرکوکەوە

# لەیادی پۆلێک شەهیدی خێزانێکدا

کوردستانی نوێ : کسپەیەک لە کەرکوکەوە



## بەرێز مام جەلال
## سکرتێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان
## پەردە لەسەر وێنەی شەهید دکتۆرهادی هەڵدەداتەوە

سەرلەبەیانی رۆژی شەممە ١٩٩٢/٢/١٥ لە پاڵ قەڵاخۆڕاگرەکەی شاری هەولێری قارەمان بەئامادەبوونی هەڤاڵی هێژا بەڕێز مام جەلال هەروەها بەئامادەبوونی چەندین سەرکردەی سیاسی و پێشمەرگایەتی ودەزگاکانی راگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و جەماوەرێکی زۆری شاری هەولێر،پەردەلەسەر وێنەی شەهید دکتۆر هادی صالح سعید هەڵدرایەوە، لەم بۆنەپیرۆزەدا ،بەڕێزمام جەلال وتەیەکی بە نرخی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد،لە وتەکەیدا ووتی:

ئەمڕۆش لەیادی قارەمانێکی دیکەی گەلەکەماندا کۆدەبینەوە"ئەویش لەیادی شەهیدی نەمر کاکە دکتۆر(هادی صالح)ە کەلە بنەماڵیەکی شەهید و شۆڕشگێڕە،کاکە دکتۆر خۆی و برایەکی شەهیدی رێگای ئازادی و دیموکراسین،باوکی لەگەڵ پێنج برای دیکەشی لەزیندانەکانی رژێمی فاشی

شون بزر کراون..بۆیه دەکرێ یەکێتییەکەتان یەکێتی نیشتمانی کوردستان ناوی بنرێ رێکخراوی شەهیدان، چونکە لەسەرەتای دامەزراندنیەوە ئەم رێگایەی هەڵبژاردووە،کەبێگومان رێگەکەی بە خوێنی دەیان و دەیان قارەمان و شەهیدی وەکو کاکە دکتۆرهادی رووناك دەبێتەوە... بۆیە دەڵێین : یاسەرکەوتن – یا تامردن درێژە بەخەباتی خۆمان دەدەین..!

هەر ئەم رێبازەش چاکترین رێگەیە بۆگەیشتن بەو ئامانجەی کەرۆژێك بێت،کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان،خۆیان حوکمڕانی خۆیان بکەن.ئەویش بەسووربوون لەسەر پاراستنی هەرسێ یەکێتی یەکە:

(یەکێتی ریزەکانی گەل،یەکێتی بەرەی کوردستانی،یەکێتی نیشتمانی کوردستان)

هەربەم بۆنەشەوەحەزدەکەم پیرۆزبایی سەرکەوتنی کۆنگرەی گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان تان لێ بکەم و پێتان رابگەیەنم کەوا کۆنگرە بەروویەکی گەش و بەناوێکی نوێ و پەیڕەوێکی نوێ و سەرکردایەتییەکی نوێ کۆتایی پێ هات و یەکێتی یەکەتان بە بیروباوڕێکی نوێ تر هاتەوە کۆڕی خەبات و تێکۆشان،ئەویش بە هاوکاری وەاوبەشی تێکۆشەرەکۆن و نوێیەکانی،هەروەکو لەسەرەتا چۆن لە رۆژانی هەرەس ودیکتاتۆریەت هاتەوە مەیدانی خەبات و قوربانی دان، تائەمڕۆکە بەشێکی زۆری خاکی کوردستانی رزگارکراو و پتر لە(٢) ملیۆن خەڵکی کوردستان رزگارکراون.

بۆیەش بەڵێن بۆگیانی پاکی شەهیدد.هادی وەەمووشەهیدانی رێگای ئازادی و دیموکراسی گەلەکەمان تازەدەکەینەوە،کەوا سوورین لەسەررێبازە پیرۆزەکەی ئەوان و ناهێڵین خوێنی گەشی ئەوان بەفیڕۆ بڕوات،چاکترین شێوەی خەباتی ئیستاشمان ماوەیەکی دی،کۆمەڵانی

خەڵکی کوردستان هەوڵی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان دەدەن.

بۆیە بێگومان هەموولایەك هەوڵ دەدەن،نوێنەرانی خۆیان بنێرنە ئەم ئەنجومەنە،بۆ هاوبەشی لە حوکمڕانی کوردستان،ئەویش لەوەدا دەبێ،بەرەو ئاسۆی دیموکراسی ورزگاری بێت..دەبا گیانی هەمووشەهیدان بەشەهید کاکە(دکتۆرهادی)شەوە لەبەهەشتی شادی و نەمریدا شادبن. هیوادارم ئەم ساڵیش.ساڵی وەدی هاتنی ئاوات وئامانجە پیرۆزەکانمان بێت، پاشان سوپاس و ستایشی ئەم بنەماڵە نیشتمانپەروەرو بە کۆمەڵ شەهیدەی کرد.

ئینجا لەلایەن دوا ڕۆڵەی(٧)براوباوکێك لەم خێزانە مەزنە وە،ووتارێك بەناوی بنەماڵەی شەهیدان خوێندرایەوە،ئەویش دوا ڕۆڵەی پێشمەرگە،کاك (چەتۆ صالح)بوو،کەزۆربەشانازی وشەرەفەوە رایگەیاندو،ووتی(منیش دەبێ ڕۆڵەی ئەم خێزانە شەهیدەبم،تادوا دڵۆپی خوێن هەردەبێ ڕێبواری ڕێگای ئازادی و دیموکراسی بم ولەسەر هەمان ڕێبازی پیرۆزی ئەوان بەڵێن نوێ دەکەمەوە.

---

* ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ

# بەڕێز مام جەلال سکرتێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان پەردە لەسەر وێنەی شەهید، دکتۆر هادی صالح دەلادەداتەوە.



سەر لەبەیانی رۆژی شەممە- رێکەوتی ١٥/٢/٩٩٢ لەبناری قەڵاخۆ راگرەکەی شاری هەولێری قارەمان - بە ئامادەبوونی هەڤاڵ هێژا- بەڕێز مام جەلال هەروەها بە ئامادەبوونی چەندین سەرکردەی سیاسیو پێشمەرگایەتیو دەزگاکانی راگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان وجەماوەرێکی زۆری شاری هەولێر، پەردە لەسەر وێنەی شەهید/دکتۆر هادی صالح/ هەڵدرایەوە، لەم بۆنە پیرۆزەدا، بەڕێز مام جەلال ووتەیەکی بەنرخی پێشکەش بە ئامادە بووان کا...

ووتی:

**ئەمڕۆش لەیادی قارەمانێکی دیکەی گەلەکەماندا کۆدەبینەوە؟ ئەویش لە یادی شەهیدی نەمر کاکە دکتۆر(هادی صالح)ە کە لە بنەماڵەیەکی شەهیدو شۆڕشگێرە، کاکە دکتۆر خۆی و برایەکی شەهیدی ڕێگای ئازادیو دیموکراسین، باوکی لەگەڵ پێنج برای دیکەشی لە زیندانەکانی رژێمی فاشی شوێن بزر کراون؟!**

بۆیە دەکرێ.. یەکێتییەکەتان، یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ناوی بنرێ، رێکخراوە... ...ێکە هەرچ...

سەرەتای دامەزراندنیەوە ئەم رێگایەی هەڵبژاردوە، کە بێگومان رێگەکەی بەخوێنی دەیان و دەیان قارەمان و شەهیدی وەکو کاکە دکتۆر هادی رووناک دەبێتەوە....

بۆیە دەڵێین: یا سەرکەوتن -! یا تامردن درێژە بەخەباتی خۆمان دەدەین ..!

هەر ئەم رێبازەش، چاکترین رێگەیە، بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی کە رۆژێ ئ بێت، کۆمەلانی خەڵکی کوردستان، خۆیان حوکمڕانی ووڵاتی خۆیان بکەن.

ئەویش بە سوور بوون لەسەر پاراستنی ... ...یەکێتییەکە:

(یەکێتی ریزەکانی گەل، یەکێتی بەرەی کوردستانی، یەکێتی نیشتمانی کوردستان)

«هەر بەم بۆنەشەوە، حەز دەکەم پیرۆزبایی سەرکەوتنی کۆنگرەی گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانتان لێ بکەم و پێتان رابگەیەنم کەوا، کۆنگرە، بەرووبەیەکی گەش و بەناوێکی نوێو پەیرەوێکی نوێ سەرکردایەتیەکی بێ هات ویەکێتییەکەتان بە بیروباوەرێکی نوێ تر هاتەوە کۆڕی خەبات و تێکۆشان، ئەویش بە هاوکاریو هاوبەشی تێکۆشەرە کۆن و نوێیەکانی، هەروەکو لەسەرەتا ...ێ لە

رۆژانی هەرەس و دکتاتۆریەت هاتەوە مەیدانی خەبات و قوربانی دان، تا ئەمڕۆکە بەشێکی زۆری خاکی کوردستان رزگار کراو پتر لە (٣) ملیۆن خەڵکی کوردستان رزگار کراون.

بۆیەش بەڵێن بۆ گیانی پاکی شەهید د. هادی و هەموو شەهیدانی رێگای ئازادیو دیموکراسی گەلەکەمان تازە دەکەینەوە، کەوا سوورین لەسەر رێبازە پیرۆزەکەی ئەوان و ناهێڵین خوێنی گەشی ئەوان بەفیڕۆ بڕوات چاکترین شێوەی خەباتی ئێستاشمان، ماوەیەکی دی، کۆمەلانی خەڵکی کوردستان هەوڵی هەڵبژاردنی، ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان دەدەن، بۆیە بێگومان هەموو لایەک هەوڵ دەدەن، نوێنەرانی خۆیان بنێرنە ئەم ئەنجوومەنە، بۆ هاوبەشی لە حوکمڕانی کوردستان، ئەویش لەوەدا دەبێ، بەرەو ئاسۆی دیموکراسیو رزگاری بێت ..

دەباگیانی هەموو شەهیدان بەشەهید کاکە (دکتۆر هادی)شەوە لە بەهەشتی شادی و نەمریدا شادبن .. هیوادارم ئەم سالیش .. سالی وەدی هاتنی ئاوات و ئامانجە پیرۆزەکانمان بێت.

پاشان سوپاس و ستایشی ئەم بنەماڵە نیشتمانپە... و بە کۆمەڵ شەهیدەی کرد.



ئینجا لەلایەن دوا رۆڵەی (٧) براو باوکێک لەم خێزانە مەزنە ووتارێک بەناوی بنەماڵەی شەهید خوێنرایەوە ئەویش دوارۆڵەی قارەمان و پێشمەرگە، کاک (چەتۆ صالح) بوو، کەزۆر بەشانازیو شەرەفەوە رایگەیاندی ووتی «منیش دەبێ رۆڵەی ئەم خێزانە شەهیدەبم، تا دوا دڵۆپی خوێن هەردەبێ رێبواری رێگەی ئازادی و دیموکراسی بم و لەسەر هەمان رێبازی پیرۆزی ئەوان بەڵێن نو... دەکەمەوە...

## لەنزیکەوە

**یاسین قادر بەرزنجی**

ئاخۆ ئەم تراژیدیایە نلبیتە کەرستەی گەورەترین فیلمی کوردی ؟

لەکەرکوکی بریندارو ناوەرۆك وسیما شێوێندراودا،سەدان و هەزاران مەرگەسات بوو نەتە مێژوو، تائەمرۆ کورد بەدەست یەك بەیەکی تراژیدیای نێو خاك و شوێنە داگیرکراو و راگوێزراو و ئەنفالکراوەکانی دەناڵێنێت،بەتایبەت کەرکوك، کەڕەنگ وڕووی میللەتێکی بەشخوراو و نیشتمانێکی داگیرکراو وجەرگ سووتاوە،یەك لەوتراژیدیا گەورانە بەسەرخێزانێکدا هاتووەو بووەتە کۆستی بنەماڵەیەك، کەلەم لاپەڕەیەدا هاوکارم (فاروق جمیل)بەدرێژی سەربوردەی فیداکاری فیداکاری ئەو خێزانەی گێڕاوەتەوە، ماڵێکی (٩)سەرخێزانی باوك و دایك و حەوت برا، هەر هەموویان بوونەتە گڕو گڵپەی ئاگری فیداکاری وخۆبەخت کردن.

داخۆ گەر سیناریۆنووسێکی وریاوبەئاگا ،بیەوێت ئەم مەرگەساتە بکاتە فیلمێکی سینەمایی لەکوێوە دەست پێبکات، لەرۆژی ١٩٨٧|٣|٢٣ ەوە کەمام صالح سعید لەگەڵ کوڕەکانی لەکەرکوك دا گیران و بران، یان لە ئازارچەشتنی نێو زیندانی وژانی جەستەی عومرێکی لە نیو سەدە لەئازار،یاخود لەسوێی دڵی بۆ کوڕە زیندانییەکانی کەلەگەڵ خۆیدا دەسگیرکران و ونکران؟

یان سینارستێکی هۆشیارو هونەرمەندی ئێمە ’ دیمەنی سەروپرچی پەشۆکاو و ئەسرینی چاوەکانی (دایەمەحبووبە)دەکاتە سەرەتا وتایتڵ کەبۆ پارچەکانی

جەرگی و بۆ باوکی منالّەکانی دەسووتا و هەرخودا خۆی دەیزانی چۆن رۆحی نەدەسپارد؟

یاخود لەژیان وسەروەرییەکانی (د.هادی)یەوە شۆڕدەبێتەوە بۆلای براشەهیدەکانی تر کەپێشمەرگەو خوێندکار و رووناکبیریان تێدابوو.

ئەم مەرگەساتە هێندە داستانێکی دلّگەرم و چاوبەفرمێسکە هەرچەندێ لێی بدوێیت کۆتایی نایەت و چۆنی بنووسیت بەرهەمی پڕلەقارەمانێتی لیّ دەنەخشێت.خۆگەر وتم گەر دەست وچاوی هونەرمەندان بەتایبەت لە نێو کەرکوکدا کاری تیا بکات فلیمێك دێتە ئارا کەخۆمان ونەوەکانمان لەگەلین بگرین و بسوتێین و پاشان شانازیی بەوەوە بکەین کەسەر بەمیللەتێکین خێزانی وەك خێزانەکەی دایە مەحبوبە و مام صالح مان هەبوو ،هەرکەسێك ئەمڕۆ یا سبەی کار لەم تراژیدیایە بکات دەبێت ئەوە لە یاد نەکات کەکوڕەکانی پاشماوەی ئەم خێزانە هێندەی ژمارەی شەهیدەکانیان زەوی تەرخانکراویان بەدیاری پێشکەش دەزگای شەهیدان کردۆتەوە تاوەکو خێزان و نەوەی بەحێماوی تراژیدیاکانی تر سوودیان لیّ ببینن.

دەبیّ ئاگاداری ئەوەش بێت کەلەساتەکانی یەکەمی پرۆسەی ئازادکردنەوەی عێراقەوە هەردوو زیندووەکەی ئەم خێزانە برایان (چەتۆ و صباح) لە بەغداو دەورو بەری عەودالّ و هەلّوەدای دۆزینەوەی گۆڕی باوك و ژمارەیەك لە براکانیانن، ئەوانەی تائێستا گۆڕ و روفاتیان بیّ ناو نیشانە..!

---

★ رۆژنامەی کوردستانی نویّ / ژ ٣١٤٤


لەنزیکەوە

یاسین قادر بەرزنجی

ئاخۆ ئەم تراژیدیایە نابێتە کەرەستەی گەورەترین فیلمی کوردی؟

# بەشی سێیەم

# بەڵگەنامەو بیرەوەرییەکان

# نامەی مامۆستا سلیم سەرسپی

بۆ خانەوادەی شەهید دکتۆر هادی

بەرێز کەس وکاری شەهید دکتۆر هادی

سلاڵو...بەهیوای سەرفرازی و سەرکەوتنتان

بەشداری غەمی شەهیدبوونی هاوڕێی هێژاو نەمر کاکە د.هادی تان دەکەم پرسەو سەرەخۆشی لە ئێوەوگشت هاوڕێیانی دەکەم، شەهید یەکێك بوو لەوپێشمەرگانەی بەئامانەتەوە ئەرکە پێشمەرگایەتی و واجباتەکانی بەجیٚ هێنا،هەربۆیەش مایەی شانازی و سەروەری هاوڕێیانی بووبەگشتی، شەهیدبوونیشی کەلێنێکی گەورەی لەریزەکانماندا درووست کردووە هاوڕێیانیشی بەڵێنی درێژەدان بە رێبازەکەی هاوڕێی شەهیدیان دا،بەڵێنیان نوویٚ کردەوە ئالاٚکەی دانەنێن..

شەهید لەرۆژی٢٣/٣/ ١٩٨٨لەبۆردومانی کیمیاویەکەی رژێمی عەفلەقی بۆسەر شاناخسیٚ شەهیدبوو.لەگەڵ دوو هاوڕێی تریيدا .هەرلەویٚ تەرمەکەیمان ناشت و بەخاکمان سپارد.پاش گەڕانی گیرفانی وجلەکانی مەبلەغی٢٦٥٠٠ تمەن لەگیرفانیدا بوو، کەگۆڕدرایەوە بەپارەی عێراقی هەر ٥٢ تمەن بە یەك دینار، کەهەمووی کرد یە ٥٣٢ دینار جگە لەوەش ٤٤٥دینار پارەی عێراقی لە گیرفاندا بوو..

لەگەڵ دوو وەرەقەی ٨٢٢ دۆلاری. لەگەڵ ئەم نامەیەدا بۆ بەڕێزتانی دەنێرینەوە..


دووبارە رێز و سلاڵو..


هەر بژین   براتان

واژۆ

سلیم

١٩٨٨_٣_٢٥


بەڕێزان کەس و کاری
شەهید دکتۆر هادی
سلاو ...
بە هیوای سەرفرازی مەسەلەکەتان.
بەشداری غەمی شەهید بوون
هاوڕێیانی شەهید و ئەمڕۆ گەلەکە د. هادیمان [illegible]
[illegible]





**حەمەسوور دووشیوانی**
**ئەو دکتۆرەی بەسەدان کەسی لەمردن ڕزگار کرد...**

پەیوەندی و یەکتر ناسینمان دەگەڕێتەوە بۆ هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو ،ئەویٚ ڕۆژیٚ کە لەسنوری کەرتی ٤ی خاڵخاڵانی( تیپی ٢١ی کەرکوك) جەولەی گوندەکانمان ئەکرد و لە گوندی مۆردخوادەی خوارووی بناری خاڵخاڵان یەکمان ناسی،لەوسەردەمەدا زیاتر سەرقاڵی کاری پزیشکی بوو، پاشان کە لەساڵی (١٩٨٥)شەڕ لەنێوان شۆڕش و حکومەتی بەعس دەستی پێکردەوە لە هەمان ناوچە نەخۆشخانەیەکی خنجیلانەی دروست کرد بۆ چارەسەر کردنی پێشمەرگە و هاولاٌتیانی بریندار‌ی دەستی ڕژێم ،ئیدی شەڕ لەنێوان شۆڕش و میری تا دەهات قورستر دەبوو،ژمارەی پێشمەرگەیش زۆر بوو بوو،هاوکات ڕژێم دەستی کرد بە جاش وەرگرتن،لەڕوی سیاسی وسەربازی و کۆمەلایەتی گۆڕانکاری گەورەی بەسەرداهات بوو، جۆری شەڕەکانیش تا دەهات قورستر و گۆڕانی بەسەرداهات،واتە لەشەری پارتیزانیەوە گۆڕا بۆ شەڕی نیمچەبەرەیی (جبهەیی)بریندارمان زۆر زۆر بوو،دەرمان و کەرەستەی پزیشکی زۆر بەگران دەست ئەکەوت،ترسی ئەوە هەبوو دووژمن هێرش بکات و برینداره‌کانمان بکەوێتە دەسیان، هەربۆیە تا دەهات ئەرکی ئەم پیاوە مەزنە گەورەتر دەبوو، جگە لە ئیدارەی نەخۆشخانەکە ،دەبوو بەشداری هەموو یان زۆربەی شەڕەکانی بکردایە،لەوەش گرنگتر بەرنامەی هەر شەڕێکمان هەبوایە یەکسەر پێشمەرگەکان دەیان گووت:


(ئەگەر دکتۆر هادیمان لەگەڵ دابێ شەڕ هیچ نیە)،ئەم گەنجە ڕووحسوکە بڕوا(ثقة) یەکی بێوێنەی لەناو کەرت و تیپەکاندا دروست کردبوو ،پێمان وابوو ئەگەر ئەم کەڵەپیاوەمان لەگەڵدا بێت ئیدی بریندار شەهید نابێت،بەحەقیش هەروابوو، چونکە نەشتەرگەری کرانەوەی زگی ئەکرد(فتح البطن)هەم جورئەت وەهەم مومارسەی کردبوو،خاوەن ئەزمونێکی باش بوو، بەدەگمەن پێشمەرگەیەك بریندار بووبێت و گەیاندرابێتە بەردەستی ئەو.. شەهید بووبێت، جگەلەپیشەکەی خۆی پیاوێکی زۆر ئازاو نەترس و عەسکەریش بوو، ئەمە جگە لەوەی پەیوەندیەکی یەکجارفراوانی لەگەڵ کۆمەلآنی خەڵکی کوردستاندا هەبوو،وە زۆر خۆشەیست و هەمیشەلێو بەخەندەبوو،گەیشتوومەتە ئەو قەناعەتەی نە بەندە و هیچ کەسێکمان ناتوانین وەسفی گەورەیی ئەم شێرە پیاوە بکەین،کێ هەبوو لەوکاتدا ئەم پیاوە مهرەبانە ،ئەم دکتۆرە ئێسك سووکەی نەناسیبێت؟، ئەوە (شەهید دکتۆر هادی) بوو، ئەوە دکتۆرە بلیمەتەکەی ڕۆژانی سەختی شۆرشی نوێی گەلەکەمان بوو ،ئەوە دکتۆرەکەی خەڵکی هەژارو پێشمەرگەی کوردستان و باوك و (٦) برای شەهید بوو، ئەوە کەرتی ڕێکخستنی ئەوسا و (مەڵبەندی دووی ڕێکخستنی کەرکوك)ی ئێستاوتیپەکانی کەرکوك و جەماوەری ناوچەکان لە بلیمەتی ئەو لەپیشەکەی شاهید حاڵن، بە تایبەتی تریش دکتۆری بەندە بوو، لە کاتی یەکێك لە برینداریيەکانمدا باشم لەیادە هەموو ڕێگاکان گیرابو،نەخۆشخانە نەبوو،برینەکەم ڕێژەی لە ٩٠ ٪ ئومیدی چاك بوونی نەبوو، یا دەبووِ شەهیدبم یا دەبوو نەشتەرگەریم بۆ بکات..

ڕەزامەندی خۆم و خانەوادەکەمی وەرگرت،لە ژوورێکی ئاسایی گوندی(چوخلیجە)وەك معاون توبی بەتەنیا خۆی نەشتەرگەری(فتح البطن)ی بۆ کردم ،جگە لەوجارەش(٥)جاری تر منی لەلێواری مەرگ بۆ ژیان گەڕاندۆتەوە ...

ئەم ژیانەم (لەدوای خوای گەورە) کلیلەکەی لای ئەو کەڵە پیاوە بوو،، زۆر زۆر بەداخەوە ئیستا لە خەوی ئەبەدیدایە و ئێش و ئازار و بیرەوەریەکانی لەگەڵ هەناسەمان تێکەڵ بووە، ئەو بەس بەلاشە ون بووە ئەگەر نا لە ویژدانی ئێمەدا دەژێت.

هەزاران سڵاو لەگۆڕی ئەم شەهیدەو

هەموو شەهیدانی کوردوکوردستان ...



**هۆشیار مەلائەوڕەحمان :**

**نهێنیە تابەتەکانی شەهید د کتۆر هادی.**

من دەمێکە هەندێك نهێنی ژیانی پێشمەرگایەتی شەهید دکتۆر هادیم لای خۆم پاراستووە، کە دەنوسم ئەم شەهیدە زۆر تایبەتە مەبەستم ئەوەیە، کە ئێمە پێشمەرگە بوین ژمارەمان نایکردە لە١٠٠٠٠یەك لە چاو ئەوانەی چەکداری ڕژێم وجاش بوون، دکتۆر هادی جگەلەوەی دکتۆری تیپی ٢١ کەرکوك وتیپی٢٥خاڵخالآن و خەڵکی هەموو سنورەکەش بوو، پێشمەرگەیەکی قارەمان و بەهەڵمەتیش بوو،لەکاتی مفاوەزاتەکەی ساڵی1984سوپای عێراق ڕوویکردە گوندی چیمەنی (گەورە) شەهیدان پێموایە هاتبوون خەڵکەکە بەرن بۆ هەڵبژاردن بۆ سید القائد لە٩٩،٩٪ بهێنێت پاش کورتە مفاوەزاتێك مامۆستا ئارامی وەزیری شەهیدانی ئێستا ناوبژیوانی دەکرد وبێهودە بوو شەڕهەڵگیرساو پێشمەرگە پەلاماری جەیشی عێراقی داو لەماوەیەکی کورتدا جەیشە پاشەکشەی کردو، بەڵام دکتۆرلەگەڵ یەکەم هەڵمەتدا جوندیەکی بەدیل هێنایە خوارەوە لەو بەرزاییەی بەرانبەر چیمەن. پێمگوت دکتۆر ئەوەکاری تۆ نەبوو نابێت بچیتە ناو شەڕەوە، بەڵام دکتۆر هەرگیز ترس نایگەڕاندەوە... ئەوەی لیرەدا مەبەستمە بیگێڕمەوە ئەوەیە رۆژگارێك هەموو براکانی جگە لە لیوا چەتۆ وکاك صلاح هەموو ئەندامانی خێزانەکەیان لەگەڵ باوکیشیان لەلایەن ئەمنی کەرکوکەوە گیرابون هاوینی ساڵی ١٩٨٧ مدیریەتی ئەمنی کەرکوك ومنقومەی شمالی لە ڕێگەی ڕایەڵەکای خۆیانەوە نامەیەکیان بۆ دکتۆر ناردبوو،، چونکە دەیانزانی دکتۆر هادی بۆتە داینەمۆی چالاکیەکانی هێزی پێشمەرگە لە سنوری کەرکوکدا کوڕێك بەناوی خەلیل ناردبو بەدوامدا منیش گەیشتمە لای لەگوندی مەرخوادە لەو کاتەدا بوو دیوەخانەکەی مەلامحمد (حەمەی مولود) باوکی کاکە

سوارەی جوانەمەرگ پڕ بوو لە بریندار، کاك(حەمەسور دوشیوانی) یەکێك بوو لە بریندارەکان کە زۆر بەخەستی بریندار بوو هەوراز فخرالدین گلیش یەکێك بوو لە بریندارەکان کە ژمارەیان یا ٩ یا ١٣ کەس دەبوو،،، نامەکەی نیشاندام پێکگووت کەستر نەیبینیوە، گوتی نەخێر دوای خۆم تەنها خۆت بینیوتە.. ناوەڕۆکی نامەکە بریتی بوو لەچەندین ئیمتیازاتی گوەرەو ئیغراکەر وەکو ئازادکردنی باوك وبراکانی و مقامی تایبەت و ئۆتۆمۆبیل وپارە ئەو نامەیەی کەمن خوێندمەوە بەو هەموو ئیتیازاتەوە کوڕی دەویست تەسلیمی نەبێت لە کاتێکدا ٧ براو باوکت زیندان وبارمەتەبن لای بەعس گوتی تۆ دەلێی چی پێمگوتەوە کەستر ئەم نامەیەی نەبینیوە خەریك بوو تورەبێت،جونکە خۆی زۆر راستگۆ بوو، هەرگیز نایزانی دۆر چیە،لە راستیدا من دەمویست بزانم لە چ رێگەیەکەوە بۆی هاتووە هیچ سودی نەبوو، پێمگوت وەلام مەدەرەوە نایەکم خستەپاڵی بەدەستی خۆی بردی بۆ مامی گەورە لە یاخسەمەر پاش چەند رۆژێك کە مامی بینی بوو زۆر بەورەبەرزەوە گەڕایەوە لای بریندارەکان.. دومانگێکی بەسەرداچوو دیسانەوە نامەیەکی تریان لە ئەمنەوە نارد وداواکەشیان دیاریکردبوو کە دەبێ جێبەجی بکات ئەمجارەیان نامە نیمچەهەڕەشاویەك بوو، بەهەمان شێوەی نامەکەیتر نامەیەك خستەپاڵی ناردمەوە بۆ لای مام، بەلاَم پێمگووت ئەگەر خۆیت نەبینی بیهێنەوە نابێت کەس بیبینێت، ئەمجارەیان مام زۆر دڵنیای کردبوو ئەگەر هودنەو دیل گۆڕینەوەش بێت من لەبەر ئەو کەسوکارەی تۆ دەیکەم دیسانەوە زۆر بەدڵخۆشی گەڕایەوە شەڕو شالاوەکانی رژێم چڕتر بوبون بنکەی خەستەخانەکەی گواستبووە ناو چەمی بەڕەزە لەنێوان


گوندەکانی مەرخوادەو ئاوبارەو دارەقوتە لەوێ یەکترمان بینی گوتی هەردونامەکە لای مامەخۆیەتی،، ئەوەی لەم گێڕانەوەیدا مەبەستمە گەرەیی و پاکی ئەم مرۆڤە گەورەیەیە کە ڕژێم بەو دڕەندەییەی خۆیەوە معامەلەی مەرگی باوك براکانی لەگەڵدا دەکرد بە ورەی پۆڵاییینی هەرگیز بۆ چرکەیەکیش هەر بیری لە جێبەجێکردنی داواکانی ڕژێم نەکردەوە..من حەزدەکەم ئەوانەی کە ئەم مرۆڤە گەورەیە لەنزیکەوە دەناسن ئەمە مشتێکە لە خەرواری خەرمانی خەباتەکەی کەهەرلەسەرەتای لاوێتیەوەشەیدای کوردایەتی بوو.هەزاران سلاو لە گیانی پاکی شەهید دکتۆرهادی صالح سعیدوسەرجەم شەهیدانی کوردو کوردستان.

ڕاگەیاندنی

پەیوەندیەکانی کەرکوکی یەکێیتی نیشتمانی کوردستان

---

http://kurdistanigawre.com/nwe/index.php?option=com_content&view=article&id=1530:2013-02-05-11-19-51&catid=74:2012-11-29-20-14-43&Itemid=135



**یادەوەری پێشمەرگەی دێرین**

**کاك شاخەوان حاجی سعید** (**زریان**):

**لەگەڵ  شەهید دکتۆر هادی و خانەوادە کەی.**

هەر مرۆڤێك شەهید دکتۆر هادی ناسیبێت و ئاشنایەتی لەگەڵ ئەودا بووبێت دەزانێت جگە لەوەی وەك پێشمەرگەیەکی دڵسۆز و قارەمان بوو،مرۆڤێکی وشیار وزرنگ و گەورەو مەزنیش بوو، دکتۆر هادی مرۆڤێکی زۆر ڕوو خۆش لەگەڵ هەمووان، بەردەوام لە ژیانیدا دەم بە خەندەو و پێکەنین بوو، زۆر سادەو ئاسایی بوو، زۆر دل گەش و کراوەو دەم بە گاڵتە و گەپ بوو،هەموو ئەمانە لە سروشتی جوانیەتی ئەو زاتەوە سەرچاوەی گرتبوو!

بۆیە هەر کات کە ئەودکتۆرە ئازیزەم دەبینی زۆر دڵ خۆش دەبووم، ماوە بۆ ماوە یەکترمان دەبینی، بە هۆی ئەوەی دکتۆر هادی دکتۆری (تیپی ٢١ کەرکوك)بوو، هەرجارەی لەگەڵ کەرتێك بوو، بەندەش لە (کەرتی ٢ی شوان) بووم، بویە ناو ناو ڕێك دەکەوت ئەو زاتە خۆشەویستە ببینم،هەرکات کە ئەو بەڕێزەم دەمبینی زۆر هاوڕێیانە و هەڤالآنە لوتف گفتی دەکرد، زۆر خزم دۆست بوو، زۆر خێرا و بە دڵسۆزی و تاسەوە هاوڕییەتی دەکردین، هەموو جار پرسیاری ماڵێ باوکم و کەس و کاری لێدەکردم، بە هۆکاری ئەوەی ماڵێ باوکم لە گەڵ ماڵی ئەوان لە کەرکوك _ ڕەحیماوە دراوسێی یەکتر بوون و ناسیاوی کۆنترمان هەبوو. ماوەیەك بەر لە دەست پێکردنی ئەنفال ڕێك کەوت لە شێخ بزینی بووین لە دەورو بەری مانگی ٦ ساڵی ١٩٨٧ من لەگەڵ چەند هەڤالێکی پیشمەرگە بووم چوینە گوندی قەرە سالم زۆر کەم لە قەرەسالم ماینەوە لەوێ خوالێ خۆش بوو مام (حاجی شەکر)ی خزمم بینی، هەڤالان زۆر بە پەلە بووین، داوام لێکردن بۆ چەند دەقەیەکش بێت پێویستە لەگەل مام حاجی شەکر بوەستم و هەواڵی ئەوان بپرسم و ببینم لە هەواڵ

پرسینەکە هەواڵی ماڵی باوکم و دەنگ و باسیانم پرسی، دیار بوو مام حاجی نەی دەویست وەلأمم بداتەوە،دیسانەوە پرسیم،هەناسەیەکی هەلکێشا بە بێدەنگی سەری بادا ،هیچ وەلأمی نەدامەوە نەیویست قسە بکات تەنها ئەوەندەی ووت لە کەرکوك نەماون، چونەتە هەولێر ، بەلأم زانیم شتێك ڕووی داوە،دواتر من ناچارلەگەل هەڤالان رۆشتین چوینە گوندی شەوگێر، لەوێ شەهید دکتور هادیم بینی وەك ئەوەی چەند جارە زۆر بەگەرمی پرسیاری کەس و کاری لێکردم، پاش کەمێك زانی من بیتاقەتم، دەرئەنجام وتم دیارە شتیکی زانیوە، شتێك لەمال باوکم ڕووی داوە، بەلأم نازانم چۆنە، ماڵمان وەزعیان باش نیە، ئەوەی لەم یادەوەریەدا بەلامەوە گرنگە بێلیم و قەد لە بیرم ناچیت قسەکانی ئەو زاتە بەرزە بوو، زۆردڵسۆزانە هاتە گۆ ووتی :

زریان ئێمە پێشمەرگەین دەبێت هەموو کات بزانیت ئەگەری ئەوەهەیە هەموو شتێك ڕووبدات، پێویستە خۆڕاگر بیت! دڵنەوایی دامەوە بەڕاستی قسەکردنەکەی زۆر کاریگەری لەسەر دانام، ئەو توانی زۆر لە بیتاقەتێم بڕەوێنێتەوە. هیچ کات قسەکانی ئەوکاتەیم بیر ناچێتەوە، ئێستاش کە بیری دڵسۆزی و ئازایەتی ئەو زاتە دەکەمەوە،ئەڵێم چۆن لە شەڕەکاندا لە ڕیزی پێشەوە بوو، ئاواش لەگفتوو گۆ وەاوڕیەتی و بواری سیاسیدا مرۆڤێکی لێهاتوو بوو، دەیتوانی قەناعەت بە بەرامبەرەکەی بکات.

یەکێك لەقسە خۆشەکانی کە بۆی گێرامەوە لەوکاتە وەك بیر هێنانەوە ووتی بیرت دێت تەزبیحە قەزوانەکەم داپێت.؟ (بە پێویستی دەزانم بە کورتی چێرۆکی تەزبیحە قەزوانەکە باس بکەم، ئەویش ئەوەبوو لە دەورووبەری ساڵی ١٩٨١ بە ڕێککە وت ماوەیەکی کەم بوو من تازە ئەو

بەرێزەم دەناسی. ئەوکات دراوسێ نەبووین لە مەکتەبەی تەلیعە (ئاسۆ) دەمروانیە کتابێك لەو کاتەدا خولیای کتابی سیاسی بووین، شەهید دکتور هادی لە تەنیشتمەوە دەیڕوانیە کتابەکان، هەردووکمان بەڕککەوت بەیەکەوە دەستمان بۆ کتێبیك برد دواجار ئەو لە من تەمەنی گەورەتر بوو کتابەکەی دایە دەستی من بەدەم بزەو پێکەنینەوە ووتی: ئەم کتابە گرنگە زۆر بە سوودە بیخوێنەوە، لەخۆمەوە هەستێکم لا دروست بوو، لای هەمووان گەنجانی ئەوکات ڕوونە کە(کتێبخانەی ئاسۆ) زۆر کتابی تایبەت و بلاوکراوەی دەگمەنی تیا دەست دەکەوت، خاوەنی ئەو مەکتەبەیە پیاوێکی بوێرو کورد پەروە بوو، زۆر حەزی دەکرد هاوکاری خوێنەری کورد بکات، دیار بوو لەگەل دکتۆر هادی ئاشنایەتی زۆرتری هەبوو، نامیلکەیکی ترشی دامی ووتی وریا بە... دەرئەنجام زۆر سوپاسم کردو رۆشتم، لەمەکتەبەکە دەرچووم دکتۆرهادی هاتە دەرەوە، وازی لێنەهێنام بەگەرمی دەستی گوشیم ووتی:

ئافەریم مادام ئەم کتابانە دەخوێنیتەوە، پێم خۆشە، منش حەزم کرد ئاگاداری بکەمەوە کە منیش لەو رێچکە دەڕۆم، ئەوکاتە منیش لە ڕیزەکانی ڕێکخستن بووم، زوو لێی تێگەشتنم کەمەبەستی چییە، زۆر خێرا دەستی کردبەگیرفانیداوتەزبیحێکی قەزوانی دەرهێناو وتی:ئەم دیارییەت پێشکەش دەکەم، لێی پرسیم :

دەزانی مانای تەزبیحی قەزوان چییە؟

منش ووتم بەڵی ئەوە لەگەل ریش لێك دەکەنەوە یەکسەر باوەشی پێدا کردم ووتی زۆر ئاگات لە خۆت بێت، دیارەهەموو دەزانینن ئەوکات لە ناو گەنجانی کەرکوك باو بوو ئەوەی سوکەڕیش وتەزبیحی قەزوانی

بەدەستەوەبوایە.. رەمزی کۆمەڵەبوونی بوو. ئەوەی قەد لەیادم ناچیت دیاریە بەنرخەکەی شەهید دکتۆر هادی بوو، دواتر شەهید دکتۆر هادی بوو بە پێشمەرگە من ئەوکات خوێندکاربووم،کە منش بووم بەپێشمەرگە تەزبێحەکەی دکتۆرهادیم لەگەڵ خۆم برد، لە یەکەم بینینی شەهیددکتۆر هادی دا تەزبیحەکەم دایەوە دەستی.. ووتم: فەرموو ئەوە ئامانەتەکەتە، بیرم هێنایەوە.. زۆر دڵ خۆش بوو، هەموو جار کە منی دەبینی دەی ووت نابێ تەزبیحەکە و ماناکەی لەبیر بکەی.

ئەو رۆژەی کە دڵی دامەوە من زۆر دڵ تەنگ بووم، ئەو تەزبیحەکەی بیر هێنامەوە، داوای کرد خۆ راگریم. ئەوەی جیگای داخە دوای ئەوە رۆژە، ئیتربە هۆی سەختی شەڕەکان و ئەنفال وئالۆزی ناوچەکەوە.. من چومە مەڵبەندی ٣ لە بالیسان وخۆشناوەتی،ئیتر ئەو زاتەم نەبینیەوە تا شەهید بوو، شەهید دکتۆر هادی خاوەن بەڵێنێ خۆی بوو، بەڵێنی ئەو بەڵێنیکی زۆر گەورە گران بوو، بەداخەوە ئەو زاتە دواجار لە شانەخسی بە گازی کیمایی شەهید بوو،شەهید دکتۆر هادی هێندە مەزن و بەرز بوو، گیانی خۆی کرد بە قوربانی کوردوکوردستان ئەو سەلماندی کە بەکردەوە پێشمەرگەبوو... هەروەها ئەوەی چێگای داخ بوو پاش جەند مانگێك زانیم کە لەو گەڕەکەی ئێمە چیێ ڕووی داوە لە١٩٨٧/٤/١٢ چەند ئەمنێکی سیخوڕێ ڕژێم لەو گەڕەکە بەسزای گەل گەیندرابوون، بە هۆی ئەوە هەر ئەو ڕۆژە رژێم بۆ تۆڵەکردنەوەی خەڵکانێك زۆر بە ڕەشبگیری دەگرێت،(ڕەفیق صالح سەعید) برای شەهید دکتۆر هادی هەر لەگەڕەك گولەباران دەکەن وشەهیدی دەکەن.ماڵی شەهید دکتۆرهادیش باوکی

وبراو براژنەکانیان دەگیرێن و هەروەها دوای ئەو بە ماوەی چەند رۆژێك ماڵی باوکی شەهید دکتۆر سەرجەمیان5 کوڕو باوکیان..شوێنبزر دەکەن.
زۆر بە داخەوە ئەو ڕووداوە بۆ هەمووومان ڕوداوێکی زۆر دڵ تەزین جەرگ بڕ بوو، دواتر زانیم زامەکەی ماڵی خوا لێ خۆش بوو صالح سەعید و خێزانەکەی چەند گەورەوبەئازار بوو، ئەوان هەموو بوون بە قوربانی شۆڕش و کوردایەتی،هەروەها دواتر زانیم کە ئەو ڕۆژە لەو گەڕەکە خاڵکانێك زۆر گیرا بوون، دیارە پێش ئەو ڕوو داوە ماوەیەکی زۆر ئەمنەکان مالی هەردوو لامانیان زۆرهەراسان کردبوو، بەردەوام دەچونە گیانیان.. وەك لەدوای ڕوخانی رژێم بەدەرکەوت لە مەحکەمەکەی (عەلی حەسەن مەجید)دا لەکاتی دادگایی کردنیدا لیستێك لە تەلەفیزیۆن نیشاندرابوو،ناوی ئەوماڵانەی کەرکوکی تێدابوو کە کوڕیان پێشمەرگەیە، بۆیە وەك داواکراو لە لایەن حکومەتی عێراقەوە داواکراو بوون، ماڵی ئێمەو ماڵی شەهید دکتۆر هادی و چەند ماڵیکی تر لە ماڵە پیشمەرگەکان بە بڕیارێکی تایبەت بەدوایانەوە بوون، بۆئەوەی بیان گرن وسەرو ماڵیان داگیر بکەن.
بۆیە ماڵی ئێمەوئەوان لەو کاتە ژیانیان زۆر سەخت بوو،هەر لە دڵە ڕاوکێ و خۆشاردنەوە بوون، ئەو ڕۆژە لە کاتی ڕووداوەکە ماڵی ئێمە کەس لە ماڵەوە نەبوو بوو، تەنها برایەکم نەبێت بەناوی شێروان.. ئەوکات تەمەنی ١٥ ساڵان بوو، ئەویش بۆ ماوەیەکی کورت لەگەل خالکانێکی زۆر گیرابوون،هەندێك لە گیراوەکان جەند ناسیاوێکی تر لە زیندان ڕینمایی باشی شێروانی برامیان کردبوو، پێیان گوتبوو: ئاگادار بە ناوی خۆت مەدە نەڵیی برام پێشمەرگەیە، دەرئەنجام ئەمنەکان نای ناسنەوە

ڕزگاری دەبێت، هەر ئەو ڕۆژە ئەمنەکان هەوڵ دەدەن ماڵەکەی باوکم و ماڵی باوکی شەهید دکتۆر هادی بڕۆخێنن خەڵکە کە ڕێگریان لێ دەکەن، دواترخانوەکەی باوکم حیجز دەکەن و حکومەت بۆ خۆی بە شێوەی هەرچ ماڵ و خانوە کە دەفرۆشێت. ئەوەی کە پێویستە بێلیم خۆڕاگری و گەورەیی دایکی شەهید دکتۆر هادی بوو، دایکی حەوت شەهید و هاوسەری شەهید بەڕاستی دایکیکی زۆر میهرەبان و زۆر خۆ ڕاگر بوو زۆر مرۆڤیکی بەخشندەو مەزن بوو، دایکە مەحبووبە توانی ئەو ڕۆڵە قارەمانانەی بە ڕێگای راست و دروست و شەرەفمەندانە گەورەو پەروەردە بکات،بەداخەوە پاش ئەوهەمووئازار ناسۆرە سەختە گەورەیە بەرگەی ژیانی سەختی نەگرت و لەئاوارەیی سەری نایەوە..

هەزاران سڵاو لە گیان پاکی بێت ، ڕوحی شاد.

لە کۆتایدا سڵاو لە گیانی پاکی سەرجەم شەهیدەکان ..

لە کوڕو باوك ودایکی فیدا کار ..خوێنی ئاڵی ئەوان رزگاری نیشتمانیی وئازدی بۆ گەلی کوردی ستەم دیدە هێنا، ئازادی ئەمڕۆ دەستکەوتەکانی هەرێمی کوردستان بەرهەمی سەروەرییەکانی شەهیدانە...

شاخەوان سەعید ئەمین (زریان)

هۆڵەندا

٢٠١٦/٣/٨

**هاوڕێ کرێکار :**



( ١ )

# مەحبوبە خانم  دایکی حەوت کوڕی شەهید

سوێند بە خوا ! سوێند بە خوێنی هەموو شەهیدان!

ئەم دایکە ڕەحمەتییە! ئەگەر دایکی هەر سەرکردە وملیاردێرێکی کورد .

بوایە!!ئێستا هەموتان ناوتان زانی..؟

ئەم شێرە ژنە ناوی (محبوبە خان) و خێزانی( شەهید مام صالح) ە

دایکی ٧ کوڕە شەهیدە (شەهید دکتۆر هادی و شەهید سعدون و شەهید ڕەفیق و  شەهید عادل وشەهید وەهاب وشەهید صلاح و شەهید مەهدی*

بەڵێ...! ئەو ڕۆژانەم هەرگیز لەبیرناچێتەوە!!

من و شەهید دکتۆر هادی، لە دواناوەندی (ابو ایوب الانصاری)* کەرکوك خوێندکاربوین،کە دەکەوێتە گەڕەکی ئیمام قاسمی کەرکوك.
هەردوکمان (کۆمەڵە) بوین زۆر بە نهێنی لە کەرکوك کارمان دەکرد ، دووا دیداری من و دکتۆر لە خۆپیشاندانەکەی ١٩٨٢،٥،٦ی کەرکوك بوو!دواتر لە پێشمەرگایەتی چەند جارێك یەکترمان بینی ، هەردووکمان زۆر خەمی کەسوکارمان بوین،هەردووکمان باوکمان لە زیندان بوون ،باوکم بەر عەفوعام کەوت،پاش دەرچونی لە زیندان یەکسەرخۆی و خوشك وبراکانم هەلەاتن بۆ شاخ بۆ لای من..
بەڵام زۆر بە داخەوە باوکی شەهید دکتۆر هادی لە ناو شار مایەوە،پاش چەند ساڵێك لە ٢٣ ی ئاداری ١٩٨٧ دووبارە جەلادەکانی بەعس دەچنەوە سەر ماڵی مام صالح لە گەڕەکی ڕەحیمئاوا !؟
مام ساڵح خۆی و کوڕەکانی(کاکە سعدون و کاکە ڕەفیق و کاکە صلاح و کاکە وەهاب و کاکە مهدی و کاکە عادل شەهید دەکەن!!
دکتۆر هادی،لە شەڕێکی قورس و قارەمانیدا لە٢٣ئاداری ١٩٨٨ لە گوندی شانەخسێ شەهید کرا. هەرگیز لە بیرم ناچێت ،شەهید دکتۆر هادی دەیگووت :
"هاوڕێ کرێکار..! کورد نەتەویەکی زۆر بە وەفایە هەرچی بۆ بکەیت بە فیڕۆ ناچێت!!

(٢)

# له كه‌ركوكه‌وه

## یادی( ٧ ) برا شه‌هید...

## له گه‌ڵ باوكی شه‌هیدیان...

هاوڕێ خۆشه‌ویسته‌كانم...ئه‌و ڕۆژانه‌م هه‌رگیز له‌بیرناچێته‌وه‌"

من و شه‌هید دكتۆر هادی، له دواناوه‌ندی (ابو ایوب الانصاری) ده‌مانخوێند كه ده‌كه‌وێته گه‌ره‌كی ئیمام قاسمی كه‌ركوك ، هه‌ردووكمان (كۆمه‌ڵه‌)بوین زۆر به نهێنی له كه‌ركوك كارمان ده‌كرد،دووا دیداری من و شه‌هید دكتۆر هادی له خۆپیشاندانه‌كه‌ی ٦،٥،١٩٨٢ی كه‌ركوك بوو،دواتر له پێشمه‌رگایه‌تی چه‌ند جارێك یه‌كترمان بینی،هه‌ردووكمان زۆرخه‌می كه‌سوكارمان بوین، هه‌ردووكمان باوكمان له‌زیندان بوون ، باوكم(قادر دانسان)به‌رعه‌فوعام كه‌وت،پاش ده‌رچونی له زیندان یه‌كسه‌رخۆی و خوشك وبراكانم هه‌ڵه‌اتن بۆ شاخ بۆ لای من...

به‌ڵام زۆر به داخه‌وه باوكی شه‌هید دكتۆر هادی له ناو شار مایه‌وه،پاش چه‌ند ساڵێك له ٢٣ ی ئاداری ١٩٨٧ دووباره جه‌لاده‌كانی به‌عس چونه‌وه سه‌ر ماڵی مام صالح له گه‌ڕه‌كی ڕه‌حیمئاوا ، شه‌هید مام ساڵح خۆی و كوڕه‌كانی(كاكه سعدون و كاكه ڕه‌فیق و كاكه صلاح و كاكه

وەهاب و کاکە مهدی و کاکە عادل )ڕاپێچی زیندان کران و شەهید کران ،
پاش ماوەیەك کاکە دکتۆر هادی لە شەڕێکی زۆر قورس و قارەمانیدا لە
٢٣ی ئاداری ١٩٨٨ لە گوندی شانەخسێ شەهید کرا ! !

هەرگیز لە بیرم ناچێت ،شەهید دکتۆر هادی دەیگووت :

"کورد نەتەویەکی بە وەفایە" ! ! !

تکایە وەفایەك بۆ شەهید مام صالح و ٧ کوڕی شەهید کراوی ، بە
شداربن لەو یادکردنەوەیە لە ٢٣ ئادار لە کەرکوکی کوردان،لە بەردەم
تاقلەی کەرکوك شاری شەهیدانە، تاقلەکە وێنەی شەهید مام صالح و ٧
کوڕی شەهید کراوی لە سەرە...

بەشدار بونتان وەفایە بۆ خوێنی شەهیدانی کورد و کودرستان

---

https://www.facebook.com/profile.php?id=100007013319749&fref=ts



**رێباز بابان**

## شەهید دکتۆر هادی و کیمیابییەکەی شاناخسیٚ


ساڵی ١٩٨٨ ڕۆژی ١٣ـ٣ ئێمە وەك تیپی ٣٧ی شاربازێر بەرێ کەوتین بۆ سەقز و لەوێوە بۆ هەڵەبجە بچێن عەسرێکی درەنگ گەیشتینە سەقز بردیانین بۆ ئوتێلێك لەوێ برادەرانی تیپ من و چەند کەسێکیان گەراندەوە لەبەر ئەوەی بارەگاکانی تیپ پێشمەرگەی کەم لێمابو جگە لەوەش ئۆتۆمبێلێکی مێك زەمینی شینمان هەبو کە لە قەرارگای رەمەزان وەرمان گرتبو بۆ هاتوچۆ ئەبوایە بیگەرێنینەوە بەهەرحاڵ من ئۆتۆمبێلەکەم بردەوە بۆ شاناخسێ ئەو کاتەش وەزعی شاناخسی باش نە بو بە حوکمی ئەوەی ئێمە کەوتبوینە نێوان جەنگی عیراق ئێران هەرچی تۆپ وەاوەنی دەشتی تلێ وسورەقەلآت هەبو بۆ لای ئێمە ئەهات هەمو ٥ دەقەیەك ئەبوایە تۆپ یان هاوەن بهاتایە ئەگەر تاخیر بوایە ئەمانوت ئەوە دیارە بەعس روخاوە لەو ماوەیەشدا خەڵکێکی زۆر لە ناوچەی دۆڵی جافایەتیەوە لەبەر شاڵاوەکانی ئەنفاڵ هاتبونە ناوچەکەوە ـ پاش ئەوەی لە ١٦ ی ٣ هەلەبجە ئازاد کراو حکومەتی بەعسیش بۆ راوەستاندنی هەڵمەتی پێشمەرگە بەرەو قولآیی ناوچەکانی شارەزور ناوچەکەی کیمیا باران کردو بە ناچاری پێشمەرگەو خەڵکی ناوچەکە ئەوەی بەر نەکەوتبو بەرەو سنورەکانی ئێران پاشەکشییان کرد پاش یەك دو رۆژ لەو کارەساتە بە نیازبوم برۆم بۆ

بانە هەندێك پێداویستی بکرم لە پردەکەی چەمی زەڵی پەریمەوە ماوەیەك رۆیشتم لە رێگا توشی کۆمەڵێك لە برادەرانی تیپ بوم ئەگەرانەوە کە لەپشتی پیکابێکەوە بە پێوە وەستابون دوای چاك وچونی وتیان بگەرێوە حمەی حاجی سەعید شەهید بوە وا تەرمەکەی لە ئۆتۆمبێلێکی ترە ئەیهێننەوە منیش گەرامەوە بۆ شاناخسێ و رۆژ بە رۆژ وەزعی ناوچەکە خراپ تر ئەبو بە تایبەت دوای ئەوەی بەشێکی هێزی پێشمەرگەو خەڵك ناوچە ئازادەکانیان چۆڵ ئەکردو بەرەو لای ئێمە ئەهاتن و لەبەر ئەوەی ناوچەکە ناوچەی جەنگ بو مەترسی زۆر هەبو لەسەر ئەو خەڵکە ئێران رێگەی کردەوە کە خەڵك بەرو شارەکان و ئۆردوگاکان برۆن بەشی زۆری ئەوەی لە ناوچەکە مابون پێشمەرگە بون - دوانیوەرۆی ٢٣_٣ لەگەڵ هاورێم جەلال مام بەکری ماوەتی ئوتۆمبیلەکەمان برد بۆ بەری ئەوبەری شاناخسێ بۆ لای فیتەرەکانی سوپای پاسداران کە لەوێ گەراجێکی گەورەیان دانابو بۆ چاککردنەوە و صیانەی ئالیاتی وئۆتۆمبێلەکانی خۆیان منیش بە حوکمی فارسیەکەم و ئیشی علاقاتمەوە پەیوەندیم باش بو لەگەڵیان لە دەوروبەری کات ژمێر ٣ لە لای شاخی گمۆوە چەندین فرۆکەی جەنگی دەرکەوتن کە وابزانم ٨ فرۆکە ئەبو چوار فرۆکە قەسفی ئەکرد و چوارەکەی تریش دوای ئەوان زیاتریش تەرکیزیان لەسەر ئەو شوینە بو کە بارەگای پێشمەرگەو چادری لێبو لەگەڵ تەقینەوەی یەکەم بۆمب بە جەلالم وت ئەوە بۆمبی کیمیاییە لەبەر ئەوەی دەنگی تەقینەوەکانی زۆر کەم بو ئێمە لەمبەرەوە زۆر بە جوانی دابەزینی فرۆکەکان و فرێدانی بۆمبەکانمان ئەبینی دوای گەرانەوەی فرۆکەکان بەپەلە لەگەل جەلال

گەراینەوە بۆ ئەوبەر بە داخەوە هەر لەسەرەتاوە شەهید دکتۆر هادی ومامۆستا حمه رەئوفی کاروباری کۆمەڵیەتی تیپی ٤٧ و شێخ عەزیز شەدەڵەیی شەهید بوبون بە چەکی کیمیای وپارچە تۆپ چونکه لەگەل بۆمبە کیمیایەکاندا قەسفێکی مورەکەزیش ئەکراین چونکە لەحاڵەتی بریندارییدا مەترسی کیمیایەکە زیاتر ئەبو پاش ناشتنی ئەو ئازیزانە چەندین کەسی لە حاڵەتی مردندا بون هەندێك چارەسەری سەرەتاییان بۆ ئەکراو بۆ نەخۆشخانەکانی ئێران رەوانە ئەکران دوای ئەوەی بە هۆی بڵاوبونەوەی گازەکان وردە وردە رێژەی بریندار زیاتر ئەبو ئەوەی لە یادمە تاوەکو کاتژمێر ٢ی شەو زیاتر لە هەوڵی رزگار کردنی بریندارەکان بوین بە ناردنیان بۆ ئێران تەنها من و چەند کەسێك وەزعمان باش بو منیش بۆ نیوە شەو هەستم کرد دەم وچاوم ئەکزێتەوەو ژێە بەندە خوێنەکەم بە قیاسی بەندە خوێنەکە رەش بۆتەوە ئەخوری وئەکزیتەوە وردە وردە ئازار گەیشتە سەر سنگم هەر چۆنێك بێت ئەو شەوەم بە ئازارەوە بەرێ کرد بۆ بۆ بەینیەکی چوم بۆ نەخۆشخانەی بانە وتیان وەزعێ تۆ باشە پێویس ناکات بمێنیتەوە هەندێ عیلاجیان بۆ نوسیم لەگەڵ عیلاجی خۆشتنی بەردەوام ئێستاش کە یادی رۆژی شەهیدبونی دکتۆر هادیە ئەو رۆژەم وەك فلمێکی سینەمایی دێتەوە یاد هەزاران سڵاو لەو شۆرشگێرانە لەو شەهیدە نەمرانە.

رێباز بابان

https://www.facebook.com/rebazb/photos



پیشمەرگەی دێرین کاك پیران

# دکتۆر هادی

# دڵسۆز و خەم خۆر بۆ هەمووان

ساڵ ساڵی ١٩٨٧ بوو.. هاوسەری خۆشەویستم( زارا خان) لەکاتێکدا نۆبەرەکەی لەسکدا بوو لەچاوەڕوانی ئەوەدا بووین کە ئەمڕۆ نا سبەی بە ژیان سەر هەڵبێنێ ،هەر ئەو هاوینە بوو کە گوندەکان هەموو ڕووخێنرابوون و ناوچەکانی شوان و شێخ بزێنی و گەرمیان و زۆربەی ناوچە ڕزگارکراوەکانی تری کوردستان ببونە ناوچەی قەدەغەکراو ..

واتە(موحەڕە مە) لەبەر هەڕەشەو گوڕەشەی ڕژێم و تۆقاندنی خەڵکی بێ دەرامەت ، خەڵکی ناوچەکە تا ڕادەیەکی زۆر چۆڵیان کردبوو، بەڵام خەڵکانێکی شۆڕگێڕو دڵسۆز بەگەل و شۆڕش لەناوچەکە مابونەوە، ئا لەو ڕۆژە سەخت و دژوارانەدا بوو ماوەی ٣ ڕۆژ بوو بەئازاری منداڵ بوون ئەتلایەوە.. بێ ئەوەی هیچ چارەسەرێك یان ئۆتۆمبێلێك دەست بکەوێت کەبتوانین بینێرین بۆ نەخۆشخانە ،واتە بۆ شاری کەرکوك یان هەر جێگایەکی تر، ئەوەبوو لەپڕ فریشتەیەکمان لێ پەیدا بوو ئەویش دکتۆر

هادی بوو بەخۆی و کۆڵەپشتەکەیەوە هات و هەوڵی تەواەتی خۆی دا، دکتۆری ڕەحمەتی شارەزایی باشی هەبوو لەمەسەلەی منالّ بووندا،هەر خۆی پێی وتم کە ئەو کاتی خۆی لە بەشی منالّ بوون کاری کردوەو هەمان دەرزی بەکار هێنا بۆ ئەوەی ڕزگاری بکات،بەلاّم بەداخەوە دوای دوو شەوە، شەونخونی دکتۆری دلّسۆز کە تا بەیانی لەگەلّ من بەدیار دایکی گەشاوەوە دائەنیشتین بیّ ئەوەی سوودی هەبێت، لەدوا جاردا پێی وتم ئەم حالّەتەی زارا خان تەنها پێویستی بەنەشتەرگەری هەیە بۆیە ئەمە ی کردومانە لێرە دوا چارەسەرە ئەبیّ بەزووترین کات بگاتە نەخۆشخانەی لەدایكبوون، دکتۆری بەڕێز زۆر هەوڵی داو زۆر ماندوو بوو لەگەلّ ئەوەشدا زۆر خەمبار بوو کە نەتوانرا ڕزگار بکرێت هەرچەندە ئەو هیچ کەمتەرخەمی نەکردو ئەوەی پێویست بوو کردی،

ئیتر بەهەزار دەردی سەر پیکابێکمان لیّ پەیدا بوو کە بۆ شووتی بارکردن هاتبوو پاش هەولّو پاڕانەوەیەکی زۆر شوفێرەکەم قایل کرد کە بیبات بەرەو شاری کەرکوك،ئەویش نا هەقی نەبوو چونکە ڕێگا نەمابوو ، بۆ بژێوی ژیان بەترس و لەرز لەمابەینی ڕەبیەو سەربازگەکانی دوژمندا بە شەو هاتوچۆیان دەکرد، هەر بەوشێوەیە بەڕێمان کردن لەگەلّ تاتە (ئامین)م کە خێزانی کاك (ئەحمەدی کاولەسواری) بوو، سەد جار مالّیان ئاوا بێت،تا گەیاندبویە نەخۆشخانە،ئیتر ئەو گەڕابۆوە بەرەو شێخبزێنی، زاراخان چەند ڕۆژ لە نەخوشخانە ئەمێنێتەوەو نەشتەرگەری بۆ ئەکرێت و گەشاو خان لەدایك ئەبێت ئیتر لەبەر کەم خوێنی بیّ هۆش دەکەوێت داوای لیّ دەکەن کەپێویستە خوێن پەیدا بکات بەلاّملەبەر ئەوەی خزمو کەسوکار ئاگادارنەکرابوون تا هەفتەیەکیش کەس نازانیّ و هەر بەتەنیا

لەوێ دەمێنێتەوە بێ ئەوەی خوێن وەر بگرێت پاشان لەترسی ئەوەی نەبادا خەبەری لێ بدرێت یان لەلایەن دامودەزگاکانی ڕژێمەوە دەستگیر بکرێت بەبێ پرس لەخەستەخانە هەڵد یت و پەنا دەباتەماڵەخزم و کەسوکار،بەڕاستی ساتەوەختێکی ئەوەندە نالەبار بوو بەهۆی ترس و تۆقاندن ئەڕۆژانەوە کەسوکاری خۆمان دالّدەی کەسی پێشمەرگەیان نەدەدا وەکو پێویست، ئەوە بوو پاش ماوەیەك دیسان بەڕێگا مەترسیدارەکاندا خۆی و کچە خنجیلەنەکەی (گەشاو خان) هاتنەوە بۆ ناو کۆڕی خەبات و لانکەی کوردایەتی شێخ بزێنی..

سەری ڕێزو نەوازش دائەنوێنم بۆ شەهیدی هەمیشە زیندوو،ئەو ڕۆژگارانەی کە ئەستەمە هیچ پێنووسێك بتوانێت حەقی تەواوەتی ئەو کەڵە پیاوە ئازاو نەبەزە بداتەوە هەزاران سلاّو لەگیانی پاکی بێت...

عبدالرحمن شوکر قصاب

(پیران)

فینلەندا ١-٩ - ٢٠١٥




## چالاك سەعید باخەوان:

# شەهید دکتۆر هادی

## تا بڵێی لێبووردە و بەخشندە بوو

شەهید دکتۆرهادی هەتا بڵێی زۆر دڵێکی باشی هەبوو،لە بیرمە لەکاتی مفاوازاتەکەی یەکێتی لەگەڵ حکومەتدا،شەڕێکی نەخوازراو لەگوندی چیمەنی شەهیدان رووی دا پێشمەرگە هەڵمەتیان بردە سەر هێزەکەی رژێم کەدەوری گوندەکەیان دابوو، ئەوەبوو سێ سەربازو نیمچەئەفسەرێك ئالآی خۆبەدەستەوەدانیان هەڵکرد،شەهید دکتۆر هادی چوو بە پیرییانەوە،نەیزانی ئەوە کارێکی ناجوامێرانەبوو،لەپڕ نارنجۆکێکیان بۆدکتۆر هادی هاویشت..خۆشبەختانە سەلامەت بوو،ئیتر پێشمەرگە ئابلۆقەکقەی شکاند و چەند سەربازێك وئەو (ن.ئەفسەر)ە بەدیل گیران، چەند هەڤـاڵێك زۆر داخ لە دڵ بوون پێشنیاریان کرد تاوانبارەکە بەسزای گەل بگەیەندرێ،بەڵام دکتۆر هادی بە لێبووردەیی خۆی هاتە پێشەوە و گوتی :

هەڤـاڵان ئیمە پێشمەرگەین،دیل کوشتن لە فەرهەنگی ئێمەدانییە،راستە سوپای عێراق هەمیشە هەرکوردیان کوشتووە،بەڵام ئێمە دەیان بەخشین بە ژن و منالْ و خانەوادەکانیان..



## هەڤـــاڵ زەمان عەبدە:

هاوڕێی سەردەمی خوێنکاری شەهید د. هادی لە نامەیکدا نووسیویەتی :

دە ستخۆش کاك مەلا

د.هادی ڕەحمەتی هاوڕێیە کی خۆشە ویستی من بوو. زوربە ی ئێواران لەرەحیماوەوە شۆڕدە بووینەوە بۆ جادەی کۆماری وێنەشمان زۆر بوو،بەڵام دوای ئاشکرابوونمان بەخێرایی کە رکوکمان جێهیشت و ئە رشیفە کانم فە وتان زور بە داخە وە، سالح سعیدی ڕەحمەتی باوکی شە هید د.هادی لە شۆڕشی ئەیلولیش کەسێکی تێکۆشەروخزمەتی بەرچاوی هەبووە، سلاو لە روحی سەرجەم ئەم بنەماڵە تێکۆشەرە.




**پێشمەرگەی دێرین**
**پێشرەو مەلا محەمەد (پێشڕەو شوانی)**
**لە نامەیەك دا بۆ نووسەر**
**بەم شێوەیە بیرەوەری خۆی لەگەڵ**
**( شەهید د.هادی ) دەگێڕێتەوە:**

بەڕێز | کاک مەلا شاخی

سڵاو ... هیوادارم باش بن.

سەبارەت بەو کتێبەی لەسەر شەهید د.هادی ئامادەی بکەن،

دەستان خۆشبێت . منیش ئەم روداوەتان بۆ دەگێڕمەوە:

لەکۆتای مانگی حەوتی ١٩٨٧ بوو ، من ئەوکاتە لەکەرتی ٢ ی تیپی ٢٥ خاڵخاڵان بووم. کاتێك لەشەری تەقتەق بریندار بووم، یەکەم شەوەکەی لەگەڵ چەند بریندارێکی دیکە لە گوندی قەسرۆك مامەوە ، بەڵام بۆ رۆژی داهاتوو منیان بردە گوندی توتەقەڵ لەبناری خاڵخاڵان. لەوێ شەهید دکتۆر هادی دوو نەشتەرگەی بەبێ بەنج ئەنجامدا ، نەشترگەریەکیان بۆ من بوو کە فیشەك لە حەوزی قاچی راستم درابوو، فیشەکەکان لەناویدا تەقیبونەوە، چونکە شوێنی دەرچونی دیار نەبوو. ئەو لەو نەشتەرگەیەدا برینەکەمی زیاتر هەڵدریوو بەدوای فیشەکەکاندا یا پارچەی فیشەکەکاندا دەگەرا،واتە هەتا رانمیشی هەڵدرێ هەر بەئاگا بووم، بەڵام دواتر بێ هۆش کەوتم...

نەشتەرگەری دووەمیشی هەر بەبێ بەنج،بۆ هەڤاڵ (هاشم بنەیی) ئەنجامداو یەکێك لەپەنجەکانی برێووە..

* https://www.facebook.com/peshrew.shwani

---

*هاشم بنەیی پێشمەرگەی دەستەی کاك شۆورش قەرەهەنجیری بوو

لەتیپی ٢١ کەرکوك، لەم دوایانە بەروداوی ئۆتۆمبیل گیانی لەدەستدا.



# پێشمەرگەی دێرین رەزا محمد عەلی دوو یادەوەری خۆی دەگێڕێتەوە

## یادەوەری یەکەم

کۆتای مانگی٧وسەرەتای مانگی ٨ بو،تیپی ٢١ کەرکوك تیپی ٢٥ خاڵخالاّن بە سەرپەرشتی بەڕێز کاك(علی بچکۆل) نەخشەیەکیان داناکە هێرش بکرێت بۆ سەر ڕەبایەکانی سنوری شیوە سور کە نزیکەی ٨ رەبایە ئەبوو بۆ ئەم مەبەستەلەپشت گوندی گەڵناغاج لەگەڵ سەرتیپ و کەرت و مەفرەزەکاندا کۆبونەوە کراو ڕۆژ و سعاتی صفردانرا....

ئەوە بوو هەردو تیپ (٢١و ٢) لە گوندی تورکمان باغ یان کاریزەی خاڵخالاّن ئامادەبوون وە کەرتەکان دابەش کران و هەر کەرتەش مفرەزەکانیان ئامادە کرد و دەستەی هجومیان دەست نیشان کرد...

شەهید دکتۆر هادی تجهیز کرا بوو بە دەرزی و دەرمان .

ئێوارە دوای نان خواردن مفرەزەکان کەوتنە رێگابەرەو ئەو شوێنەی بۆیان دانرا بوو..ئێمەش بەرەو شیوەسور کەوتینە ڕێگا لە گەڵ د.هادی

(٥ـ ٦) پێشمەرگە بوین، دکتۆر هادی وتی ئەچین له شیوه سور له ماڵی حمه نان ئەخۆین( ڕیزم هەیه بۆ کاك محمد دوشیوانی). وتم زۆر باشه،بەلاّم د.هادی هەر ئەیویست خۆی لەمن جیا بکاتەوه،منیش لیی نەئەبومەوه، ئەمزانی مەبەستی چیه..! چوین نانمان خوارد و هاتینه دەرەوه ، وتی من لەگەڵ کەرتی شەهید شاهۆ دانراوم،ئەی ویست بڕوات بۆ لای ئەوان،وه خۆی خسته دەستەی هجومەوەمنیش وازم لێنەهێناوتم کاکەگیان تۆکەی بۆ ئەو شوێنه دانراویت.؟ هەرچۆنێك بوو نەمهێشت بڕوا لەگەڵیاندا بەراستی زۆری پێی ناخۆش بوو.

وتی کاکه تۆ هەقت نیه لێم توڕه بوو ..

وتی نارۆم بەس یەك شتم لەگەڵ بکه ، جانتایەکی بچوکی دەفتەری پیٚ بوو کەڕەنگی قاوەی مەیلەو سوور بوو،وتی ئەمه ئەرشیفی منەو تا ئێستا کەس نەیبینیوه، زۆر پیرۆزه لام بالات بێت.لێم وەرگرت، هەرچۆنێك بوو ڕۆیشت ئێمەش وەك کەمین لەناو شیوەسور ماینەوه. شەڕ دەستی پێکرد ئەوه بوو تادەمەو بەیانی شەڕ درێژەی کێشا.....

دکتۆر هادی دیار نەبوو دەمەو بەیانی له ئۆمەرمەندان بینیمەوه جانتکەم دایەوه دەستی وه تیماری برینداره‌کانی ئەکرد،دوای بۆی گێرامەوه که گەیشتۆته لۆفەکانی ڕێگای تەقتەق وەچۆن دابڕاوه له هاوڕێکانی وڕێگای لیٚ تێك چوەو لەلۆفەیەك خۆی هەڵداوه. لێرەدا ئەمەوێت ئەوه بڵێم که ئەم کەڵه شەهیده چەند بێباك بوو له دوژمن، وه بەهەر وەسیلەیەك بو خۆی گەیانده دەستەی هجوم و چۆن هەڵمەتی بۆ ئەبردن و له گەڵ ئەوەشدا چارەسەری برینداره‌کانی ئەکرد. دوای چەند ڕۆژێك دەفتەرەکەی(که جانتایی بوو) کردەوەوپیشانی دام بڕی (٨,٥٠٠)دیناری تیابو،وه هەروەها نوسراوێکی دوولاپەڕەیی بۆ خوێندمەوه،زۆر سەرسام بوم وەلاّمەکەی خۆیشی پیشان دام بۆ

ئەونامەیە.لەو وەڵامەدا دەردەکەوێت کە پیاوێکی چەند نیشتمان پەروەر و دەست و داوێن پاك و ئەمانەت پارێز بووە ، بۆیە لێرەوەداوالەوبەڕێزەی کەئەونوسراوەی دەستکەوتووەلەم ئەرشیفەی شەهید د.هادی بلاوی بکاتەوە. بەمەرجێك ناوی هاوڕێیەکمانی تیایە با پارێزراو بێت.

**یادەوەری یەکەم**

**کۆتایی هاوین و سەرەتایی پایز بوو، لە گوندی سەرچنار شەهید (د.هادی ) م بینییەوە داوای لێکردم کە بەیەکەوە بچین بۆ گوندی (جگیلە) دوای ئەوەی بەڕێکەوتین ، لەڕێوە چووینە دێی( قصرۆك ) شەو تا ٣ی شەو لەماڵی کاك(شیروان) ماینەوە ،کاك شیروان یەکێکە لە پێشمەرگە قارەمانەکانی (٢١ی کەرکوك)بەیانی بەتاریکی پەڕینەوە لە جادەی (ڕێدار ـ تەق تەق ). بۆ گوندی جگیلە مسافەیەکی کەم رۆیشتین (کەبەسەرمانەوە ڕەبایە بوو) چووینە ناو دێیە کەوە کە نزیکەی هەشت ـ نۆ ماڵێك دەبوو لەم پەڕینەوەیەدا شەهید هادی هەر خۆی پێشڕەوی ئەکرد. چوینە خواروی ماڵەکان بەدەستی ڕاستدا سیاجیکی گەورە هەبوودەرگایەکی تەنەکەی هەبوو، د.هادی پێی وتم لێرە دانیشە من ئەچمە ژورەوە، بە هێواشی لەدەرگای دا ..**

**وتی : دکتۆر دکتۆر... ئیتر چووە پێش، دەرگا کرایەوە و چوە ژورەوە ، وە پاش ٥دەقیقە هاتە دەرەوە، وتی وەرە ژورەوە،ژوریکی بچوك بوو سەلاجەیەك و تباخیکیٚ تیا بوو، دنیا بەرەو ڕوناك بوونەوە ئەڕۆیشت . دکتۆری خاوەن ماڵ پێشوازی لێکردم و دانیشتم ..ئیتر من هەرچاوێکم لە دەرەوە بوو ، کەوتمە دڵە ڕاوکێ..... دکتۆر هادی پێی وت باشە دکتۆر وەعد نەبوو دەرزی و دەرمانەکانم بۆ حازر بکەیت چۆن نەتهێناوە ؟**

ئەویش وتی : ئێوەنان وچا بخۆن ئەچم لەتەق تەق لەماڵی خوشکم دامناوە بۆتان ئەهێنم، زۆر بەلامەوە سەیر بوو د.هادی یەکسەر وتی باشە ..
(وەعد بوو کە دەرزی ودەرمان وەربگرین و یەکسەر دەرچین لە دێیکە)
وتی ئەچم ماست و هێلکە دێنم ..کە ئەو ڕۆیشت وتم د.هادی ئەوە تۆ چی ئەکەیت ئێمە لەناو جەرگەی جیشەکەداین . وتی ئەمە لە براکانم فەرزترە وە هاورێی و خزمەە و دکتۆری ئەم دێیە وتم باشە با ئەم نەڕوات یەکێك بنێرێت بچێت دەرمانەکان بهێنێت . کەگەڕایەوە د.هادی پێی گووت بۆ یەکێکی تر نانێریت،پێم باشترە ، دکتۆری خاوەن ماڵ وتی زۆر چاکە .... بوو بە سعات ٩,٣٠ . کوڕێکی نارد، لە سعات ١١,٤٥کوڕەکە گەڕایەوە، دەرمانەکانی هێنابوو. وتی هێزێکی عسکەری کە ٨ سیارە ئەبن بەرەو ئێرە دێن ، پاش ١٠ خولەك ٣ سیارە هاتنە ناو دێیە کەوە، لە پەنجەرەکەوە سەیرمان دەکرد کرد .....
د.هادی چووە بەردەم پەنجەرەکەو وەمنیش خۆم خستەپشت دەرگا و خۆم ئامادە کرد . پاش ٥ دەقیقە ئەو کوڕەی دەرمان و دەرزیەکانی هێنا وتی ئەڕۆم ئێمەش لای خۆمان گلمان دایەوە، پاش ماوەیەکی کەم کەسەیری پەنجەرەکەی کرد و جەیشەکەی بینی بەدەنگی بەرز هاواری لێ بەرز بوەوە،د.هادی پەلاماری داو دەمی گرت، کۆڕە گیانی کەوتە لەرزین و عەرەقی دەردا ،توشی هستریا بوو،منیش هەردوو قاچیم گرت و بە جامانەکەم قاچیم بەستا،هەردەستیان لە سەر دەمی لا ئەبردهاواری ئەکرد د.هادی چووەوە بەردەم پەنجەرەکەو متابعەی ئەکردن وئەمان گوت چیە؟ هەر ئەی گووت هیچ نیە،بە ڕوکاری مندا پەنجەرەیەکی بچوك هەبوو سەیرم کرد جوندییەك لەبەردەم سیاجەکەدا بوو، کە هەر١٠مەترێك دوور بوو


لێمانەوە،وتم د.هادی  ئەوەلەبەردەم سیاجەکەدایە.وتی هیچ مەکەئەزانم، ئەوەبووماوەی نیوسعات مانەوەو حەیوانێکیان  بردو ڕۆیشتن . ئێمەش نە مان هێشت کوڕە کە بڕوا  تا دەمەو ئێوارە،کە لە دێیەکە دەرچوین بەرەو مەرزیخە ودەرماناو پەڵکانە بۆ لای بەڕێز کامەند .کەلوپەلەکانمان لەوێ داناو  هەر ئەو شەوە گەراینەوە ولە تورکمان باخ ماینەوە... لێرەدا ئەمەوێت باس لە قارەمانیەتی و پشوو دریژی و سەلیقەی  ئەو کەڵە شەهیدە  بکەم کە هیچ کاتیك ماندوو نە ئەبوو.....

هەزار  سلاو لە گۆڕەکەی و هەرەوەها سوپاس بۆ ئەودکتۆرە بەڕێزەی (خاوەن ماڵ) کەهاوڕی د.هادی بوو بەڕاستی پیاوێکی ئازاو بە جەرگ بوو .داوای لێبوردن لە هاولاتیە بەرێز و دڵسۆزە ی خەڵکی جگیلە ئەکەم .


سەرکەوتوبن ..

٢٠١٥. ٩ . ٦

# بەشی چوارەم




# کاروانی شەهیدان



**هەڤاڵ چەتۆ صالح سەعید (سەربەست)**

**بیرەوەرییەکانی دەگێڕێتەوە**

**پێشمەرگەوپارتیزانی دوای ئەنفال و**

**هاوکاری پارتیزانەکان کاك چەتۆصالح سعید دوای ئەوەی(د.هادی)برای**

**بەکیمیاوی شەهید دەکرێ و باوك و پێنج برای تری لە قەسابخانەکانی**

**رژێمدا بێسەروشوێن دەکرێن و برایەکی تری لەگەڕەکی (رەحیماوا)ی**

**کەرکوك بەبەرچاوی جەماوەرەوە گولەباران دەکرێ**

**بابزانی ن چ رێگایەکی سەختی گرتۆتەبەر**

## کارەساتی ئەنفال

ئایاری١٩٨٨دوابەدوای پەلاماری ئەنفالی چوار..ئێمەش لەناوچەکانی خۆمان لەبناری خاڵخالاَن ولەگوندی (مۆردخوادە)ی خواروبووین، بەناچاری روومان کردەشارەکان، لەرێگای کەسێك کەچەکداری خفیفەبوو بەناوی(کاك اسماعیل) لەشارۆچکەی(تەکیەی کاکەمەد)ەوە بەخۆیی و سەیارەیەك و چەند چەکداریکیەوە من و کاك (نەجات تەنکەر) پێشمەرگەی (تیپی٢١کەرکوك)ی گواستەوە بۆشاری کۆیە،ئەم برادەرە لەرێگای کەسوکاری کاك نەجات تانکەرەوە بۆمان دۆزرابووەوە ،کاك اسماعیل خۆی خەڵکی ناوچەی بشدەربوو، بەلاَم لە راگواستنی ناوچەکانی سنورەوە لەسالاَنی پێش هەشتاکانەوەلە تەکیە گیرسابوەوە، بەسوباسەوە بۆئەو هەڵوێستە جوامێرانەیەی کەئێمەو ژمارەیەکی تری پێشمەرگەی دەربازکردبوو، ئەوەبوو هەرلەرێگای کەس وکاری کاك نەجاتەوە رێنوێنی وچاوساغیمانیان کرد تاکو گەیشتینەئەودیوی حەمامۆك، لەنزیك گوندی وێرانکراوی (میرسەید)ەوە ماوەیەك بەراکردن رۆیشتین، تاکو لەمەترسی دوورکەوتینەوە، گەیشتین بەو دیهاتانەی هێشتا لەژێرکۆنترۆڵی

پێشمەرگە قارەمانەکانی مەڵبەندی٣دا بوون، کەئەو کات بەڕێز کاك کۆسرەت سەرپەرشتی دەکرد، ناوچەکە زۆر ئارام و ئاسایی بوو، هێشتا قۆناغی ئەنفالی ئەوناوچەیە دەستی پێنەکردبوو، ئەوەبوو چووین بۆلای کاك کۆسرەت لە گوندی خەتێ، بارەگای مەڵبەند لەوێ بوو، من زۆر عەودالی هەواڵی چارەنوسی کاك دکتۆرهادی برام بووم، چونکە بەرئەنفالی یەك کەوتبوون. یەکێك دەیووت ماوەو یەکێکی تر دەیووت شەهید بووە، ئەوەبوو یەکەم پرسیارم هەواڵی دکتۆرهادی بوو، کاك ملازم عومەریش لەوێ بوو،هەواڵی شەهیدبوونی کاکە دکتۆر هادی برامی پێ ڕاگەیاندم ،ئەوان لەڕێگای بێسیمەوە تەواوی هەواڵی شەهیدبوونەکەیان دەزانی،زۆرڕێزیان لێگرتم ومورِاعاتیان دەکردم، داوایان لێ کردم بچم بەرەو ئێران و لەوێشەوە بەرەو گوندی شاناخسێ ،ئەو شوێنەی کەدکتۆرهادی برام بە چەکی کیمیاوی لێ شەهیدکرا بوو، منیش رەزامەندبوم، ئیتر بەڕێکەوتین بەڕێگایەکدا کە یەکجار سەخت و دژوارو پڕلەمەترسی و ماندوێتی زۆربوو،تاکو گەیشتینە بارەگاکانی (گوێزێ)و (دۆلەکۆگە) لەقەندیل، لە گوێزێ چوومەلای کاك نەوشیروان ئەویش ڕێزێکی زۆری گرتم، ماوەیەك لەوناوە بووم، دواتر کاکە( ئازادەەورامی)م بینی و لەگەڵ خۆی بردمیەوە بۆ(دۆلە کۆگە) کە مالەکەی خۆی لەوێ بوو، چەند حەفتەیەك لەوێ بووم، خۆی و خاتوو شنۆی خێزانی زۆرخزمەتیان کردم، زۆر ڕێزیان دەگرتم، زۆرمراعاتیان دەکردم و سۆزوموحیبەتیان زیاد لەپێویست بوو، بەجۆرێك کەمن هەست بە خەم و ئازارنەکەم، کە لەماوەی تەنها ساڵێکدا لەخێزانێکی یازدە کەسی تەنها خۆم مابومەوە و پێشمەرگەش بووم و ڕێگای هات ونەهات و غەریبیم گرتووە بەرو لەناوشاریش تەنها دووکەس مابونەوە کەئەوانیش دایکم وسەباحی برام بوون، لەناوشارەکان دەربەدەریان دەکێشا و (اختفا)بوون، واتە( ٨) هەشت

کەس لەباوکم و براکانم بە چەکی کیمیاوی و گوللەباران و بێ سەرو شوێن لەناوبرابوون،ئەوەواتە ئەنفالی خێزانێك، بەلاّم لەناو شار.. نەك لە لادێ شەهیدبون، لەپێناوی گەل ونیشتمان..ئەو ماوەیە تاڕادەیەکی زۆر هەستم بەئاسودەیی دەکرد،لەماڵی کەسێکی گەورە،لەماڵێك پڕاوپڕ لە جوانی،خوێندنگایەکی نمونەیی،خێزانێکی میەرەبان، هەرگیزلەیادم ناچێت، جونکە کاك ئازادهەورامی پێش خەباتی پێشمەرگایەتی هاوڕێ شەهید دکتۆرهادی ومامۆستامهەدی برام بوو.. ئێوارانێك کاکە ئازاد پێ ی ڕاگەیاندم کە خولێکی گرنگ لە ئێران لەتاران هەیە، پێم باشە بەشداری بکەیت،تۆزێك دوربکەویتەوە لەخەم و ئازارو مەقەڕو ئەم دۆڵ و شیوە قولاّنە،هەروەها لەو خووله سودمەند دەبیت، لە ئەزموون و زانیاری پێشمەرگانە.. ئەوە بوو زۆربەخۆشحاڵیەوە قبولّم کرد، ڕۆیشتم بۆخولەکە، لەگەڵ( ٩٩ )کەسی ترچووین بۆ تاران و خولەکە ٤٥ ڕۆژ بوو، لە شمالی ئێران و نزیك مازندران بوو، کەخۆشترین شوێنی ئێران بوو، زۆربەداخەوە لە ناوەڕاستی خولەکەدابوین هەواڵێکی جەرگ برەیان پێ ڕاگەیاندین ، کە کاك ئازاد هەورامی شەهید بووە ، ئێستاشی پێوەبێ هێندەی شەهیدبوونی براکانم کاریگەری بەسەرمە وەەبوو.. دوای تەواو بونی خولەکە هاتینە شاری بانەو لەوێ پێیان ڕاگەیاندم کە بچین بۆ گوندی (بلەکێ) ی سەرسنوورچونکە تیپی٢١ی کەرکوك لەوێن، ماوەیەکیش لەوێ بووم،ئەو دۆخەی ئەوسەردەمە زۆرناخۆش بوو،چەند خانویەك بوو لەدەرەوەی گوندەکە، پێشمەرگەکان بەیاری بالەوە خۆیان سەرقاڵ دەکرد وەەندێکیشیان بەخویندنەوەوەخەریك دەبوون،جاربەجاریش هاتوچۆی شاری بانەمان دەکرد، لەسەردانێکم بۆشاری بانە من وکاك (نەجات تانکەر) سەردانێکی ماڵی کاك دڵشادحافیز برای کاك شێرزادی جێگری فەرماندەی

تیپمان کرد، که ئەوکات کاك دڵشاد نوێنەری یەکێتی بوو، بەرپرسی عیلاقات بوو لە شاری بانە ،مەبەستی سەردانەکەم بۆ ئەوەبووکە لە ڕێگای کاك دڵشادەوە پسولەی ڕێگاپێدان (بەرگە)م بۆبکرێت ، تاکوبتوانم بچم بۆگوندی شاناخسێ و گۆڕی شەهید دکتۆرهادی برام بدۆزمەوە،تا بەچاوی خۆم گۆرەکەی ببینم وبۆدوارۆژ شارەزای شوێنەکەی بم، ئەوەبوو بەسوپاسەوە کاك دڵشاد کارەکەی بۆمان کرد،ڕێنوێنی باشی کردین، کاتێك گەیشتینە نزیك گوندی شاناخسێ ،هەستمان بەجموجوڵێکی نائاسایی هێزەکانی ئێران دەکرد، ئێمەگەیشتینە لای برادەرانی تیپی ٣٧ی شارباژێر،ئەوکاتە زانیمان ئێران بڕیاری ڕاگرتنی جەنگی داوە، دەستی کردووە بەپاشەکشێ،چونکە شاناخسێ سنوری عێراق بوو دەبوایە هێزی پێشمەرگەش ناوچەکەی چۆڵ بکردایە،هەرچۆنێك بوو بە بەسوپاسەوە بۆبرادەرانی پێشمەرگە لەشارباژێر، توانیمان بگەینە سەرگۆڕی شەهید دکتۆرهادی..

لەژیانمدا هێندەی ئەو جارە نهەژاوم،لەناخەوە جەرگ و دڵم دەتوت شەقارشەقار دەبێت، هەستم دەکردخوێن دەچۆڕێت ،بەڕاستی زۆربۆمن قورس بوو ئەو هەموو کارەساتە یەك لەدوای یەکانە بەسەرماندا هاتبو، لەکاتێکدا تەمەنم نەگەیشتبوە ٢٠ساڵان،ئەمە بەپێچەوانەی هاوڕێکانمەوەبوو کە هەندێکیان ماڵ ومنداڵیان لەگەڵدا بوو، یاخود براو ئامۆزاو کەسی نزیکیان لەگەڵدا بوو، بەڵام من تەنهاو تەنها بەس خۆم بووم ،تەنانەت خەڵکی گەرەك و گوندەکەشم لەگەڵ نەبوو، ئیتر پەلەپەلیان لێ کردین،وتیان ئێران پردەکان دەتەقێنێتەوە و فریا بکەون .. من بۆئەوەی گۆرە پیرۆزەکەی براگەورە خۆشەویستەکەم دەست نیشان بکەم شتێکی وام دەست نەکەوت، بەناچاری چەند فیشەکی دۆشکا لەوێ بوو،لەگەڵ کاك نەجات بارووتەکەیمان دەرەێناو هەربەوباروتە نووسیم (شەهید

دکتۆرهادی) و دواجارئەو باروتەمان سوتاندو ئەو نوسینەی پێوە مایەوە، دواتر لەگەڵ سەرجەم پێشمەرگەکان بەیەکجاری ناوچەکە چۆڵ کراوگەڕاینەوە بۆبانە.

**بارەگاکانی تیپی ۲۱ی کەرکوك لە گوندی بلەکێ ی سەرسنور**

لەسالی ۱۹۸۹داگوندی بلەکێ دیاری کرابوو بۆ ژمارەیەك لەتیپەکان ، ئەو گوندە کەوتبووە بناری سورێن واتە ئەو شاخەی ئێران وعێراقی لێك جیا دەکردەوە، بلەکێ گوندێکی گەورەو خۆش بوو، خەڵکەکەی زۆرباش بوون و لەشاری بانەوە زۆرنزیك بوو، زۆرێك لەپێشمەرگەکان خۆیان بەیاری بالەو تۆپی پێ و وەرزشەوەسەرقاڵ کردبوو،تیپی وەرزشی جۆراوجۆریان دروستکردبوو، خولی زۆردەکرایەوە،هەندێ لەبرادەرانیش بە خوێندنەوەوە خۆیان سەرقاڵ دەکرد،بەرپرسی تیپ ئەوکات کاك رەفعەت بوو،وەك مسئولی تەنزیم ئەوسەرپەرشتی تیپی ۲۱ی دەکرد، دوای چەند ڕۆژێك کاك رەفعەت عبدالله بانگی کردم، دیاربوو دەیزانی من لەدۆخێکی زۆردژواردام،لەپێش ئەنفالەکانیش کاك رەفعەت هاوڕێیەکی زۆرزۆر نزیکی کاك دکتۆرهادی بوو، دوای هەندێك هەواڵ پرسین وگفتو گۆ و سۆراغی ماڵی خۆمانی کرد واتە باوك و براکانم لەوەلامدا وتم هیچ شتێك نازانم، ئیتر پێشنیاری بۆکردم کە بچم بۆ سنوری ڕانیە و قەلادزێ، بۆئەوەی سۆراغێکم دەس بکەوێت، وتی من چەند کەسێکی زۆردڵسۆزو قارەمان دەناسم ،کە لە رێکخستنە نهێنیەکانن، لەڕانیە..

هەرئەوان بوون منیان ڕزگارکرد وگەیاندیانمە بناری قەندیل و متمانەی تەواویان پێ بکە،ئەوان بەشێکیان چەکداری حکومەتن، بەلام سەربەرێکخستنەکانن ،هەرلەوێ ئەدرە س ونەخشەی تەواوی شوێنەکانی بۆم کێشا، من بەلامەوە ئەم کارە زۆر سەیرو قورس بوو، بەلام دوای ئەوەی بە تفاصیل شتەکانی بۆباس کردم واتە بەرنامەی ڕۆیشتنەکەوچۆنیەتی گەیشتنم بۆ ڕانیە..

وتی بەیانی وەرەوە بۆلام ئەو نامانەت بۆ ئامادەدەکەم هەم بۆ سەرسنوور بۆ برادەرانی عیلاقاتی خۆمان و حیزبی دیموکرات وەروەها هاوڕێیانی ناو شار.. بۆبەیانی چومەوە بۆلای هەموو شتەکانی ئامادەکردبوو، زۆربەوردی ڕێنیۆنی کردم و وتی ئاگات لەخۆت بێت و ئەو ڕۆیشتنەی تۆ بە ڕەزامەندی مەکتەبی سیاسیە واتە یەکێتی ئاگادارە..

**ڕۆژی ١٩٨٩\١٢\٨ بەڕێکەوتن بۆناوخۆی وولات** ..

کاتێك گەیشتمە لای برادەرانی خۆمان لەنزیك گوندی (سونێ) ی سەرسنوور ئەو نامەیەی کاك ڕەفعەتم پێیان داو ڕێزێکی زۆریان لێگرتم، وتیان تۆلێرەبە تاکو کارەکان لەگەڵ برادەرانی دیموکرات جێ بەجێ دەکەین، دوای دوو ڕۆژ ئەو برادەرەی خۆمان بردمی بۆ بارەگای برادەران دیموکرات و شەوێك لایان بووم،بۆ ڕۆژی دواتر سەعات ٧بەیانی لەگەڵ برادەرانی حیزبی دیموکرات کەچەند کەسێك بون وەك مەفرەزەیەك وابون، من جلی ئەوانم پۆشی و چەکێکیان پێ دام و لەگەڵیان سەرکەوتم، تاکو ڕانیە زۆرئاسایی و بێئەوەی ڕامان بگرن،یا لەبازگەکان بمان پشکنن،بەسەلامەتی گەیشتینە بارەگاکەیان لەڕانیە،شەوێك لەوێ بووم، بەلاّم بهەیچ شێوەیەك دەرنەچوومە دەرەوە، بۆ ڕۆژی دواتر برادەرێکیان بەجلی ئاساییەوە لەگەڵم هات، وەك چاوساغێك تاکو گەیاندمیەماڵی کاك عبداللەی حاجی ڕسول ،کە لە ئۆردوگای ڕانیە بوو، ئیتر ئەو برادەرە خواحافیزی لێکردم و ڕۆیشت، کەچوومە ماڵی کاك عبدالله لەدەرگاکەیانم دا دایکی دەرگای لێم کردەوە، ئافرەتیکی تۆزێك بەتەمەن بوو، ئەوەندە بەگفت و لفت بوو، ئەوەندە نورانی بوو، لە دەموچاوی دا شۆڕگێڕی دەباری، فەرمووی لێکردم.. منیش قسەم نەکرد، وتم کاك عبدالله لەکوێیە..؟ وتی تۆزێکی تردێتەوە، خێزانی کاك عبدالله وخوشکەکەی هاتن بۆبەخێرهاتنم،

زۆرگەورەیی و خانەدانی و میەرەبانیان پێوە دیاربوو، پاش چەندسەعاتێك كاك عبدالله هاتەوە.. دوای هەندێك دانیشتن دووبەدوو نامەكەی كاك رەفعەتم دایە دەستی، ئیتر لەدوای ئەوەوە كاك عبدالله دەست بەكاربوو، لە گەڵمدا هات بۆماڵی كاك (سید حاجی) ئەو نامانەی هێنابووم بەشێكیان پەیوەندی بەمنەوە هەبوو،بەشێكیان پەیوەندی بەوبرادەرانەی ڕێكخستنەوە هەبوو، بۆئەو هێلە تایبەتەبوو كەلەكاتی ئەنفالەكاندا لەگەڵ هێلەكانی سلێمانی وشوێنەكانی تر ئەركی گواستنەوەی پێشمەرگەكانیان لەئەستۆگرتبوو،بەتایبەتی بریندارەكان، نامەكەی من بۆئەوەبووكە بۆ ماوەیەك لەلایان بمێنمەوە.. بمپارێزن، تاوەكو كارەكەم تەواو دەبێت، ئەو برادەرانەش زۆر بەیان چەكداری رژێم بوون و فەوج وسریەیان هەبوو،كە ئەوانیش كاك(سیدحاجی وبراكانی )و (كاك عبداللەی حاجی رەسوڵ) خەڵكی بناری قەندیل و برادەرێكی تر بە ناوی(كاك مستەفا عزالدین)خەڵكی كەركوك بوو.كاك سیدحاجی كەسێكی زۆر ئازاو دڵسۆزبوو، لەخۆ بردوو بوو، ماڵیان بە تەنیشت مخابەراتی ڕانیەوە بوو، كەچی لە یەكێك لە ژورەكانی ماڵیان لەلایەن كاك مستەفاعزالدین كە بە ناوی( كاتب فوج خەفیفە ) وە تابعە یەكی هەبوو، دواتر زانیم كاك مستەفا شارەزاییەكی باشی هەبوولەدروست كردنی ناسنامەو نوسراوی میری و دروست كردنی مۆری (تەزویر) لە سەردەمی ئەنفال دا، لە چەمی ڕێزانە چەندین بەرپرسی پ.م هەروەها پ.م بریندار لەلایەن كاك سیدحاجی و كاك مستەفاو كاك عبداللەوە لەلایەن كاك مستەفاوە ناسنامەی تەزویر (أمنی عام) یان بۆ كرابوو، كەبەسەیارەوپاسەوانەكانی كاك سیدحاجی دەرباز كرابوون بۆ ڕانیەو دواتریش لە ڕێگای بارەگاكانی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێرانەوە لەڕانیە كەئەو كات هەماهەنگی باش هەبولەنێوان یەكێتی نیشتمانی كوردستان وحیزبی

دیموکراتەوە بەهاوکاری ئەوان پێشمەرگە بریندارەکانمان بەسەیارەکانیان دەگوازرانەوە بۆبارەگاکانیان لەناوچەکانی بناری قەندیل وەەندێك جارخێزانی پێشمەرگەکانیشیان بردوە بۆبناری قەندیل وەبەشێك لەو پێشمەرگەو بەرپرسانەی دەربازکراون ئەوەندەی بۆمنیان باس کرد (کاك علی بچکۆل وکاك رەفعەت عەبدوڵلا کەلەوکاتەدالەچەمی ڕێزان مارپێوەی دابوو، کاك عبداڵلای حاجی رەسولّ مالەکەی خۆی لەڕانیە تەرخان کردبوو بۆحەواندنەوەو حەشاردانی ئەو پێشمەرگانەی کەبەڕێ دەکران بۆبناری قەندیل، یەکێك لەو پێشمەرگانەش کاك رەفعەت عبدالله و وەژمارەیەکی ترهەرلەماڵی کاك عبدالله بەڕێ کرابوون ، ئەوکاتەی من لەوێ بووم پەیمان خانی خێزانی کاك رەفعەت عبداللەش ماوەیەك لە ماڵی کاك عبدالله بوو، من لەگەڵی ڕۆیشتم وەك برایەکی خۆی چونکە جگە لەهەردومندالەکەی کەسی تری لەگەڵ نەبوو،تاکو گەیاندمانەب ارەگاکانی دیموکرات وخۆشبەختانە بەسەلامەتی گەیشتبووە ئێران..

دوای ماوەیەك بەهۆی ئەوەی کاك مستەفاعزالدین خەڵکی کەرکوك بوو، زیاتریەکمان ناسی،هەمو کاروبارەکانی خۆی هەروەهائەو نهێنی وکەرەستەی دروستکردنی ناسنامەو بەڵگە وپسولەی ڕێگاپێدانی دام و دەزگاکانی ئەمن واستخبارات وشێوازو چۆنیەتی دروست کردنی پێ نیشان دام و ئاشنای کردم بە هەمو کارەکانی .. بەهۆی ئەوەی من خەڵکی کەرکوك بووم خەڵکی ڕانیەو ئەوناوچەیە منیان نەناسی،تەنانەت کاك مستەفاعزالدینیشیان نەناسی، زۆرجار من و کاك مستەفا پێکەوە دەسوڕاینەوە و چەند جارێکیش لەگەڵ کاك سیدحاجی وکاك سیدئەحمەدی برای وەاوڕێیەکی خۆشەویستمان کاك احمد قەسرۆکی کەپێشمەرگەیەکی قارەمان بوو، بەهۆی کارەساتی ئەنفالەوە لەلای کاك سیدحاجی خۆی حەشاردابوو، لە لایەن کاك مستەفاوە پسولەی ساختەی

بۆکرابوو..چەندجارێك لەگەڵ ئەو برادەرانە سەفەری سلێمانی و هەروەها کەرکوك و هەولێرمان کرد بەحوکمی ئەوەی کاك سیدحاجی بەرەسمی ئامری سریەی چەکداری خەفیفە بوو،سەیارەی مۆدێل بەرزی پیێ بوو، زۆرجار بەخەتی عەسکەریدا لەبازگەکانی ڕژێمەوەدەڕۆیشت،ڕایان نەدەگرت وبۆئیمەش ناسنامەوپسولەی تەزویریان کردبوو، لەسەردانەکانی ئەوشارانەدا ئەو هەڤاڵانەی ڕێکخستنمان دەبینی، هەروەها زانیاری وردمان لەسەردام ودەزگاکانی ڕژێم کۆدەکردەوەو دەمان ناردبۆسەرکردایەتی .. چەندجارێك کاك مستەفا منی دەبرد بۆ ژورە تایبەتیەکەی لە ماڵی کاك (سید حاجی) چونکە تابعەکە وکەل وپەلەکانی خۆی لەویێ بوون، کەناسنامەو مۆروشتەکانی پیێ دروست دەکرد،زۆرباش لەبیرمە مۆرەکانی(أمنی عامەی) بەچ جۆرێك دروست دەکرد، ئەوکات حەرفی سەریعی تەبعی ئێرانی هەبوو، کە داتدەنا لەسەر کاغەز ئەتکرانەوەو لەبان کاغەزەکە وەك خۆی دەردەچوو، ئیتر لەسەر سیمی سەر قوتوی شیری منداڵ واتە ژێر قەباخی قوتوی شیرەکە و ئەو کەلیمانەی دادەبەزاندو دواتر شوێن حەرفەکانی چاڵدەکردو ئەوکات سەرقەباخی ڕۆنی ڕاعی هەبوو دەیتاواندەوە ناو ئەو سیمەی کە چوارچێوەی بۆکردبوو، دوای چەند دقیقەیەك کە وشك دەبوەوە سیمەکەی لێدەکردەوە و وشەکان ئەوکات بە عکسی دەردەچون، کاتێك مۆرەکەی دەخستە سەر ئیستمپاکەو دایدەنا لەسەر کاغەزی رەسمی یان (عدم تعرچ)ەکان وەك خۆی دەردەچوو، بەڕاستی بۆئەوکاتە ئەمە داهێنانێك بوو، من خۆم بەدرەنگ فێری بووم، زۆرسەرسام بووم،بەلاَم دوای ئەوەی فێربوم ئیترهەرکات لە شوێنێك بوارم هەبوایە ئەو شتانەم دوبارە دەکردەوە ..

دوای نزیکەی مانگێك لەڕێگای ئەم هاوڕێیانەوە توانیم بگەمە چمچمال،کە دایکم وسەباحی برامی لیّ بوو، لەماڵ ئامۆزایەکی دایکم بەناوی کاك (حمیدگۆگجەیی) دوای ئەوەی چاوم پێیان کەوت، دایکم ئەوەندە ئاسودەو دڵخۆش بوو وایدەزانی بهەمووو کورەکانی و هاوسەرەکەشی شاد بۆتەوە،من وام بلاّوکردەوە کە خۆم تسلیم کردۆتەوە،بۆئەوەی تووشی گرفت نەبم و ئەوکاتەش لێبوردنی گشتی هەبوو، ئەوەش بۆمن باش بوو،جونکە لەچەچماڵ کەمتر دەناسراین،دوای چەندڕۆژێك لە گفت وگۆو ڕاوێژکردن توانیم قەناعەت بەدایکم بکەم کە لەگەڵ خۆم بیبەم بۆ ڕانیە، بەلاّم کاك سەباحی برام زۆربەزەحمەت قەناعەتی کرد، ئەوەبوو بردیانم ، بەسوپاسەوە بۆکاك عبدالله خۆیی و خانەوادە بەڕێزەکەی باوەشی سۆزو میهرەبانیان بۆئیمەی بریندارو سەرگەردان کردەوە، لەنزیك ماڵی کاك عبدالله خانویەکمان بۆگرتن و هەندێك پارەی باوکم وەك ئەمانەت لای کوڕێکی پوورم بووبەناوی کاك عمربازرگان هێنامەوەو بەکارمان هێنا وەك پڕۆژەیەك، بەبیرم دێت(٢٠٠٠)دیناری سویسری بوو، دوکانێکی باشمان بۆکاك سەباح دانا،ئیترمن بێخەم بووم، تەنهابیرمان لای براکانم وباوکم بوو.

## ئاشكرابوونی هێلەكانی ڕێكخستن

لەڕێگای كاك (احمد قەسرۆكی)ەوە ئاگاداركرامەوە كە لەسلیمانی زۆرێك لەو هەڤالانەی ڕێكخستن دەست گیركراون، ئەوەش لەئەنجامی پێدانی زانیاری لەلایەن هەندێ لەو پێشمەرگانەی كە تسلیم دەبونەوە بۆئەوەی ڕژێم لێیان ڕازی بیت،یاخودەهندێك پارەو پول و امتیازێكیان پێ ببەخشرێت، ئەو پێشمەرگانەش لەو كەسانەبون ئەم ریكخستنە نەێنیە تێكۆشەرو جوامێرانە لەكاتی ئەنفالەكاندا دەربازیان كردبوون، ئیتر هەموشتەكانیان باس كردبوو، بۆدام و دەزگاكانی ڕژێم، كاتێك كاك مستەفام بینی ئێجگار بێتاقەت بوو، دیاربوو بەرنامەی هەبوو بۆ خۆحەشاردان وشتەكانی خۆی حەشاردە دا و لای یەقین بوو كە نۆرەی ئەوانیش دێت،بۆ بەدبەختی كاك سیدحاجی،لەو كاتەدا كابرایەكی سەربەڕژێم كوژرابوو بەناوی ( مستەفای جوتیاران)كە كەسێكی ناوداری ناوچەكەش بوو، ئەم تاوانەش درابووە پاڵ كاك سیدحاجی و لەناو خەڵكیش بلاوبووبوەوە،ئەوەبووئاكۆی عباس ئاغاش لەسەرئەم مەسەلەیە دەس گیركرا بوو،بەلاّم بەهۆی ئەوەی ئاكۆی عباس ئاغا مستشاربوو،كەسێكی بەهێزی ناوچەكە بوو،هەروەها خاوەن ئیمكانیاتێكی زۆربوو، ئەو ڕزگاری بوو، هەرچەندەهوڵێكی زۆریش هەبوو بۆكاك سیدحاجی بەلاّم ئەم كێشەیە هاوكات بوووە لەگەڵ ئەو حەملەیەی دەزگای ئەمن كە زۆرێك لە هاوڕێكانمانی گرتبوو،ئەوەبوو هەرئەوگرتنەی پێشوو بوو بە چارەنوسی هەتا هەتایی كاك (سەیدحاجی)..كاتێك كاك مستەفام بینی ئەو زۆرشپرزەو سەخلەت بوو، وتی تۆ هیچ مەترسە،نە ناوت هەیە لای ئەمن..نە ناسراویت لێرە، من شتەكانی خۆم زۆربەی لای تۆدادەنێم، ئەگەرئێمە تووشی گیران بووین، تۆ لەجیاتی من

ئەو کارانە بکەو ئاگات لەخۆت بێت ،تۆو کاك احمد قەسرۆکی پێکەوەبن، ئەوەندەی پیێ نەچوو کاك مستەفاش گیرا، فەرمانی گرتن بۆ کاك عبدالله ش دەرچوو، کەئەوکات سەربازیش بوو،بەلاّم چونکە ئاگاداربوو، خۆشبەختانە نەگیرا و چەند جارێکیش ئەمن لەکاتی ڕۆژو شەودا دایانەسەرماڵیان ..ئەمەش بۆمن و هاوڕێکانم لەناوشارو بۆیەکێتی نیشتمانی کوردستان گورزێکی زۆرکوشندە و کەمەر شکێن بوو، دوای چەندمانگێك لەبێسەروشوین کردن و پینەدانی مواجەهە بەبڕیاری محکمەی بەناو سەورەوە بڕیاردرا بە لەسێدارەدانی کاك(سیدحاجی)وکاك(مستەفا)وەاوڕێکانی تریان لەسلێمانی وبەشێکیان ئازاد کران، بەشێکیان حوکمی هەتا هەتایی دران.

ئیترمن و کاك احمدقەسرۆکی بەیەکجاری تووشی شۆك وسەرلێشێوان بووین، کاك احمد وەزعی زۆرتایبەت بوو دووژنی هەبوو، ماڵ و منداڵی زۆربوو، دەستی کورت بوو،من باشتربوم هێشتا گەنج بووم،چەندحەفتەیەك خۆمان لەڕانیە دورخستەوە، لەدەوروبەری کەس وکارەکانی کاك سەیدحاجی بووین، و کاك سیدابرایم خزمێکی کاك سیدحاجی بوزۆرپێمانەوە ماندوبو ئیترئێمە بوینە پارتیزان لەدەوروبەری شارۆچکەی چوارقوڕنە وڕانیە و لەناوشاریش خۆمان ئیختیفا دەکرد، زۆر حالەتێکی ناخۆش بوو ..دواتر من بەوشتانەی کاك مستەفا هەڵسام بە دروست کردنی چەندین پسولەی ڕێگاپێدانی سەربازی واتە (اجازە)ی دابەزینی ٧ڕۆژی بەوجۆرە تۆزێك بەئازادی ترجموجۆڵمان دەست پێکرد، ئەوەبوو کاك سیدابرایم خەمی کاك احمدقەسرۆکی خواردو هەرلەدەوروبەری خۆیان خانووی بۆ گرت و ئاگای لێیان بوو،منیش بەو بەڵگانەوە ئاسایی دەمتوانی جموجۆڵ بکەم، ئەوە بوو چوم بۆ کۆمەڵگای پیرەمەگرون بۆ ناوخزم و ناسیاوە کانی باوکم کەلەوێ بوون ..



## ڕۆیشتن بۆ پیرەمەگرون
## بەمەبەستی چونە ناوپارتیزانەکان

لەرۆژی١\٢\١٩٩٠لەسەردانێکمدا بۆشارۆچکەی پیرەمەگرون بۆلای چەند ماڵێکی دۆستی دێرینی باوکم،هەڤاڵی سەردەمی پێشمەرگایەتی ئەوبوون، ئەوانیش بنەماڵەی حاجی عبدالله وکریم داود هەروەها بۆلای پێشمەرگەی دێرین کاك(بەکرتەلانی) کەپیاوێکی زۆرقارەمان و سەرجەم ماڵ و مندالەکەی ئەنفال کرابوون، ئەویش بەلێبووردن هاتبووەوە و لەماڵی برا و کەس و کارەکانی بوو،من لەوێ زانیم کەپێشمەرگە پارتیزانەکان لە پیرەمەگرونن و خالە بەکریش پەیوەندی هەیە، بۆیە چووم ..بۆئەوە ی بچمەوە ناو برادەرانی پارتیزانی، کاتێك خالە بەکرم بینی و پێکەوە قسەمان کرد، شتەکانم بۆباس کرد، وتی هیچ خەمت نەبێت، برادەران بە قەد چیای پیرەمەگرونەوەن، هاتوچۆی ماڵی ڕسوڵی برام دەکەن ،هەموو پێداویستی و نامە گۆڕینەوەکانیان لەرێگای ئێمەو چەند ماڵێکەوەیە،هەروەها دڵنیابەوادەکەم لەنزیك ترین کاتدا کاك (غریب هەلەدنی)یش ببینیت، تائەوکاتەش دەتوانی لای ئیمەو مالەکانی تربیت، تۆکەس ناتناسێت بەئارەزوی خۆت سەردانی خزمان بکە، ئەوەبوو دوای چەند هەفتەیەك خالەبەکرتەلانی وتی هەموشتەکانم بۆکاك غریب باس کردوە،

زۆری پێخۆشه چاوی پێت بکەوێت ،لەم چەندشەوە موعیدەکەت ڕێك دەخەم، ئەوەبو دوای نیوەڕوانێك پێکەوە بوین لەناو ئۆردوگای پیرەمەگرون پێی ی ڕاگەیاندم کەئەمشەو برادەران دێن، بابچین بۆماڵی ڕسوڵی برام،ماڵی کاك ڕسوڵ لەسەر کۆلانێك بوو،نزیك بوولەدام ودەزگاکانی ڕژێم هەروەها ماڵی برای یەکێك لەچەکدارەکانی سنورەکەش نزیکی بوو، بەهەرحاڵ بۆ شەو لەماڵی کاك ڕسوڵ بووین..

سەعات نزیکەی١١شەو ئاگام لێ بو برادەران بهەێمنی و زۆربەوریایی و ماتەمات خۆیان هەڵدایە ناو حەوشەکەوە، گڵۆپەکانی حەوشە ودەرەوە کوژاندرابوونەوە، ئیتر لەژورەوە بەدیداریان شادبوم، کەئەوانیشبەڕێزان کاك غەریب هەلەدنی و کاك هێمن تەلانی —دوبرادەری تربوون ،کەوتینە گفت و گۆ، زۆرئاسایی و وەك ئەوەی لە یەکێك لە شوێنە رزگارکراوەکان بین، کاك غەریب زۆری پێ خۆش بوو، دیاربوو شتێکی دەربارەی وەزعی ماڵی ئێمەی دەزانی و وەك خۆی وتی تەواوی وەزعەکانی تر کاك بەکرتەلانی بۆی باس کردبوو، کەمن بۆ ماوەیەکی دیاری کراو دابەزیوم وبەهۆی ئاشکرابوونی هێلەکانی ڕێکخستنەکانەوە، منیش تووشی کێشەبوومە، یان دەبێ بگەڕێمەوە ئێران یان بەنهێنی لەناوشاربم، یان لەگەڵ برادەران ببم بەپارتیزان،ئەوەبوو کاك غەریب زۆرتشجیعی کردم،خۆشحاڵی خۆشی دەربڕی، وتی ئێمە بەدوای خەڵکانی وە ك تۆدا دەگەڕێین،هیچ خەمت نەبێت، تۆ هەرپێشمەرگەیت و لەم کاتەوە تۆ هاوکارێکی ئێمە بەو بەڕۆژ لەناو مجمع زانیاریمان بۆ کۆبکەوە، هەروەها لەجموجۆلەکانی ڕژێم و ئەو ڕێگایانەشمان بەڕۆژ بەباشی بۆ ببینەو ڕێگای هاتن و دەرچونمان و هەروەها هەوڵ بدە لەناو شارخەڵکانی تر ئامادە بکە وەك ئەم ماله ی ئێرە کارمان بۆ بکەن، چونکە ڕۆژێك دەبێت ڕژێم ئەم

شوێنانەی لا ئاشکرادەبێت وئێمەش توشی شکست دەبین، لەوەلاّمدا بێ هیچ دوودڵییەك من ئامادەیی خۆم نیشان دا،پێم ڕاگەیاند من پێشمەرگەم وبەم ناسنامە تەزویرانە زۆرئازادانە دێم ودەچم، ئیتر دوای ئەم قسانە ئەوان پێداویستیەکانیان کردە ناوکۆلەپشتەکانیان و خواحافیزیان کرد و منیش گەڕامەوە ناو ئەو بەشەی تری ئەو خزمانەی کە وەك و ماڵی خۆم وابوو، ئیترمن دەست بەکاربووم،بەجۆرێك زۆرلەوە زیاترکە کاك غەریب پێی سپاردبووم،هەم زانیاری هەمەلایەنەو چاودێری جموجۆلەکانی دوژمن دەکرد،هەم دەست نیشان کردنی خەڵکانی خۆفرۆش و ئامادەکردنی چەند کەسێك بۆ کارکردن و هاوکاری کردن،زۆر بەزوییش ماڵمان ئامادەکرد، هەمو ئەو کارانە وبینینی کاك غەریب یان برادەرەکانیم لەهەفتەیەکداسێ جار،یان زیاتر. هەرکات پێویستی بکردایە یەکمان دەبینی، واتە من بەڕۆژ کەسێکی ئاسایی و بەشەویش لەگەڵ برادەران پێشمەرگەبووم، چەندجارێك بۆهێنانیان بۆ ناوپیرەمەگرون من چاوساغیان بووم، دوای چەندمانگێك من لەماڵی کاك حاجی مەولودبوم، ئەوکات هاوین بوو،لەسەربان دەخەوتین، بەیانی سەعات ٧ بوو، خالە بەکرتەلانی هاتەلام و بەچرپەوە پێی ڕاگەیاندم کەئەمشەو کاك غەریب لەلامان بوو،ڕاسپاردەیەکی هەیە ئەویش ئەوەیە دەبێت بچیت بۆ(نەجەف وکەربەلا)ولەوێ ئەو بەردەنوێژانەی شیعەکان بەکاری دەهێنن وپێی دەڵێن (توربە)پەیدا بکەی،وتم بۆچیانە ئەوبەردەنوێژانە..لەوەلاّمدا وتی لەکاتی هاتن وگەڕانەوەماندا لەسەرسنور پاسدارەکان داوادەکەن لەگەڵ خۆتاندا بۆمان بەێنن وئەمەش گەورەترین شتە بۆئەوان،کاك بەکردەستیکردە باغەڵی جلە کوردیەکەیی و بڕی ٥(پەنجا ) دینار.

دوو بیست وپێنج دیناری سویسری( ئەوەی ئەسپەکانی تیدابوو)دەرهێنا ئەوەبو هەرهەمان ڕۆژبەپانتۆڵ وقەمیسێکەوە بەڕێ کەوتم بەرەو کەرکوك و جنوب واتە بەخەتی بەغدا سواری پاص بووم، بەڵام بۆ بێشانسیم لەناو پاصەکە دووەاوڕێی خۆم بینی، کەپێشتر پێشمەرگەبوون،خۆیان تسلیم کردبوەوەو سەربازبوون، لەبەغداـ تاجی وە زۆرپرسیاریان لیٚ کردم بەڵام هەرچۆنێك بو خۆم لەپرسیارەکانیان دەربازکرد،دواترلەشاری بەغدالەیەك جیابوینەوە،من بەڕێکەوتم بۆشاری نەجەف، ئەوەی زورجێگای سەرنج بوو، بەوڕێگا دورودرێژە وە کە چەندین سەعات بوو، ئەوەەموسەربازگە گەورانەو فڕۆکە و تانك وزریپۆش و ئەوبازگانەی پیا تێدەپەڕیم واتە ئەوڕژێمە زەبەلاحەم بینی و بەراوردکاریەکم کرد لەگەڵ ئەوژمارە کەمەی پێشمەرگە..سەرم سوڕدەما،هەرچەندە تاکو بچویتایە قوڵایی ڕژێم هەم بازگەکان کەم دەبوونەوە، هەم تشدیدات و تفتیش و لێپێچینەوە کەم دەبوەوە، بەهەرحاڵ گەیشتمە شاری نەجەف و دەبوایە زیارەت بکەیت منیش بەلاسایی کردنەوە ی زیارەتکاران و هەندێك حەرەکاتیان زیارەتێکم کرد، کەدەرچوینە دەرەوە بەڕیز خەڵك دانیشتبوون، ئەوبەردانەیان دەفرۆشت،چەندین جۆر بەردی لیٚ بوو، من لەهەرە بەردە باشەکان تا دووعەلاگەی پڕم کڕی و وردە وردە بەڕێ کەوتم ،لەڕێگا پاصەکە دوای چەندسەعاتێك لەڕۆیشتن هەستم کرد ئەم لاوئەولادەکات دوایی لەمقۆمقۆی نەفەرەکان زانیم کەخەوی دێت، دواجار بەوتیژرەویەوە لەجادەلای داو بوە هات وەاوارێك ئەوەندەی نەمابوو کەوەربگەڕێت، خوارەحمی کرد هێنایەوە، بەڵام زۆرێك لەنەفەرەکان تووشی ئازاربوون، منیش یەکێك بووم لەوانە سەرم بەر شیشەکان بەردەمم کەوت و بەرچاوم تاریك بوو، گێژبووبووم، گوێم لیٚ بوو ژمارەیەك سەربازی عەرەب زۆرباشیان لە شۆڤێرەکە داو دوای هەندێك ڕۆیشتن

لەشوێنێك پشووی داو بەسەلامەتی گەیشتینە کەرکوك، هەربەو بەرەبەیانیە وام پێ باش بووم بەڕێ بکەوم،خۆشبەختانە بەسەلامەتی گەیشتمەوە پیرەمەگرون، شتەکانم دایە دەستی کاك بەکرتەلانی و وتم من تووشی ئەو وەزعە بوومە و دەبێت پشوو بدەم، چوار ڕۆژ لەماڵی کاك حاجی مەولود لەجێگادا کەوتم، ڕۆژێك بەتەواوی وەك بۆمیان باسکرد ئاگام لەدونیا نەبوو بوو، بەڵکو وڕێنەم کردبوو، ئەوانیش بۆئەوەی خەڵکی غەریب گوێیان لەقسەکانم نەبێت منیان لەژورێکی تردا دانابوو، گوایە لەکاتی هاتنی ئەو برادەرە دکتۆرەدا وتبووی سەری تووشی سەدمەبووە،کاك بەکرتەلانی هات بۆلام و سلاّوو سوپاسی برادەرانی پێ ڕاگەیاندم، وتی زۆریان پێ سەیربووە، تۆ سەرکەوتوانە ئەوکارەت کردوەو چویتە قولاّیی سنورەکانی ڕژێمەوە،ئەم کارە جێگای ئەوپەڕی دەست خۆشی و ئازایانەیە – دوای حەفتەیەك لەماڵی کاك ڕسولّ تەلانی برای کاك بەکر چاوم بەبرادەران کەوتەوە، بەهۆی ئەو سەرکەوتنەی بەدەستم هێنا لەگەڵ کاك غەریب هەلەدنی وئەوان واتە رەتڵی سورداشی پارتیزانەکان کەتشکیلاتی ئەو سەردەمەبوو، چەندجارێك کاك غەریب بەجیهازباسی ئەوکارانەی منی بۆکاك نەوشیروان مستەفا کردبوو،کەتوانیومە هەم جاربەجارلەگەڵیان بم،هەم بەردەوام ئیش وکارەکانی ناوشار ئەنجام بدەم، کەئەم کارە مەترسی تربوو ئەو هەمو ئەرکە لەسەرم بوو، لەکاتێکتدا من تەمەنم زۆرنەبوو هەر ٢٠ساڵ دەبوم، لەئەنجامی ئەو کارانەدا لەرێکەوتی ١\٥\١٩٩٠ کاك غەریب ئاگاداری کردم کەبەڕێزکاك نەوشیروان بۆ ناوچەکانی دەوروبەری ( کەرکوك وشوان وشێخ بزێێنی) لە هەوڵی دروست کردن وناردنەوەی مەفرەزەیەکی نمونەیی وباش وجێگای متمانەیە ..لێی ی پرسیم ئایا دەتوانی لەگەڵیان بیت، وەك سەرپەرشتی کردنیان لەڕوی ئیداری و چاوساغی و هاوکاریان بکەیت لەهەموو

ڕویەکەوە، وەك ئەوەی کەکردوتە بۆئێمە؟ لەوەلآمدا بێ هیچ بیرکردنەوەو سلەمینەوەیەك وتم بەسەرچاو، من پێشمەرگەو کوڕی ئەم گەلەم، من لەو کاتەدا گەنجێکی زۆربەحەماس بووم ،کەسم نەبوو وتەنها ساڵێك بووئەو کارەساتەبەسەر باوك وبراکانمدا هاتبوو، ژیان لای من ئەوەندە ئەرزشی نەبوو، واتە مانایەکی نەمابوو، جگە لە خەبات و گیانبازی و ڕوحی بەرەنگاربونەوەو قوربانیدان لەپێناوی نیشتماندا، پێشم وایە لەو سەردەمە دژوارەدا ئەو ئەرکانە تەنهاوتەنها بە خەڵکانی خاوەن بیروباوەڕو خاوەن شەهیدو دڵ گەرم نەبوایە ئەستەم بوو بە کەسانێکی ئاسایی بکرایە، چونکە زوڵم و زۆرو تاوانەکانی بەعس و ترس وتۆقاندنەکانی وایان کردبوومرۆڤی ئاسایی لەسێبەرەکەی خۆی دەسلەمیەوە .

## دابەزینی کاك ئاکۆسوور و گەیاندنیان بۆناوچەکانی خۆمان

لەڕێکەوتی ١٩٩٠\٦\٢٥بۆڕاپەڕاندنی کارێکی تایبەت من لەناوشاربووم ، لەلایەن کاك ڕسوڵ برای کاك بەکرتەلانیەوە ئاگادارکرامەوە کەئەمشەو کاك غەریب دەیەوێت بتبینێت،برادەرێکی تازەش لەسەرکردایەتیەوە هاتوە، ئەمشەو لەگەڵی دێت،لەڕاستیدا من نەمدەزانی کێیە ؟ ئەوەبوو سەعات ١٠\١٠دقیقەی شەو من و هەردوبرایانی بەڕێز کاك بەکروکاك ڕسوڵی برای دانیشتبووین، لەچاوەڕوانی برادەران بووین، کاك غەریب و دووکەس هاتنە ژورەوە،کە وردبومەوە ،یەکێك لەوبرادەرانەم ناسیەوە، کە کاك (ئاکۆسوور)بوو، پێشتر لای شەهیدمەلائاراس لەتیپی ٢١ی کەرکوك بوو، کوڕێکی قارەمان بوو، ئەویش لەکاتی ئەنفال دووبرای گەورەی شەهیدکرابوون ،ئەوبرادەرەی تریشم ناسیەوە کەجاری پێشوبینیبوم کاك عاید(هێمن تەلانی) بوو،بەڕاستی ئەو کاك عایدە زوًرشارەزای ڕێگاوبانەکان بوو،زۆرکەسێکی زیرە ك و

وریابوو،من زۆرم پیٚ خۆش بوو، چەندسەعاتێك لەگەڵ كاك ئاكۆ قسەمان كرد،بەرنامەمان دارِشت، بۆم ئاشكرابوو كەكاك ئاكۆ بەرپرسی پێشمەرگەكانەو ژمارەشیان( ٨ )هەشت كەسە،دیارە لەبەرتایبەتمەندێتی هەل ومەرجەكە دەبوایە مەفرەزەكان لە٨كەس تێپەرِنەبوایەن،ئەوەبووبەرنامەمان دانا بەجۆرێك كەئەوان قۆناغ بەقۆناغ پێشمەرگانە بەرِیٚ بكەون منی پێشمەرگەیش بەناسنامەی تەزویرو لەشارەوە ویستگە بەویستگە بەپێی رِۆیشتنی ئەوان ئەركەكانم راپەرِێنم، كاك ئاكۆ بەرەبەیان گەرِایەوە لای برادەران ومنیش ئامادەكاری خۆم كرد، ئەوەی لای من گرنگ بوو، ئەو برادەرانەی هاتبوون لەوجۆرە كەسانەبن كەدەرگیز وشەی كۆڵنەدان و تسلیم بوون و ترس نەزانن؟ خۆشبەختانە كاك ئاكۆ وتی خەمت نەبیٚ جێگای متمانەو هەندێكیان هاورِییٚ خۆتن .

### قۆناغی یەكەم

بنكەی سەرەكی رەتڵی سورداش لەشاخی پیرەمەگرون بوو، لەپشتی دۆلەبیەوە لەسەركانیاوێك كەبەرِاستی جێگایەكی زۆرسەخت وقایم بوو،هەروەها بێشك بوو،لەسەر مەوعیدێك رِێك كەوتین،باسی ئەوەشمان كردهەركات دابرِانێك هەبوو بەبێسیم بنكەی سەرەكی ئاگاداربكەنەوە و ئەوانیش لەرِێگای بنكەی مالەكانمانەوە بەپەلە ئاگادارم بكەنەوە.

شوێنی قۆناغی یەكەم سەرشاخی تۆكمە ی نێوان بازیان و ئۆردوگای پیرەمەگرون بوو،ئەوەبوومن چوم بۆكۆمەڵگای باینجان لەویٚ ماڵی كاك قادری مام عودلی خەڵكی گوندەكەمان مۆردخوادەی لیٚ بوو،پێشمەرگە ی دێرینیش بوو، پێش هەشتاكانیش چەند ساڵێك كەچومە ماڵیان بەبیٚ دەنگی پێم وت پێویستیم بهاوكاریت هەیە، وتی بەسەرچاو چیت دەوێت بوت دەكەم، پێكەوەچوین چوارتەبەقە هێلكەوبەتاتەو چەندگلۆزێك پاكەتی جگەرەم

بۆبرادەران کڕی، هەندێ پاتری بچوك و شقارتەو شتی وردەواتم سەند و چووینەوەماڵ،بە سوپاسەوە بۆخۆیی وخێزانەکەی هێلکەو بەتاتەکەی دە کردە ناو تەنەکەیەکی گەورەودەیکولاند، نانی خۆماڵیشی ئامادەکردبوو، گشتیم کردە ناو گونیەیە ك و سەعات لەنێوان هەشت ونیو بۆنۆ دەبوو بەڕێ کەوتم بەرێگایەکدا کەپێشتر دووربەدوور دەست نیشانم کردبوو، کێشەیەکیشم لەپێش بوو، دەبوایە بە دۆڵێکدا گوزەرم بکردایە دوگردی بچوك لەمبەروئەوبەری بوو، کەرەبیەی جاشی کوردی بەسەرەوە بوون، ئەم شوێنە پێی ی دەڵێن(گوندی کوپەلە) منیش بۆیە ئەو کاتەم هەڵبژاردبوو، بۆ ئەمجارەش جلێکی کوردیم لەبەرکردبوو، تۆزێك بەلای بۆرەوە دەچوو، کاتێك گەیشتمە بەردەمیان هەندێکیان لەخەو هەڵنەستابوون و دووانیان بەبێتاقەتی دانیشتبوون، شانسی من لەپێشمەوە بە دووری هەشتا مەتر گاوانێك هەندێ مانگاوگوێرەکەی پێش خۆی دابوو، منیش هیچ خۆم تێك نەداو بەخۆم و کۆلەکەمەوە بەپێشیان دا تێپەڕیم و هەرئەوەندەی تۆزێك دورکەوتمەوە  ئەوەندە بهەدستیاریەوە ڕۆیشتم، سەرم لێیان تێکدا ،ئیتر نازانم منیان بەگاوان و هاوڕێی گاوانەکە زانی ، یان بە یەکێك لەچەکدارە جاشەکان؟

 لەوان دەربازبووم،گەیشتمە لای کاکەی گاوان و سلاوم لێ کرد،  وردەوردە سەرکەوتم دوای نیوسەعاتێك ڕۆیشتن لەدورەوە کەسێك کەوتە بەرچاوم ، بەلام چەکی پێ نەبوو،زۆربەلامەوە سەیربوو،کاتێك لێی نزیك بوومەوە ، کاك ئاکۆ بوە، لە چاوەڕوانی مندابوو،  کۆلەکەی لێ وەرگرتم و بەدەم ڕێگاوە هەندێ دەمەتەقێمان کرد.. وتی ئاخر لەم وەزعەدا ئێمەو مانان و تۆیەکی نەگبەت نەبێت کێ ئەمە دەکات ،وتی من کە وتیان کەسێکە خاوەنی شەهیدێکی زۆرەو پێشمەرگەشە یەکسەر بەبرادەرانم وت بەخوا هەبێ و نەبێت جەتۆی نەگبەتە،

برای شەهید دکتۆرهادی یە، بەم قسانەوە گەیشتینە سەرلوتکەی شاخی تۆکمە ،کاتێك برادەران ئێمەیان بینی هەریەك لەبن داربەڕوەکانەوە بەرەو ڕومان هاتن، گشتمان باوەشی موحیبەت و برایەتیمان بەیەکدا کرد، ئیترهەم من گشتیانم ناسیەوەوەەم ئەوان زانیان منم،چونکە پێشترتەنها دووسێ کەسیان دەیانزانی کەمن لەگەڵیان دەبم،هەتا دوای عەسرلە گەڵیان مامەوە، زۆرشادمان بوون، وردەوردە ورەیانم بەرزدەکردەوە، کە خەڵك بێزارەو ئەم حکومەتە هیچ نیە..ئەوە نیە من دێم ودەچم و چەنێکە لەپیرەمەگرونم حکومەت نەیزانیوە ،لەگەڵ برادەرانی کاك غەریب شەوانە لەگەڵ حکومەت چەندجارێك لوتمان بەلوتی یەکداتەقیوەتەوەو تاکوئێستاش ڕژێم نەیتوانیوە شوێن پێیان هەڵبگرێت،ئیترئەوان بەم قسانە زۆرئاسودەییان پێوە دیاربوو، پێش ڕۆیشتن وبەجیەێشتنیان من و کاك ئاکۆو کاك ئاوات و خالەبەخە بۆموعیدەکەی تر بەرنامەمان دانا،کە لەگوندی تیژە لای تلیان ناوچەی خۆمان یەکبگرینەوە، شایانی باسە پێشمەرگە قارەمانەکان ئەم جوامێرومێرخاس و ئەم هەشت بەرێزە بوون:

١ـ کاك ئاکوسور

بەرپرسی ڕست واتە مەفرەزە —کاك ئاکۆ پێشمەرگەیەکی ئازاوپالەوان چوست وچالاك وریا وزیرەك بهەڵمەت وبەئەزمون و ورەیەکی پۆلایین ماندونەناس بەرێز بهەلۆێست چی سیفاتی پیاوی گەورەو سەرکردەوفەرماندەەیەلەم پیاوە کۆبوبوەوە ـ مەخابن زۆر زوولەشەڕی نەگریسی ناوخۆ شەهیدبوو، تێرهەناسەی ئازادی هەلنەمژی..

٢ـ کاك ئاواتەرەش ئاوات کەرکوکی

گەنجێکی قۆزو بالاّبەرز کەسێکی ئازاو پالەوان سادەو ساکارو دەم بەخەندەو سەربەرزو بەورەو پیاو بەمەعنای وشە — مەخابن ئەم ئەزیزەش وەك کاکە ئاکۆی هاوڕێی تێرهەناسەی ئازادی هەڵنەمژی و زووشەهیدبولەشەڕی نەگریسی ناوخۆ جێگای داخە جگە لەخۆی دوبرای تری شەهیدبون،خالە بەختیار مەرزیخەیی ئەم پیاوەمەزنە پڕاوپڕبوولەهەرچی شتی جوان هەیە پێشمەرگەیەکی ماندوبەلاّم لەڕوالەت وەڵس وکەوتدا وەك پڵنگ جولەی دەکرد خالە بەخە ئەوەندە قارەمان بو فشەی بە ترس دەهات ئەو هەموئەو ناخۆشیانەی بینیبو لەدەستپێیکی شەڕی ناو گوندبەکۆپتەرسەرخرابو لەشەڕدا لەداستانی مۆردخوادە ی سەرو مەخابن ئەم فەرماندە هەڵۆیەش هێندە هەناسەی ئازادی هەڵنەمژی و زوشەهیدبوو..

٣ـ کاك ابراهیم فازل حمەرحیم ناسراو بە(ئیباو)

کاکە ئیباویش کەپێش ئەنفالیش هاوڕێ بوین لەتیپی ٢١ی کەرکوك پێشمەرگەیەکی نمونەیی و ئازاوپالەوان و کوڕێکی ڕوح سوك و خۆشەویست و کراوەو گوێ ڕایەڵ و توندوتۆڵ و کەسایەتیەکی بهێز لەسیمایداو جوامێری لێدەباری مەخابن چارەنوسی ئەم ئەزیزەشمان وەك هاوڕێکانی زووشەهیدبو تێرهەوای ئازادی هەڵنەمژی.

٤ـ کاکە وریا ناسراوبە (وریاقەفاری)

ئەم کاکەوریایە گەنج ترین واتە کەم تەمەن ترین پێشمەرگەی ئەم مەفرەزەیەبو گەنجێکی جوان و بەشان وشەوکەت و وریا وەك ناوەکەی پالەوان وئازاوگران وسەنگین مەخابن ئەم کەلە گەنجەش هەرزوشەهیدبو تێرهەناسەی ئازادی هەڵنەمژی و لە شەڕێکی رەوادا مێژویەکی گەورەی تۆمارکردوە،

ئەم هەسێ هەڤاڵەی خوارەوەکەتائێستا لەژیاندان:

٥ـ كاكه فخرالدين سمايل بەگى

٦ـ كاكه نەقيب ناسيح

٧ـ كاكه پۆلاهەيبەيى

دواى بەجى هێشتنيان وخواحافيزى ئەمجارە ڕێگاكەم گۆڕى و شۆڕبومە خوارەوە بەرەو كۆمەڵگاى پيرەمەگرون بەگوندەكانى قازان و كەلەباش و گەبەو گوليجەوە بەڕێگايەكى زۆرناخۆشدا دەڕۆيشتم، دەبوايە بەناودڕك وداڵ و داروبەردا بڕۆيشتمايە،نەك ڕێگا كۆنەكانى سەيارە لەبەرحالەتى ئەمنى خۆم، كاتێك گەيشتمە ناوخزمان بەتايبەت كاك بەكرتەلانى كەبينيمى وتى تۆ رەنگى شێتت لىٚ نيشتوە بۆ وات ليهاتوە؟ هێندەى موگناتيس چۆن وردەئاسن هەڵدەگرێت منيش دڕك وداڵ بە پێيەكان وقەد و بالآمەوەبوو..

**قۆناغى دووەم**

مەوعيدى دووم چاوەڕێمان بوو،بۆئەم ئەركە هاتم بۆشارۆچكەى تەكيەى كاكەمەندو لەم شارە خەڵكێكى زۆرمنيان دەناسى، چونكە زياترخەڵكى دەوروبەرى خاڵخالانى لىٚ بوو، ئەم سەفەرەم تۆزێك قورس بوو، هەربۆيە زۆرهەوڵمدا كەسێك بۆمەوعيدەكە بكەمە هاورىٚ و هاودەنگ ولەگەڵم بێت، سەرەتا وامبەباش زانى بە خزمەكانى خۆم يان هەندێك پێشمەرگەى تسليم بوە هەبو پێيان بڵێم ئيتر سىٚ ودو ناكەن چونكە ئەمە ى ئێمە دەيكەين كارێكى پيرۆزە بەلآم بۆچونەكەى من هەلەبو كەس ئامادەنەبو لە گەڵم بێت ئيترمنيش منەتى كەسم هەڵنەگرت ودواى عەسرێكى درەنگ چوم لەبازاڕ گونيەيەكم كڕى و شەش گلۆز واتە تەكەى پاكەتە رەشە سومەرەكانم كڕى ولەتەنيشت مەركەزەكەشەوە مەتعەمێك هەبو هى وەستا تاهيريان پىٚ دەوت ٨هەشت نەفەرى كەبابى سەفەرى ونان وسەمونێكى زۆريشم ئامادە كرد وجلە

کوردیەکەم لەبەرکردو هێواش هێواش بەرەو دوامالەکانی خوارتەکیە واتە بەرەو چمچماڵ لای دەواجنەکان خۆم کردە ئەو شیوو دۆڵانەوە،من بەحوکمی ئەوەی پێش ئەنفال لەوناوچەی خاڵخاڵان وقەلاسێوکەشارەزابووم هێندە نەڕۆیشتم توشی دووشوان بووم، چایان لێنابوو، دیاربوو، بەرەو تەکیە خۆیان ومێگەلەکەیان ئامادەدەکرد، ئەوکات ناوچەی (محەرەمە)و قەدەغەکراوبوو، سنووورێك دیاری کرابوو،تەنانەت بۆشوانەکانیش نەبوولێی بمێننەوە، شوانەکان منیان بینی سەریان سوڕمابوو، بەوسەرلەئێوارەیە من کێم وچیم وبۆکوێ دەچم، وئەوە چیە پێم ؟ دڵنیابووم هەموو ئەم شتانە لای ئەوان ببووبە پرسیار،بەر لەوەی ئەوان گومانی زیتر بکەن و دواتر باسی بکەن خۆم لییێان کردە جاش و وتم کورەگەنجەکان جەماعەت ئێمەتان نەبینیوە؟

وتیان تۆمەبەستت جەماعەتەکەی کاك عمراسعدە..وتم بەلێ، ئەوکاتە بیستبووم مەفرەزەیەك بەوناوەوەهەیە، ئیتر لێیان دوورکەوتمەوە، بەلام ڕۆژبەرەو ئاوابوون وتاریکی دەڕۆیشت، کۆلەکەی پشتم نزیکەی ٣٥کیلۆ دەبوو، ڕێگایەکی دورو درێژو هەورازونشێو، جگە لەو کۆلە هیچی ترم پێ نەبوو، واتە چەك یان تەنانەت چەقۆش، ئەوەی پێم بوو، هێزی پێ دەبەخشیم تەنها یەك شت بوو،ئەویش بیروباوەڕو ڕق وتۆلە بەرامبەربە دوژمنان بوو، لەورێگا یەدا چەندین دیمەنی جۆراوجۆری باوکم و براشەهیدەکانم دەهاتنە پێش چاوم، ئەو شتانە دەبوون بههێزو هاوڕێ وەاودەنگی بۆ بێ کەسیم، ترسەکانم پێ دەڕواندەوە، زۆر ڕۆیشتم هەتا چاو بیڕوانیایە لە دوورترین دوری تروسکەیەك هێندەی تنۆکێك بەدیت نەدەکرا، ئیتر دوای ئەنفال بوو، جاربەجاریش گوێم لە فیشکەی مارو گوێم لە دەنگی گویێ درێژدەبوو هەندێ دەنگی گیانداری سەیرو سەمەرە دیاربووئەوانیش کێوی بووبوون،هێندە ڕۆیشتم شەکەت وماندوو

بووم.بەهۆی ئارەقە کردنەوەگیانم خاوبوەوە، تۆزێك سەرم نایە بان کۆلەکەم ،من بە ئاراستەی چیا گەورە دەڕۆیشتم چونکە ئەوە بۆمن باشترین شت بوو، وەك بورج وابوو،لەو ماندویتیە خەوێکی ناچاریم کرد، ئیترنازانم چەند بوو،بەلاّم زۆرسەرمام بوو،هەرچەند وەرزەکەش کۆتایی مانگی شەش بوو، هەندێك چاوەڕێم کرد، هەستم کرد ڕۆژ بەرەو هەلاّتن دێت، کاتێك بەرچاوم ڕوون بوەوە ،لەدوراییەکی زۆرەوە هەندێك کەلاوە کەوتە بەرچاوم، کە بەلای کەمەوە ٤٠دقیقەیەکی ترم مابوو بۆ نزیك بونەوە لەکەلاوەکان، ئیتر زانیم ئەوە ی پێشم تیژەیەو ئەوەی دوای تیژەش تلیانە و موعیدەکەی منیش لای تاشە بەردەکانی تلیان بوو، واتە لای کۆنەمالەکەی پشتیوانیان پیّ دەوت، کە گەیشتمە ئەویّ پشویەکی کورتم دا،چوومە سەرتاشە بەردەکا ن و کەوتمە بانگ کردن. سەرەتا بە دەنگێکی نزم دواترتاهێزم تیابووەاوارم دەکرد برادەران لەکوێن؟ من هاتوم وەرن شتم بۆتان هێناوە، کەباب و نان و جگەرە، کاك ئاکو کاك ئاوات کاك فخرالدین ناوی هەموویانم دەبرد، زۆرهاوارم کرد، زۆر گەڕام وسوڕامەوە،هەستم ڕاگرت ودەمڕوانیە هەرچواردەورم،ئیترلەبان تاشە بەردەکان دانیشتم، نزیکەی ٣سەعات لەوناوە بووم، وەخت بوو لەتینوێتیدا بخنکێم ، ئەوناوە گەڕام هەندیّ ئاوم دۆزیەوە، هی ناو چالی شوێن تایەی تراکتۆرەکان بووپاشماوەی باران بوو مابوەوە، خۆم بۆ دانەواندو تێرم لەو ئاوە خواردەوە، ئیترشتەکانم لەشوێنی مەوعید بەزەقی داناو لەوکاتە نەمزانی هۆکاری نەهاتنی برادەران چی بوو؟ بەباشم زانی بگەڕێمەوە، ئەمجارە ڕێگاکەم گۆڕی ،زانیم زۆردووردەکەومەوە، بەلاّم بەچەم و شیوو دۆلە هەرە قولّ و چەمە توش و چالەکانی پشتی چیا گەورەدا،بەئاراستەی گوندی تەوەکەلّ ڕۆیشتم، تاکو گەیشتمەوە تەکیە، لە نێوان ئەو شوێنانەدا چەندین دیمەنی دلّتەزێن و جەرگ

برِم بینی، کەرەستەو شت ومەکی هاونیشتمانیان، جل وبەرگی پیاوەکان و ژنان مەمەی منداڵ وکەرەستەی یارییە ساکارەکانی ئەو سەردەمە ی منداڵان وبەتانی وباوڵ و جانتای ئەو کاتانە زۆرجارئەو جل و بەرگانەم دادەپۆشی هی خوشکانی هاوزمان و نەتەوەکەم بوون، بەم دیمەنە ناخۆش و بێ ئومێدی لەموعیدە کە گەرِامەوە بۆ پیرەمەگرون، تاکو لەرِێگای بێسیمەکەی برادەرانەوە موعیدی تازەو هەواڵی چوونم بۆموعیدەکەو دانانی شتەکان رووون بکەمەوە، کەخۆشبەختانە هەم موعیدی تازەمان دیاری کرد هەم شتەکانیشیان دۆزیبوەوە ، ئەوەی منی زۆرنیگەران کرد ئەو دووحالەتە بوو: یەکەم کەکەس لەگەڵم نە دەهات، دوەم پێشتر فەردەیەك سەمونم لەماڵی کابرایەکی گوندەکەمان لە تەکیە دانابوو وەك ئەوەی ئامادەبێت هەرکات دەرچوم بیبەم بۆبرادەران،بەڵام بەداخەوە ئەو کابرایە لەترسان تۆقیبوو،ئەی هاوار سەموون هی ئەوەیە خەڵك بترسێت لیێ کەلەماڵی بێت ؟؟

**قۆناغی سێیەم**

ـ ناوچەی تەق تەق — بناری خاڵخاڵان ٧\٧ \ ١٩٩٠

دیاری کردنی مەوعیدی ئەمجارە کەلەلایەن هەردووبێسیمەکەی کاك غەریب لە شاخ و برادەرانی خۆمانەوە دیاری کرا، وەك برادەران بۆمیان باس کرد کە وە ك جفرەیەك وتبوویان با هەڵۆکە بفرِێت بۆ ئەوگوندەی کەوەکو ناوی گوندەکەی خۆیان وایە واتە گوندی مۆردخوادەی سەروو، گوندەکەی ئێمە مۆردخوادەی خوارو بو بەتحدید مەوعیدەکەمان ئەمجارە ڕوون بوو هەربۆیە ئەمجارە ڕووم کردە شارۆچکەی تەق تەق و لەم شارۆچکەیەش ماڵی چەندخزمێکمان هەبوو، کورِێکی گەنجیش هەبوو بەناوی (عادل) پێش ئەنفال لەگوندی سەرچناری خاڵخاڵان بوو، بەداخەوە لەکارەساتی ئەنفالدا تەنها خۆی دەرچوبوو، ئەویش

لەومالانە بوو، دایکی پورزای باوکم بوو، ئەم کورە کوڕی مجید ئاغا بوو، پێش چەندڕۆژێك لەمەوعیدەکە قسەم لەگەڵ کرد بەسوپاسەوە بەبێ هیچ دوو دڵی یەك وتی بۆ کوێ بچیت ئامادەم بێم لەگەڵت، وتم دەمەوێت بچم بۆ مۆردخوادەی سەروو مەوعیدم هەیە،هەندێ شت دەبەین بۆبرادەران،بەتایبەت زۆرزەرورن بۆپاتری جیهازەکەیان،پێش هەموشتێك دەبێت پاتری پەیدابکەین، ئەوەبوو پێکەوە چوین بۆ لای دوکانەکان وپاتریەکی سەیارەی تازەمان کڕی،حەجمی بچوك و هەرلەوێ فول شەحنمان کرد، ئیترکەوتینە تەگبیر کردن لەکوێوە بڕۆین، ئەویش زۆرشارەزاو عاقڵ بوو، تەمەنی هەر ١٧ساڵێك دەبوو، هەرچەندسەرمان هێناو سەرمان برد جگە لەپەڕینەوە لەپردەکە ڕێگای تر نەبوو، سەرپردەکەش بازگەی ئەمن وئیستخباراتی لێ بوو، لەدوورو نزیکەوە سەیرێکی ئەو سەیتەرەیەمان کرد، بینیمان لەکاتی بەیانیان زوو باشترین کاتەو کاك عادل وتی ئەو پردە لەهەردوو بەرەکەی شوێنی تایبەت کراوە بۆ ڕێرەوی پیادەو تەنانەت بەیانیان هەرجی مەڕو مالات و گاگەل هەیە بەوجێگایەدا دەڕۆن، سەیتەرەکە حەقی نیە بەسەر ئەوانەوە ، ئەگەرپێت باشە بەیانی لەو کاتانە خۆمان دەکەینە ناو ئەو مێگەلە مەڕانەوبە ١٥دقیقەی پیادە ڕزگارمان دەبێت ، لە گەڕانەوەش هەروا دەکەین، ئەوەبو بڕیارمان داو بۆبەیانی ئەوکاتەمان هەڵبژاردو من شتەکانم دایە کاك عادل و ئەو منداڵ تربوو، خۆی وەك شوان لێ کرد و لەخوابەزیادبێت زۆر بەباشی و بێ کێشە پەڕینەوە، هەرئەوە گەورەترین کێشەمان بوو،هەرچەند ئەوناوچەیەش(محرمە )بوو، ئێمەش ڕێگاکەمان زۆردوورو درێژبوو،بەلای کەمەوەچوارسەعات زیاتردەبوو،بەلاّم ئێمە بەلاڕێگاکاندا دەڕۆیشتین، دەبوایە بەتەنیشت گوندی سەرچناروجەلەمۆرددا بڕۆیشتینایە،تۆزێك بەقەدچیای خاڵخالاندا سەربکەوتینایە، لەدەوروبەری

گوندی جەلەمۆرد چەند پشیلەیەك کەئێمەیان بینی ڕایان کرد ،دیاربوو کێوی بووبوون، لە دوای ئەنفال و دواتر ئاسەواری سەردەمی ئەنفالەکەمان بینی، کە چۆن ئەو کەل و پەلانە بەتایبەت جل وبەرگی ئافرەتمان..

کاتێك کە لەشتەکان چوینە پێشەوە ،بینیمان باوڵ وجانتایەکی تایبەت بوو بە بووك و زاوا، بەڕاستی منی زۆرهەژاند، لەناخەوە زۆرگریام، شتەکانمان داپۆشی،دوودەبەلایلۆن بچوك لایلۆنێك تەنك و سپیەکانمان پێ بوو، کاتێك توینیمان بوایە ئاومان لیێ دەمانخواردەوە، لەگوندی مۆردخوادە نزیك بوینەوەو لێمان دەرکەوت بەلاَم هەرکەلاوە بو بەلاَم رەزو باخەکان سەرەڕای هەموئەو وەزعانە هەرسەوز دەچوەوە، گوندەخۆشەکەی(مۆردخوادە)بەرزو باخ وئاوە سازگارەکەی بەناوبانگ بوو، ئێمە هەردەکمان شارەزابوین خۆمان کردە ناو رەزەکان دا،بەرەو سەرچاوەی ئاوەکە ، بڕوامان وابوو برادەران لەوێ بن ، من نەشم دەزانی کێ هاتوە بۆ مەوعیدەکە،هەرکە گەیشتینە سەر کانیەکە دووکەس بەدەرکەوتن، دیاربووئەوانیش متابەعەی ئێمەیان کردبوو، کەنزیك بوونەوە، کاکە ئاوات و کاکە ئیباو بوون، دوای بەیەك شادبوون و خوشی دەربڕین کاك عادیلم پێیان ناساند، لەگەڵیان ماینەوە،لەوبن دارانە جگە لەئیمەو ئاسمان ودەنگی تەیروتواڵ تا کوچاو بڕی دەکردناوچەیەکی چۆڵ وەۆڵ بوو، وەك دەڵێن بۆنی خوێنی لێ دەهات،هەردوولامان زۆرئاسودە بووین، تاکو سەعات نزیکەی سێ ی عەسر پێکەوە بووین،زرمان قسەکردو بەرنامە ڕێژی تەواومان کرد بۆداهاتوو،ئەوان ناوچەی (شێخ بزێنی)خواروویان هەڵبژاردبوو، واتە ئیتر من دەبوایە زیاتر لەدەوروبەری تەق تەق بوایەم ، ئەوکات وامان ئیتیفاق کرد، دەبێت برادەران هەوڵ بدەن بۆ دۆزینەوەی ئەو ئازوقەو خواردەمەنیە وشکانەی کە پێش ساڵ و نیوێك لەکاتی ئەنفالەکان خەڵکی

گوندەکان لە بن شاخ و ئەشکەوتە کان.. لەناو بەرمیلی گەورە حەشاریان داون، چونکەمن زۆرجار ئەوحالەتانەم دەبینی،هەر بۆیە بەکاك (ئاوات) کاك (ابرایم) ووت زۆرزەرورە کەکۆیان بکەنەوە و سودی لیّ ببینن، دواتر کاك ئاوات وئەوان باسیان کرد هەروایان کردبوو، شتی باشیا ن دۆزیبوەوە ..

ئیتر سەرلە ئێوارەخواحافیزیمان لیّ کردن، موعیدمان بۆ داهاتوو دیاری کرد،کە گوندی (جگیلە)ی نزیك تەق تەق بوو،بهەەمان ڕێگاو بهەەمان شێوەبەدوای شوان وگاوانەکان دابەسەلامەتی گەڕاینەوە تەق تەق..

لێرە بەدواوە برادەران عەودالّی دەنگ و باسی کەس وکاریان بوون، لەو هەشت هاوڕێیەم بڕواناکەم یەك کەسێکیشیان لەدوای کارەساتی ئەنفالەوە بچوکترین دەنگ وباسی کەسوکاریان زانی بێت هەربۆیە لەسەرداوای خۆیان لەسەرەتادا کاك ئاوات نامەیەکی خۆی پێدام تاکوبیگەیەنمە مالّی باوکی و ئەدرەسی مالّیانی پێدام،ئەوەبوو بۆدوای دوو ڕۆژ چووم بۆکەرکوك، چومە مالّیان کەلەگەرەکی( الماس)لەنزیك (حدیقەی ام الربیعین)من دەوروبەری شوێنەکە شارەزا بووم،بەلاّم بەتحدید مالەکەیانم نەدەزانی، تاکو کاك ئاکۆ نەخشەیەکی دقیقی بۆ کێشام ودۆزیمەوە ،کاتێك باوکی ودایکی منیان ناسیەوە زۆر خۆشحالّ بون، بەلایانەوە ئێجگارسەیربوو، بەلاّم متمانەی تەواویان بەمن هەبوو،چونکە لەسەردەمی پێش ئەنفال کاك ئاوات یەکێك لەو بریندارانە بووکەبە موعجیزە لەلایەن شەهید دکتۆرهادی یەوە چاککرابووەوە، دوای ڕێزێکی زۆرو نان خواردن ئۆتۆماتیکی ئەم مالە پێشمەرگەیەش بۆمن بووە بنکەیەك و ئەنجام دانی کارەکانم و کەس وکارەکەشی بهەەمان شێوە بوونە هاوکارم ..

## قۆناغی چوارەم

ـ مەوعیدی گوندی جگیلە

من گوندی جگیلەم نەبینیبوو، بەلاّم بەپرسیارکردن هەولّی دۆزینەوەییم دا ، ئەم گوندە لەدووشوێنەوە بۆی دەچویت، یەکیان هەورازەکانی خوارتەق تەق بەرەو کەرکوك بوو، بەدەستی ڕاست دەچویتە خوارەوە، بەماوەیەکی زۆرکەم دەگەیشتیتە ناوگوندەکە، ڕێگایەکی تریشی هەبوکەئەوە باشتربوو، لەبەرامبەر دەواجنەکانی حاویەی قەرەناو دەڕویشتیت تۆزێك دوربووبەلاّم لەڕوی ئەمنیەوە تۆزێك باشتربوو،ماوەیەك بوو چەندمالّێکی ئەم گوندە مۆلەتیان وەرگرت بوو بە هاتوچۆکردن و کارکردن و زەرعات کردن، بۆیە تۆزێك ئەەوەن تربوو،من ئەمجارەیان لەڕێگای سەرەکیەوە ڕۆیشتم و لەسەرفەرعی ڕاست گوندەکە دابەزیم، بەلاّم کۆل وشتم نەتوانی لەگەلّ خۆم بەرم و برادەرانیش لەو دەم زێیانە ولەو ناوە ئازوقەو شتیان دۆزیبوەوە ، کاتێك بەودیوی گوندەکەدا ڕۆیشتم ولەنزیك چەم و دارەکان کاك ئاکۆو کاك فخرالدین هاتبوون، بۆ مەوعیدەکە، وەلاّمی نامەکەی کاك ئاوات و کۆمەلّێك زانیاری و وەزعی ناوچەکەم بۆیان پیّ گەیاندن، بەتایبەت هەوالّی ناو شارۆچکەی تەق تەق و هەلّوێست وجموجۆلّی خۆفرۆشان و هەروەها تێبینیەکانم لەسەرپێشمەرگە تسلیم بوەکان و زۆرشتی تر،هەرلەویّ کاك فخرالدین نامەیەکی پێدام ئەدرەسی مالّی دایکی پێدام کەبیرم دێت لەناوشوێنێك بوون پێیان دەوت(رەوزەکە) دوای چەند سەعاتێك لەگەلّیان بووم و وپرسیارم کرد شتی زەرور چیتان پێویستە ئەمجارە لەلای پشتەوە ی ئاوایی بەپیّ دێم و بەکۆلّ شتتان بۆ دێنم ،ئەوە بو پێویستیان بهەندیّ حەپ ودەرمان هەبوو، لەگەلّ دەرزی ودەزوو، هەروەها هەندیّ

پێداویستی تری بچووك ، من گەڕامەوە بەلاَم بۆشارەزایی بوون بەلای پشتی ئاواییەوە بۆ حاویەکەو بەرامبەر دەواجنەکانەوە گەڕامەوە تەق تەق،هەرئەو ڕۆژە لەگەڵ کاك عادل چوین بۆ ماڵی کاك فخرالدین ،دایکی ژنێکی بەتەمەن بوو،بەلاَم ژنانە... ئازاو بەخزمەت و میوان دۆست،لێرەشەوە بنکەیەکی ترم دابین کرد بۆ مانەوەو ئەنجام دانی کارەکان، بەلاَم کێشەیەکم هەبوو، لای ماڵی دایکی کاك فخرالدین ژنێك هەبوو تۆزێك عەجول و سەرەتاتکێ و ئەمسەرو ئەوسەری زۆردەکرد، خزمەکانیشی زۆربەیان پیاوی حکومەت بوون، ئەم ژنەش پیاوی خەراپ هاتوچۆی دەکرد، بەلاَم دایکی کاك فخرالدین هەر زوو منی بە کچەزای خۆی دایە قەلەم، بۆئەوەی دوورم بخاتەوە لەگومان،ئەم شوێنە کۆنە قاعە بەوو،ئەو چەندماڵە جیایان کردبوەوە ، بیرم دێت دایکی کاك فخرالدین بەردەوام چەندین ڕستی هەنجیری وشك بوەوەی هەڵواسیبوو،منیش زۆر خەزم لێ بوو،شتێکی عەمەلی بوو زۆرجار کەدەردەچووم رستێکم لەگەڵ خۆم دەبرد بۆ ڕێگا، وابزانم جارێکیان بۆبرادەرانیشم برد،وردە وردە هەم من هەم برادەرانیش بەرچاومان بەباشی لەسنورەکەڕوناك ببوەوەو زاڵ بوبوین بەسەر کاروبارەکانماندا، من زۆرسودم دەبینی لەو ماڵە پێشمەرگانەو بۆئەو جموجۆڵەی من باش بوو، برادەرێکی ترهەبوو کاك نەوزاد تەنەکەچی یان پێ دەوت،کاتی خۆی هاورێی نزیکی شەهیددکتۆرهادی برام بوو، کوڕی خاڵی کاك مستەفاعزالدینیش بوو، کاك نەوزاد بەڕوالەت بەعەرەبەکانی تکریت و زیقاردەچوو،عەرەبیەکەی فوول بوو، سەیارەیەکی لاندکرۆزەری مۆدێل ١٩٧٩کاتی پێ بوو، کەزۆرکات مەفرەزەکانی ئەمن و استخبارات بەکاریان دەهێنا، کاك نەوزاد دیشداشەو جلەکانیشی زۆرجار قتعتین بوو، واتە بەجلی ئەمنەکان مەشەوربوو، شواربێکی شۆڕو رەشیشی هەبوو، ئەگەرنەتناسیبایە وات دەزانی یەکێکە لە پیاوە

گرنگەکانی ئەمن و استخبارات، لەسەردانێکمدا بۆلای لەماڵیان کە بەرامبەر مزگەوتی اخوان بوو، لە (ڕحیم ئاوا) قسەم لەگەڵ کرد کە برادەران دابەزیون و لەدەوروبەری کەرکوکن، ئەو زۆری بەلاوە سەیربوو، بەڵاَم کاك نەوزاد پیاوی تەنگانەو لەهەمووو ڕووەکانەوە هی ئەوە بوو وەك دەڵێن بیبە بۆناو ئاگر، لەبەرامبەرداواکەم زوربەحەماس و گەرم وگوڕیەکەوە ئامادەیی نیشان دا، وتی حەزدەکەیت ئێستا بابڕۆین، وتم سوپاس دڵنیابە ئەمجارە بە سە یارەکەت دەڕۆین،ئەم پیاوەش ومالەکەی بهەمان شێوە هێزێکی تری پێ بەخشیم — بۆموعیدێکی ترمان کەەرلەجگیلە بوو، لە ناو حاویەکانی تەق تەقەوە ڕۆیشتم و ڕێگایەکی باشتربوو بۆمن، بەڵاَم تاریك وڕوون دەرچووم بۆئەوەی پێش ئەو ماڵانەی دەهاتن بگەمە ئەوێ،برادەرانیش شەو درەنگ دەگەیشتنە ئەوێ، ئەوەبو کاك ئاکۆوکاك فخرالدین هاتبوون، بۆمەوعیدەکە.. هەندێ پێداویستیم بۆیان هێنابوو، داواکاریە بچوکەکانی خۆیان و وەڵاَمی نامەکانیان و هەروەها دوونامەی تریشیان داپێم ،ئەورۆژە لایان مامەوە، وەك وئەوان منیش لە ئیختفابووم ، تاکو مالەکان دەگەڕانەوە ئەوان بەڕێگا رەسمیەکە داومنیش بەڕێگاکەی پشتەوە دا، مەسەلەی کاك نەوزادیشم پێ ڕاگەیاندن ئیتردەتوانین بارێکی باش باربکەین وبەو لاندگرۆزەی کاك نەوزاد لەبەرامبەر بیەێنین،کاك ئاکۆ زۆری پێ خۆش بوو، وتی هەرکات سەیارەکە هات من دەمانچەیەکم لەبنخاك دەرەێناوەتەوە کە هی شەهید مەلا ئاراسەو لەگەڵ چەکێکی کلاشنکۆف ئەیدەم پێتان بالاتان بێت، بۆ پارێزگاری کردنی خۆتان، بەتایبەت دەمانچەکە، وتی کاتی ئەنفالەکان ژمارەیەك چەکم شاردبوەوە لەگەڵ ئەو دەمانچەیەو ئێستا دەرم هێناوەتەوە دواتر لەسەرمەوعیدی تازەو کات و ساتەکەی ڕێك کەوتین، کە بێینە هەمان شوێن ..

کەچوومەوە بۆلای کاك نەوزاد و سلاوڕێزی برادەرانم پێ ڕاگەیاند ، کات و سات وشوێنی مەوعیدەکەم پێی ڕاگەیاند ئەوەبوو لەسەروبەندی مەوعید من لەماڵی کاك نەوزادخەوتم بۆئەوەی بەیانی شەبەقی بچین بۆ گوندی جگیلە، کاتێك دەگەیشتینە بازگەکان کاك نەوزاد واخۆی گۆڕیبوو خۆی و سەیارەکەی ترتیب کردبوو، کەبەو عەرەبیە بەقوەتە قسەی دەکرد، کەس نەبوو ڕێگریمان لێ بکات،کاتێك گەیشتین زۆربێمنەتانە وەك ئەوە خۆمان نیشان دەدا پیاوی حکومەتین و دەگەڕێین وزانیاری کۆدەکەینەوە ،ئەوەبوو ئەم جارە کاك ئاکۆو کاك نەقیب و کاك ئاوات هاتبوون،ئەوکەل و پەلانەمان داگرت کەبریتی بوون لەدووفەردەی ئاردی گەورەو هەندێ شەکروبرنج وڕۆن .. کەبەسوپاسەوە هی ماڵی کاك نەوزادبوون، لەگەڵ برادەران لەپەنایەکدا کەوتینە قسەکردن و داڕشتنی بەرنامەی داهاتوو،ئەوەبووکاك ئاکۆدەمانچەکەوتفەنگەکەی ئامادەکردو داپیێم، کاك نەوزاد بەحوکمی ئەوەی تەنەکەچی سەیارە بوو، دەرنافیسێکی دەرەێنا وەەرزۆربەئاسانی لەپێش چاوی ئەوان بەرگی دەرگای سەیارەکەی داماڵی و دەمانچەکەی بەپەڕۆیەك پێچاوتفەنگەکەشی خستە ناو دەرگاکەو وەك خۆی لێ کردەوە،وتی بابڕۆین برادەران زۆرسەرسام بوون، لەکاتێکدا ئەم شوینەی ئێمەی لێ کۆبووینەوە و ئەو شوێنە جێگای ئیختیفایەی ئەوان بوو دەووربوو، لەنزیك گوندی دەرماناو بوو ئەوەندەنزیك بوو لەکەرکوکەوە، بڕواناکەم تاکو ڕاپەڕین لەهەمووکوردستاندا بههەمووو هێزە پارتیزانەکان.. هێندەی ئێمە نزیك بن لەشارێکی گەورەی وەك کەرکوك ،لەو دەم زێیە ونزیك جادەو ئەو پێدەشتانەو ئەو سنورەی ئێمە کە پێشتردوو تیپی لێ بوو(تیپی ٢١ی کەرکوك )و(تیپی( ٢٥خاڵخالاڵن) هەمووئەم سنوورە لەوکاتەدا تەنها ئێمەی لێ بووین،لە گەڕانەوەدا بهەمان شێوە گەڕاینەوە

بۆکەرکوك،ئەمە لەکاتێکدابوو هەم برادەرانمان بینی وەەم دەمانچەشمان پیٚ بوو،زۆربهاعتیادی گەیشتینەوە ماڵی کاك نەوزاد، بۆشەو دەرگای سەیارەکانی کردەوەو دەمانچەکەی دەرەێنا، لەجێکایەك حەشاری دا دەمانچەکەش پێی دەوترا(سمس) تۆپلی،لەودەمانچانەبوو کە لە فلیمی عەصابەکان زۆر بەکار دەەینرا، شەهیدمەلائاراس لەبەرئەوەی دەستی بریندازبوو،ئەم دەمانچەیە بۆئەو زوودەهاتەدەست..کاك نەوزاد زۆردڵخۆش بوو کەبرادەرانی بینی، لەوشوێنە وتی بەڕاستی من سەرسامم بەوان وبەتۆش، وەعدبێت هەموشتێکتان بۆبکەم، ئەگەرسەریشم تیا بچێت و هەرکاتێك چویت بۆلایان ڕازی نابم بەتەنهابچیت، تۆهەرخۆت ماویت ومن بەسەروماڵەوە ئامادەم لەگەڵتان بم ،کاك نەوزاد زۆردڵتەنگ بوو بەشەهید بوونی مستەفا عزالدین وەروەها خزم و ناسیاوی پێشمەرگەیەکی لای خۆشمان بووبەناوی کاك(محمدصقر) وەداوام لێکرد بمبات بۆلای دایکی شەهید مستەفا، ئەوەبوو سەرمان لێداو زۆرئاسودەبوو منی بینی، چونکە هەر کاتێك دەهات بۆڕانیە منی دەبینی لەویٚ ..

**بردنی ماڵ ومنداڵەکەی شەهید ئاکۆ بۆ مەرزیخە**

چەندجارێك کاك ئاکۆ پرسیاری ماڵ ومنداڵەکەی دەکردو ئێجگارعەوداڵ وتامەزرۆی بینینی (دارا)ی کورەکەی بوو، منیش بەڵێنم پێدا کەبەزوترین کات هەواڵ ودەنگ وباسی هەمویانت بۆدەەێنمەوە ،لەسەرئەدرەسەکەی خۆی سەرەتا سەرێکی کۆمەڵگای کەوەرگۆسکم دا، کەدەکەوتە نێوان ناحیەی ئاسکی کەلەك وریٚگای موصلٚ ،جاری یەکەم زۆربەزەحمەت دۆزیمەوە وکاتێك چومە ماڵیان من زۆر لەنزیکەوە باوك و دایکم ناناسی، بەلام کاك محمدی برای لەتیپی ٢١ی کەرکوك لەدەمان کەرت بووین کەرتی تیپ بوو، کاتێك چومە ژورەوە ئەوان هەندێك حەزەریان کرد، دواجار وتم مام ئەحمەد من برای شەهید دکتۆرهادیم و

لای کاك ئاکۆوه هاتوم،هەواڵ ودەنگ وباسی ئەوانم بۆتان هێناوه، مام ئەحمەد و دایکی سەریان سوڕمابوو، حەپەسان، وتیان مەبەستت رەمەزانه ؟ وتم رەمەزان کێیه ؟ دایکی وتی کوڕم ئاکۆ ناوه ڕاستیەکەی رەمەزانه، ئیتر لەیەك حاڵی بوین و بانگی ژن ومنالەکانیان کرد هەمووی لەدەورم کۆبونەوه، سەرجەمیان رەش پۆش بون، دیمەنێکی زۆر ناخۆش بوو، من خۆم دەهاتە پێش چاو، ئەوەبوو نیوەڕۆ نەیان هێشت برۆم ، دوایی پرسیاری نازەنین خانم کرد، ناردیا ن بەدوایداو کاکە دارای کوڕیشیم بینی، منداڵێکی سوروسپی زۆرجوان و عاقڵ.. بۆئێوارەکەی گەڕامەوه ، وتم نازەنین خان تۆبۆنایەیت بۆتەقتەق لەم ماوەیه بزانین مەوعدێك تەگبیردەکەین کاك ئاکۆ دەەێنینه شوێنێك وتۆش تۆزێك بەپێ دەبێت بڕۆیت، له وەلامدا وتی بۆ ناوئاگریش بێت دێم، ئەوەبوو لەگەڵ کاك ئاکۆ قسەم کردو زۆربەباشی بەرنامەم دانا،نازەنین خان و نەنه مریەم واته دایکی شەهید ئاکۆو دارای کوڕی کاك ئاکۆ گەیشتنه ماڵی کاك فخرالدین له ناو رەوزەکەو بۆبەیانی زوو لەگەڵ ئەوان ودایکی کاك فخرالدین یشمان لەگەڵ خۆمان برد،چوین بۆشوێنی مەوعید(حاویەی مەرزیخە—چەمی سەیناغ ) کەبه دیار زێیەکەوەبوو، ئەوشوێنه قەمیشەلآن وچڕبوو کەگەیشتینه ئەوێ برادەران ئێمەیان بینیبوو، لەناو قەمیشەلآنەکەوەو هاتنه دەرەوەو هەمومان چوینه پەنایەکەوه و کاك ئاکۆو دایك و کورەکەی وخێزانەکەی ئەوەندە دڵ خۆش وشادمان بون لەگەڵ دایکی کاك فخرالدین بەجۆرێك من ناتوانم ئاسودەیی و دڵخۆشیان پێناسەبکەم، بەهەرحاڵ چەندسەعاتێك لەوێ بوین، نازەنین خان و دارای کوڕی لەگەڵ کاك ئاکۆوئەوان مانەوەو ئێمەش بهەەمان سەیارە گەڕاینەوه،نازەنین خان بوه پارتیزان و ئێمەش بەسەلامەتی گەیشتینه وه تەقتەق ..

## سەردانێکی تر بەسواری ماتۆڕ

مەوعدی ئەمجارەمان بەسواری ماتۆرەوە لەکەرکوکەوە بۆ گوندی مەرزیخە و تۆزێك ناخۆش بوو،ڕێگاکەش دوربوو،ئەم هاتنەش بەماتۆڕ لەسەر پێشنیاری کاك نەوزادبوو، کاك نەوزاد وەك خۆی باسی دەکرد کاتی خۆی لەگەڵ کاك د.هادی برام لەکەرکوکەوە بەماتۆڕ چووبوون بۆگوندی مۆردخوادە ئەو ڕێگا دورەیان بڕی بوو،پێش ئەوەی بەڕێ بکەوین وتم چیان بۆبەرین،کاك نەوزاد وتی کەیفی خۆتە، ئەوەبوو کەبابمان لەگەڵ خۆمان بردو لەگەڵ هەندێ پێداویستی وشتی تروەەموو ئەمانەی کردە ناوئەو هەگبەیەی لەمدیوئەودیوی کوشنەکە بوو، سەیتەرەکان ڕاشمانیان نەگرت،گەیشتینە گوندی(کانی رەش)بەنیازی گوندی مەرزیخەبووین، کاتێك گەیشتین کابرایەکی باخەوان لەسەر زەویەکەی بو ئێمەی بینی، وتی کاکە ئەوە بۆ کوێ دەجن، کاك نەوزاد خەریك بوخۆی لێ بکاتە عەرەب و پیاوی حکومەت بەلاّم من بەکوردی وتم خالە گیان بەنیازین هەتاکو ئەوپێشەوەو ئەو چەمە بچین و هەندێ رەفیقی ترمان لەوحاویانەی ئەودیوەوە هاتون و ڕاوی پۆڕدەکەین کابرا زۆرپیاوانە بوو، وتی سەعاتێك پێش ئێستا قوەت دەرچوەو ئاگاتان لەخۆتان بێت، کەوای وت من وتم کاك نەوزاد بابەبێ ماتۆڕبرۆین، باشترەو شتێکیش بێت خۆمان دەکەینە ناو قەمیشەلاّنێکەوە، ئەوەبوو ئەوپیاوە ڕازی بوماتۆرەکەمان داناوکەل وپەلەکانمان هەڵگرت، نزیکەی٢٠ دقیقەیەك ڕۆیشتین،گوێ بیستی تەقە بوین،تازەش کەوتبوینە دەشتایەکەوە، نزیك قەبرسانەکەی مەرزیخە، تۆزێك پێمان هەڵگرت و کەوتینە لای چەپی ئەو تەق وتۆقە، ئیتر زانیم ئەمە کێومالَ( تمشیگ )ە

،مەسافهیەکی تر ڕۆیشتین و لەدورەوە بینیمان کەسێك ئیشارەتمان بۆدەکات و دواتر دوسیَ کەسی ترمان لەگەڵی بینی،ئیشارەتەکەی بە کەلآوێك (شەبقە)یەکی سپی بوو،هی سەرزەرعات بوو، پێشتر لەلای (خالە بەخە) بینیبوم، وتم کاك نەوزاد باڕابکەین، ئەوانە برادەرانی خۆمانن، نازانم بۆ وا بەپەلە گەیشتینە لایان و وتیان ئەوە قوات هاتوەو تمشیت دەکات، ئێمەش وەك چاوشارکیَ چاوشارکیَ دەکەین،وورن بابڕۆین،ئەوەبوو تۆزێك دورکەوتینەوە، ئەوخواردن وکەل وپەلانەمان پێدان، بەتایبەت کەبابەکە، ئێمە زۆرتوینیمان بوو، ئەوانیش برسی و خەویان بەکەبابەوە دەبینی،تادرەنگانێك و گەڕانەوەی هێزەکە ماینەوە، دواتر برادەران بەڕێیان کردین، تاکو نزیکی ئەوشوێنەی ماتۆرەکەمان لیَ دانابوو،لەخوابەزیادبێت بەسەلامەتی گەڕاینەوە،کاك ئاکۆ دەیوت باش نەبوو ،نازەم نهەێنابوو،لە بنکەکە بەجێم هێشت بوو،وتی ئەمجارە ئەگەر هاتیت لەگەڵ خۆت بیبەوە،هەرچەند ئەم ماوەیە نان وچێشتی بۆکردوین وزۆرباشە لەگەڵمان بێت .

## ـ بردنەوەی نازەنین خان بۆ ناوشار

لەمەوعدێکی تردا هاتمەوە بۆ حاوەی ئیلینجاغ و هەربەوڕێگایەی ناوحاویەکانەوەو برادەران کاك ئاکۆوخالەبەخەو کاك فخرالدین وکاك ئاوات ونازەنین خان هاتبون ،کاك ئاکۆ وتی دەتوانی ئاوات لەگەڵ خۆت بەری وتم ئەگەرخۆیی و ئێوەش ڕازی بن ئەمجارە( عدم تعرز)وشتی بۆپەیدادەکەم ولەماڵیشیان ناسنامەکەی دەهێنم و لەگەڵ خۆم دەیبەم، دیاربووکاك ئاوات زۆری پیَ خۆش بوو،بەهەرحاڵ برادەران تاکو مەسافهیەك بەڕێیان کردین ، ئیتر لەگەڵ دادە نازەنین خان پێکەوە ملی ڕێگامان گرتوو بەبیَ هیچ کێشەیەك گەیاندمەوە ماڵی کاك فخرالدین لەتەقتەق..

## ـ بردنەوەی کاك ئاوات بۆناوشاری کەرکوك

پاش ماوەیك بەڕێکەوتمەوە بۆ حاویەی جگیلەو لەگەڵ خۆمدا هەموشتێکم ئامادەکردبوو، تەنانەت هەندێ لەمۆرە تەزویرەکانیش و ناسنامەکەی کاك ئاوات و هەندێ وینەی کۆن، هی معاملات بەلاّم بەدایکیم نەوت بۆ ئەو شتەمە، ئەوە بوو لای ئیێوارەیەکی درەنگ گەیشتمە لای برادەران، ئەوکات تەنها کاك ئاکۆو کاك فخرالدین هاتبوون ، وتیان دواتر ئاوات و یان خالەبەخە یان ئیباو پێکەوە دێن، لەگەڵ کاك ئاکۆو کاك فخرالدین تۆزێك خۆمان مەشغوڵ کرد،دوای سەعا ت ونیوێك دانیشتبوین ومانگە شەویش بوو، هەستمان بە جموجۆڵ و خشە خشێك کرد، بۆدڵنیابوون تۆزێك خۆمان دایە پەنایەکەوە، تاکو بزانین برادەرانن، ئەوەبوو کەوتنە بەردەمان زۆربەوریایی و دیقەتەوە و بەجۆرێك پڵنگ ئاسا دەجولاّنەوە و وتم کاك ئاکۆ ئەوە ئاواتە هەربەدرێژیەکەیەوە دیارە ،وتی ڕاست دەکەیت ، کە گەیشتینە لامان بەرەو لای رەزەکان و قەراغی زییەکە ڕۆیشتین، دەبوتاکوبەیانی تاریك وڕون ئێمە چاوەڕوان بوینایە، نەشمان دەتوانی ئاگربکەینەوە، لەدەوری یەك دانیشتبوین، جاربەجار برادەرێکمان دوردەکەوتەوە بۆهەست ڕاگرتن و چاودێری کردن، کەش وەهواش بەرەو ساردی دەچوو،من زۆرسەرمام بوو، چونکە وەك وتم من لەشارەوە هاتبووم،وەك ئەوان نەبووم، هەرچەندەستم کردلەدوای سەعات یەکی شەوەوە ئەون سەرماسەغلەتی کردبوون، وامان دانابووکەس نەخەوێت چونکە خەوتن لەو کاتانەدا باش نەبوو، هەندێك جاروەك حەرەکاتی سەربازی لەجێگای خۆمان هەڵدەپەڕین لەسەرماو چەندجارێکیش من و کاك ئاوات یان کاك فخرالدین پشتمان دەدابەپشتی یەکەوە، بەحیساب خۆمان بەو وەزعەوە گەرم دەکردەوە،

بەم حالە ماینەوە تاکو دنیا خەریك بو ڕووناك دەبووەوە، شتەکانم بۆکاك ئاوات لەبەررۆشنایی لایت بۆ تەرتیب کرد،ئەو( قاتە شالەی) خالەبەخە لەگەڵ خۆی لەئێرانەوە هێنابورەنگی رەساسی بوو، لەگەڵ پشتێنێکی گەنجانە و وردە وردە تاقم و تفەنگیان لەکاك ئاوات داماڵاند، کردمانە پیاوێکی ساغلەمی شاری،کەدنیا بەباشی ڕون بوەوە سەیری شتەکانم کردەوە بۆدڵنیابوون، ئەوەبوو مۆروشتەکانم پێشانی برادەرانداو وتم من و زۆرێك لەو برادەرانەی لەکاتی ئەنفالەکانیش ڕزگارکراون بەهۆی ئەم مۆلەتە تزویرانەی استخبارات وئەمن و سەربازی و خەفیفەو شتانەوەیەو برادەران زۆریان لەلاسەیربوو، چونکە من ئیستمپایەکشم بردبوو، بەهەرحاڵ خواحافیزیمان لەبرادەران کردوەەروەك جارەکانی ترموعیدی داهاتومان و کاری داهاتومان یەکلا کردەوەو ئەمجارە من بەتەنها نیم و برایەکم بۆ زیاد بوو، خۆشبەختانە بەسەلامەتی گەیشتینەوە ناوتەقتە ق، لەگەڵ کاك ئاوات پێکەوە چوین بۆ پیرەمەگرون، لە ڕێگا زۆرقسەم بۆ ئاوات دەکرد، کە چۆن هەڵس وکەوت بکات، لەسەیتەرەکان چی بکات ،تەنانەت چۆنیش دابنیشێت و دەبوایە هەموئەوشتانەم پێیان بوتایە، چونکە سەیتەرەکان ئەزمونی زۆریان هەبوو،تەنانەت لە خوێندنەوەی دەم وچاوی کەسەکان و ئاشکراکردن و گرتنی خەڵك،بەلاّم کاك ئاوات هەرزۆر زوو هەموشتەکانی بەباشی و ئاسایی وەرگرت، وردە وردە ڕاهات کەچوین بۆ پیرەمەگرون، چوینە ماڵی خالە ڕسوڵ کرژەیی ئەم پیاوە مەزنە زۆردڵسۆزو تێکۆشەربوو، برای خێزانەکەی کاك خالید کرژەیی پێشمەرگەبوو برازایەکی بەناوی سیامەند بەپارتیزانی دابەزیبوو بۆپیرەمەگرون، خالە ڕسوڵ ٣ کوڕو پێنج کچی عازەبی هەبوو، خێزانەکەی خاتوو ڕازیە خان نمونەی ئەو ژنەمەزنانە

بوو کە مێژوو باسیان دەکات پڕاو پڕبوو لە رەوشت بەرزی، ئەم مالە قوتابخانە بوو بۆمن ..

هۆکاری چونەکەشم بۆ دوو مەبەست بوو، یەکەم کاك ئاوات رەش بەێنم و دواتر بیبەم بۆکەرکوك ، هەروەها برادەرانی رێکخستنی سلێمانی لەرشێگای کاك غەریبەوە داوایان کردبوو لەرێگای برادەرێکی ئەوانەوە پەیوەندی هەردولا ببەستن بەیەکەوە، چونکە دەیانزانی لەزستاندا دەبێت بگەرێینەوە بۆبنکەی سەرەکی لەچیای پیرەمەگرون، ئامادەسازیان دەکرد تاکو پەیوەندی ئەوان و من ببەستنەوە بەیەکەوە،بەڕاستی لەوسەردەمەدا ئەو هێلە زۆربەهێزانەی رێکخستنی سلێمانی کاری زۆرگرنگ وگەورەیان دەکرد، سەرەڕای ئەوەی ئەوەندەش نەبوو گورزی کوشندە بەر هاورێکانیان کەوتبوو، کە دەزگاکانی ئەمن شالاۆوێکی بەربلاۆی دەست گیرکردنی کردە سەریان — کاتێك من وکاك ئاوات چوین بۆلای کاك بەکرتەلانی وئەوان ، کاك ئاواتم پێیان ناساند کاك بەکرزۆردەست خۆشی لێ کردم وتی چەندجارێك کاك غەریب باسی ئەو کارانەتی کردوە، کە کاك ئاکۆ بەبێ سیم بۆی باس کردبوو، وتی برادەرانی رێکخستنی ناوشاری سلێمانی دەیانەوێت لەئێستاوە پەیوەندیت لەگەڵ ببەستن لەرێگای کەسێکەوە کەجارێ تەنها ئەوەندە دەزانم ، لێرەبە رەنگە ئەمشەو یان سبەی شەو برادەران بێن وئەوا ن تفاصیلیان لایە، ئیتر لەگەڵ کاك ئاوات بەئارەزوی خۆمان لەناو مجمعی پیرەمەگرون دەگەڕاین تەنانەت بۆماڵی خزمەکانی خۆشم دەمبرد،ڕۆژێکیان بردم بۆماڵی خزمێکمان کە دیل بوو لە ئێران گەڕابوەوە، زۆرخەڵکی لێ بوو مناقشەی جۆراو جۆردەکراو کاك ئاوات شانی لێ قایم کردبوو، جگەرەکەشی دەخوارد وەك ئەوەی ئەسلەن پێشمەرگەش نەبێت، ئەو ماوەیە کاك ئاوات زۆردڵخۆش بوو،بەردەوام دەچوینە دەوروبەرو

ناوپیرەمەگرون ورێگاکانم بۆ شیدەکردەوەو رەبیەکانی جاشەکان و بە تەنیشت دام ودەزگاکانی ڕژێمەوە دەرۆیشتین و ئەو فهترەیەش بیرم دێت دوجارچوین بۆ سلێمانی، من نەمزانی کاك ئاوات برادەرەپێشمەرگەی سلێمانیەکانی زیاترن لەکەرکوکیەکان، لەناو شارو بازاڕ بوین لەشەقامی مەولەوی و دووکەس بەرەو ڕومان هاتن و کاك ئاوات چۆنی و لەچیایی و چی دەکەیت لێرە، ئەویش وتی سوپاس ئێوە چی دەکەن ئەوان وتیان کاکە ئێمە تسلیم بوینەوەوەەمووی فشەیە..کەوتنەقسەی نابەجێ بەکوردو شۆڕش،باش بوکاك ئاوات خۆی تێك نەداو بە دڵی ئەوان قسەی کرد، وتی بۆم بکرێت دەبمە مەفرەزەی ئەمن ئیتر خۆمان لێیان ڕزگارکرد، دواتر گەڕاینەوە بۆ مجمع پیرەمەگرون...

## پەیوەندی نێوان من و ڕێکخستنی نهێنی سلێمانی

کاتێك چاوم بەکاك غەریب کەوتەوە بەڕاستی ئەوەندەی وەسف کردم لەرادەبەدەربوو، وتی خۆزگە چەند کەسێکی وە ك وتۆمان دەبوو، ئینجابزانە چەندمەفرەزەی تردەهاتنە خوارەوەوتەنانەت وتی تاکوئێستا دوو مەفرەزەمان گەڕاونەتەوەلەبەرئەوەی کەس نەبووە هاوکاریان بێت، لەکاتێکدائەو شوێنەی تۆی لیێت لەگەڵ کاك ئاکۆوئەوانیش لەهەموو ڕویەکەوە جیاوازی هەیەو ئیترهاتە سەرباسی چۆنیەتی بەستنی پەیوەندی من و برادەرانی ناوشاری سلێمانی.. وتی بۆزستان برادەرانمان ئاگادارکردۆتەوە دەگەڕێنەوە لای خۆمان پیرەمەگرون و ئەوکات ڕێکخستن وتۆ سەرپەرشتیان دەکەن ، وتی لەم شەوەوە کارلەسەر وردەکاری پەیوەندیەکان دەکەم ، هەرکات ئامادەبوون پێت دەڵێم، ئەوەبوو هەمان شەو یەکمان بینی، وتی بەیانی سەعات ١٠ هەرلێرە ناو مجمع پیرەمەگرون لەسەرجادەی گوندی کرژە لای ماڵەکانی سەرفەرعەکە کەسێك سەیارەیەکی تاکسی بەرازیلی پێیەو ژمارەکەی ٢٥سلێمانیەو قەمیسێکی

سپی وپانتۆڵێکی رەشی لەبەردایەو کەدەگاتە ئەویٚ جەریدەیەك بەدەستەوە دەگرێت ، لێی بچۆرە پێشەوەو پێی بڵیٚ هاورِیٚ پشتیوان..! ئەویش بهاورِیٚ سەربەست ناوت دەبات و تۆ نەیٚنیەکەت سەربەستەو لە پیتی( س ) نەکانیت لای رِێکخستن سلێمانی، ئەوەبوو لەەمان مەوعیدوشوێن ونیشانەکانی جل وبەرگ وسەیارەو ژمارەی سەیارەو جەریدەوەەموشتەکان تەواو وا بوون، کاتێك سەیری ئەملاوئەولای کرد جەریدەکەی دەرەێناو لێی چومە پێشەوە.. وتم هاورِیٚ پشتیوان چۆنی؟ وتی بەلیٚ هاورِیٚ سەربەست باشم ئیتر تەوقەمان کرد.. وتی فەرموو سواربە، بالێرە برِۆین، بەرەو سلێمانی کەوتینە رِیٚ، ئەو نێوانە سەیتەرەی لێنەبوو، بەدەم رِێگاوە هەموو بەرنامەو وردەکاری کاری داهاتوومان تاوتویٚ و دیاری کرد،بهەەمان شێوەش لەگەڵ هاورِیٚ پشتیوان کەوتینە کارکردن و لەمەوعیدەکان یەکتریمان دەبینی،لەسلێمانی زۆرجارلەچایخانەو شوینە گشتیەکان و نزیك سینەماو لەناو تاکسیەکەی هاوریٚ پشتیوان کارەکانمان جیٚ بەجیٚ دەکرد...

## بردنەوەی کاك ئاوات بۆ کەرکوك

لە بەرەبەیانێکدا لەماڵی خالە رِسوڵ کرژەییەوە من و کاك ئاوات چوینە گەراج و سواری پاص بوین بۆ سلێمانی، ئەوکات نێوان مجمع وسلێمانی سەیتەرە نەبوو، سەیتەرەیەکی گەورە لەبەرزاییەکەی تاسلۆجە هەبوو، واتە ئەوشوێنەی ئێستا بازگەی ئاسایشی لێیە،کاتێك گەیشتینە سلێمانی و تاکسیەکمان گرت و چوینە گەراجی بەغدا، سواری پاصەکانی سلێمانی کەرکوك بوین، لەناوپاصیش ئەو شوێنەم هەڵبژارد کە رِیزی دوای شوێنی سایەقی پاصەکە بوو، چونکە بەئەزمون بۆم دەرکەوتبوو کەئەو جێگایە لەلایەن ئەوانەی سەردەکەوتن بۆداواکردنی ناسنامە کەمترین جار جێگای اهتمامی ئەوان بوو، جگە لەوەش

ئەو شوێنە وەك  بێ منەتیەك وابوو، بەحساب ئێمە خەڵکی ساغلەمین و کێشەمان نیە ، ئیتر بەرێکەوتین و ئەسلەن هەرکەس نەیوت بۆکوێ دەچن تاکو گەیشتینە کەرکوك ، تاکسیەکمان گرت و لەدوری ماڵی کاك ئاواتەوە دابەزین،من پێشتر چاوێکم گێڕابوو بەدەوروبەری ماڵی کاك ئاوات دا بەکۆلانەکاندائەوە بووبە باشترین وچۆڵترین کۆلان خۆمان گەیاندە ماڵی کاك ئاوات، بەلام بەدرەنگەوە دەرگایان کردەوە، بیرم دێت دایکی کاك ئاوات دەرگاکەی کردەوە ،ئەم خاتوونە نمونەی ئەو ژنانە بوو کە لەهەمووو ڕوویەکەوە پڕبوو لە بهها وپیرۆزی  وابزانم بڕوانامەشی هەبوو، واتە بۆئەو سەردەمەی خۆی وئەو ئاستی ڕۆشنبیریە دەگمەن بوو، بەهەرحاڵ کەچوینە ژورەوە  وەزعی ماڵیان بەجۆرێگ گۆڕا، هەرچی خوشك ودایك وباوك وبراکانیەتی لێمان کۆبونەوە، بەو چونەی ئێمە توشی شۆك بوون، نەیاندەزانی مەسەلە چی یەو گومانیان دەکرد خۆمان تسلیم کردبێتەوە، زۆر پرسیاریان کرد چۆن هاتن بەسەیتەرەکاندا؟ ئەی دەوروبەرو جیران کەس نەتانی بینی..؟ وتم خەمی هیچ شتێکتان نەبێت، ئێوە ئەم هاتنە و نەێنیە بپارێزن،خەمی هیچ شتێکتان نەبێت، ئەوەبوو شەو لەوێ ماینەوە،چونکە لەبڕوای بەعس نەبوو کەسێکی وەك ئاوات هاتبێتە خوارەوەو بتوانێت بگاتە کەرکوك، بۆیە زۆرئاسایی بوو، ئەوەندەمان زەحمەت بوو بگەیشتینایە تە ناو شارو کەسی ناسراو نەمانی بینیبایە، ئەگینا کابرایەکی ئەمن یان استخبارات و ڕفیق حیزبی عەرەب چوزانن ئاوات و چەتۆ کێیە؟ بەهەرحاڵ بۆبەیانیەکەی من ئەوم بەجێ هێشت و گەڕامەوە بۆ مەوعید و چومەوە بۆلای برادەران لەدەوروبەری حاویەی جگیلە، پێم ڕاگەیاندن کەهیچ خەمتان نەبێت کاك ئاوات ئێستا لەماڵی خۆیانە لەکەرکوك، لەگەرەکی(الماس—تەپەیە)  ئیترزۆریان پێ خۆش بوو،زۆرپرسیاریان

کرد چۆن گەیشتن وسەیتەرەکان ئێستا چۆن؟ ئیتر دوبارە شتەکانم بۆیان باس کردەوەو ئەم سەرکەوتنەش بۆ یەکەم دەس پێك ویاخودبڵێین تاقی کردنە وەیەك بوو، لەئاستی ئەم کارە لای برادەران ئەوەندەی ترمتمانەو بڕوا بونیان بەمن هەبوو، زیاتر هەستیان بە ئاسودەیی دەکرد،بۆئەو سەردەمە کارێکی گرنگ و دانسقەبوو،هەربۆیە زۆرێك لەبرادەران کەوتنە نامەنوسین بۆکەس وکاریان، ئەدرەس و ڕاسپاردەکانیان ئامادە دەکردو هەرلەو مەوعیدەدا کاك نەقیب وکاك وریا نامەیان پێدام،کێشەی برادەرانیش ئەوەبوو هەندێکیان ماڵی باوکیان لەبەر حالەتی ئەمنی جێگرنابوون، لەوشوێنانەی ئەمان دەیانزانی بۆیە بەناچاری نامەکانیانمان بۆماڵی خوشکیان یان برا یان ئامۆزاکانیان دەبرد، لەگەراندنەوەم دوای تحدیدکردنی مەوعیدی ئایندە گەڕامەوە کەرکوك و هەردونامەکەم لەیەك ڕۆژدا برد، یەکەمیان ماڵی خوشکێکی کاك وریا بو ماڵیان لەسەرووی کۆلاَنی سلێمانیەکانیان بوو لە ڕحیم ئاوا، مێردەکەی ناوی کاك مەناف بوو، کاتێك چوومە بەردەم دەرگاو پرسیارم کرد: حەپسە خان لەماڵە ؟

ئەوەبوو هاتە دەرەوەو وتم خوشکە گیان دەتوانم بێمە ژورەوە، ڕاسپاردەیەکی کەسێکی خۆتم پێیە، وتی بەسەرچاو فەرموو، کاتێك چوومە ژورەوە، وتم من لای براکەتەوە هاتووم، ئەم نامەیەشی بۆتان ناردوە، ئیترئەم ژنە تێك چوو، دەستی کردەگریان، ووتی وریا ماوە؟ وتم بەڵێ ، ئەوەندەلێم نزیك بوەوە، وتی کاکە گیان تۆلەکوێوە هاتیت، فریشتەبویت بۆئێمە، وتی دایکم ئەمە بزانێ لەخۆشیا دەبێت چی بکات..؟ وتم دایکی لەکوێیە؟ وتی لە چمچماڵە لەناومدینە شۆڕش، داوای کرد تۆزێك چاوەڕوان بم تاکو پیاوەکەی دێتەوە، وتم پیاوەکەت لەکوێیە؟ وتی دوکانی قەسابی هەیە،ناردومە بەدوایدا ئێستا دێتەوە، حەپسەخان ئافرەتێکی گەنج بوو، زۆرڕووخۆشو بەگفت ولفت بوو،

کاتێك چوم کەدەم وچاوم بشۆم  لەبەرامبەرئەو ژورەی کە دانیشتبووم چاوم کەوت بە تفەنگێکی کلاشنکۆف،بیرم دێت دوودەسك بوو،بەلامەوە شتێکی سەیربوو، خۆم پێ ڕانەگیرا، وتم حەپسەخان دەتوانم پرسیارێك بکەم، وتی فەرموو کاکە گیان تۆ وەك وریا وایت بۆمن وتم ئەو تفەنگە چیە؟ ئیترپێکەنی .. وتی دڵت هیچ نەکات ،ئەوە هی مەنافهو هەربەناوە (جیش الشعبیە) چی بکەین ئەوەندە هاتنە سەرمان و بانگی پیاوەکمیان کرد ئیتر بەم چەکە ڕزگارمان بوو، هیچ خەمت نەبێت ،پاش نیوسەعاتێك کاك مەناف هاتەوە، زۆر بەخێری هێناین و مەعریفهتی نواند..کاك مەناف پیاوێکی بەڕێزبوو، نەیەێشت بڕۆم ووتی ئەگەرپێت باشە دوای نان خواردن پێکەوە دەچین بۆ چمچماڵ، وتم زۆرباشە، بەلام هەرلەم دەوروبەرە دەچمە ماڵێکی ترو راسپاردەیەکی هاوڕێیەکی خۆم و وریام پێیە بۆی دەبەم و دێمەوە،ئەوسا دەچین، ئەوەبوو چومە ماڵی ئاموزاکەی کاك نەقیب بەوناونیشانە چوم کەئامۆزاکانی ئیشی سەب تێکردن (خەباتە )یان هەبوو،وتی خەباتەیان هەیەو لەبەردەم ماڵیانە دیارە ئەم ئەدرەسە زۆرئاسان بوو، خەباتەکەش لەبەردەم ماڵیان بوو، ئامۆزاکەی ناوی کاك هیوا بوو، پێیان دەوت( هیوالالێ) چونکە سەرزمانی دەگرت، کاتێك لەدەرگایانم دا ئافرەتێك دەرگای کردەوە، وتم ئەمە ماڵی کاك هیوایە؟ وتی بەڵێ، وتم زەحمەت نەبێت کاك هیوا بانگ بکە، کاتێك هاتە دەرەوە چۆنی وچاکیمان کرد.. وتم دەتوانم بێمە ژورەوە ڕاسپاردەیەکی کەسێکی خۆشەویستی خۆتم پێیە، خواهەڵناگرێت زۆربەڕێزوەوە فەرمووی کردو لەژورەوە نامەکەم پێداو کاتێك خوێندیەوە وتی زۆربەخێربێیت .. من وەلامەکەت بۆئامادەدەکەم و ئەمە ماڵی خۆتەو چیت پێویستە پێم بڵێ ، من لە خزمەتدام هەرچیتان پێویستە ،ئیتر وتم تەنها ئەم نەێنیە بپارێزن ،بۆخۆتان و منیش باشە، ئیتر

گەڕامەوە ماڵی حەپسە خان،ئەم دومالەیش بۆمن بوونە بنکەیەکی هات وچۆو پشودان ، هەردوو خێزانەکە بوونە هاوکارێکی باشی من ،بۆئەو سەردەمە هەرچەندە ماڵ وشوێنت هەبوایە بۆمانەوەو خۆحەشاردن وگۆڕینی شوێنەکان ئەوەندە پارێزراودەبویت، لە تۆرەچاودێریەکان دوردەکەوتیتەوە، دوژمن پەی پێ نەدەبردیت.. بەهەرحاڵ کاك مەناف سەیارەیەکی هێنا،بیرمە من و کاك مەناف وحەپسەخان ودومنداڵی چوین بۆچەمچەماڵ، بۆماڵی دایکی کاك وریا،چونکە باوکی نەمابوو، ئەوەبوو گەیشتینە ئەوێ، دوای تۆزێك دانیشتن، دایکی و خوشکەکانی نەیاندەزانی من کێم،بۆچی هاتوین، مەسەلە چیە ئەوەبوحەپسەخان وتی دایە ئەم برایە لای ئەیوبی برامەوە هاتووە، نامەی ئەوی هێناوە،ئەیوب ناونیشانی ماڵی ئێمەی پێداوە، ئیترئەو ژنە وەك وگوڵ گەشایەوە، ئەوەندەی ماچ کردم ئەیوت بۆنی ئەیوبت لێ دێت، من دواتر زانیم ناوی ڕاستی کاك وریا(ئەیوب)ە دایکی نەیەێشت من و ماڵی کاك مەنافیش بڕۆین، وەزعێکی دروست کرد، پەیتا پەیتا ژن و کچی گەنج دەهاتن،هەستم کرد ئەم مالە زۆرقەرەبالەغ بوون، وتم دایکی وریا ئاگاداربە، ئەم شتە نابێ، زۆرخەڵك بزانێت دوایی بۆهەموومان زەرەری هەیە، ئیتر وتی ئەمانە هەمووی هی خۆمانن،ماڵی برامن و کەس ئێمە ناناسێ،دەوروبەرمان سەنگاوین،ئێمە قەفارین،تەنها وەك جیران ناوی یەك دەزانین ،ئەم چەندمالە خۆیین و خەمی هیچت نەبێت ،ئێرە ئەمین ترین شوێنە بۆتۆ، ئیتر من تێگەیشتم و بۆشەویش هەمویان لەخۆشیاندا دەوریان لێدابووم ،برادەرێك بەناوی حسن کەخوشکەزای میم سەدری دایکی وریابوو، کوڕێکی زۆرباش بوو، لەتەمەنی خۆم تۆزێك گەورەتربوو،ژن ومنداڵی هەبوو، لەوکاتەوەزۆربۆمن باش بوو،تۆزێك پێکەوە چوینە دەرەوە، قسەکەی میم سەدری وابوو کەس کەسی ناناسی و ئامانجی

بەعسیسش ئەوەبوو، هەمو پەیوەندیە کانی گوندەکان و ناوچەکان بەسەریەکدا لەمجمعێك کۆبکاتەوەوکەس کەس نەناسیٚ،شیرازەی کۆمەلایەتی بپچڕێت، من لە دۆزینەوەی ئەم مالە زۆرسودمەندبووم،چونکە شوێنەکە زۆرباش بوو،کەس منی نەدەناسی ،هەڵکەوتەی جێگاکەی ماڵی دایکی کاك وریا زۆرباش وگونجاو بوو، زۆریش قەرەبالەغ بوون ئەو چەند مالە، ئیتر من گەڕامەوەو چومەوە بۆلای ماڵی کاك ئاوات ، لەوێش خزمە هەرە نزیکەکانیان لەهات و چۆدابوون، بەلاّم ئەوەی باش بوو هەموئەم مالاّنە نەێنی پارێزبوون و هەستم کردکاك ئاوات زۆرخۆشحالْ و ئاسودەبوو، رەنگ وڕوخساری شاری لیٚ نیشتبوو، ئەمە شتێکی باش بوو، برایەکی کاك ئاوات زۆرحەزی لەکۆتربوو سەیری کۆترەکانیم کرد، دوایی زانیم کاك ئاواتیش زۆرحەزی لەکۆترەو ئیتر وتم کاك ئاوات وابزانم بگەڕێینەوەبۆپیرەمەگرون باشترە، منیش زۆرسەرقالّم ودلّم لات بوو، ئەوەبوو خۆی ئامادەکرد،دیاربووجل وبەرگیان بۆدابین کردبوو، جلی شار.. واتە پانتۆلْ وقەمیسی لەبەرکرد،کەئەمە زۆرباش بوو، جلەکانی خالەبەخەو قاتەشالەکەمان لەگەلْ خۆمان هەلْگرت و خواحافیزیمان کرد، وتم یان من دێمەوە بۆلاتان یان ئەگەر کەس نەیزانیبوو پاش ماوەیەکی تر وادەکەین پێکەوە بێینەوە،بەم جۆرەپێکەوە لەگەلْ کاك ئاوات ملی ڕێگامان گرت و هاتینەوە بۆ پیرەمەگرون، بۆمالّی مام رەسولْ کرژەیی، کەئیترئەم شوێنە بەیەکجاری بەسوپاسەوە بۆمام ڕسولْ و خێزانەکەی بوو بووبە بنکەی سەرەکیمان بۆئیش وکارەکانمان، لەوسەروبەندی سەردانەی مالّی کاك ئاوات کوڕی پورێکی پێم ناساند بەناوی( کاك رەمزی فلامەڕز) ئەم کاك رەمزیە برای کاك ئەکرەمەرەش بوو،کەپێشمەرگەی تیپی٢٣ی سورداش بوو،کاك رەمزی فەرماندەی سریەبوو، واتە چەکداری خەفیفە بوو، لای مستشارێك وابزانم شوەرەتەکەی جەباری

بوو،کاك ڕەمزی وەعدی هەموو هاوکاریەکی پێداین،ئامادەیی دەربڕی هەمووەاوکاریەکمان بکات بۆئەوکاتەش ناسنامەیەکی پێ نیشان دام کە ڕەنگی شین بوو، هی(امرالمجموعە) یان پێ دەوت، وتی ئەم هەوێیە زۆرباش دەخوات، ئەوەبوو ماڵی ئاوا بێت دوودانەی بەپڕ نەکراوی بۆپەیداکردین،واتە تەنها کلێشەکەبوو، دەبوایە خۆم مۆرەکەی بۆدروست بکەم، لەبان ئەو وێنەیەی بدەم کە دروستی دەکەم بۆی، ئەوەبوو لەماوەیەکی زۆرکورتدا لەماڵی خالە ڕسوڵ کرژەیی کاك ئاواتیش ئاگاداربوو،لە پێش چاوی ئەو دروستم کرد،چونکە وێنەیەکی شێوەی مۆرەکەی پێدابوم کاك ڕەمزی و ئەم هاوکاریەش بۆمن وئەو سەردەمە ئەوەندەی تر ورەی پێ بەخشیم و جگە لەوەش کاك ڕەمزی زۆر بەدەستمانەوە بوو، کارئاسانی باشی بۆمان دەکرد..

## چونەوەی من وکاك ئاوات بۆبنکەی شاخی پیرەمەگرون

دوای ئەوەی ئیش وکارەکان بەباشی دەچونە ڕێوە، دەشمان زانی بۆوەرزی زستان دەگەڕێینەوە بۆ ئەوبنکە سەرەکیە،من و کاك ئاوات بەرۆژ چاودێریکی باشی هەموو ڕێگاکانمانکرد، هەستمان ڕاگرت بە ئاراستەی ئەو شوێنە واتە گوندی دۆلەبی و بیرانی پێش ئەو دۆلەی بۆبنکە سەرەکیەکە دەچوو، ئەوەبوو وەزعەکان زۆرئاسایی بوو، تەنها کێشەش ئەو چەندرەبیەیەی پشتی گوندی قەرەچیتان بوو، دەبوو تۆزێك خۆمان لێی بپاراستایە،دوای ئەوەی کات بووە نێوان عەسرو مەغریب، لە مجمع دەرچووین وبەڕێ کەوتین،ڕێگاکە تۆزێك دووربوو،کاتێك گەیشتینە سەردۆلەکە،واتە پشتی گوندی بیران و سوڕاینەوە بەئاراستەی سەرکەوتن.. کەنزیك بوینەوە گوێمان لە دەنگە دەنگێك بوو، برادەرانی خۆمان بوون، خەریك بوون خۆیان ئامادە دەکرد، تاکو دونیا تاریك بێت و بەڕێ بکەون بۆ ناو مجمع، ئەوان کاتێك ئێمەیان بینی تۆزێك سلەمینەوە،

خەریك بوو دەنگمان بدەن، چونكە هەرگیز بڕوایان نەدەكرد بەوكاتە زووە دوكەس و بەتایبەت ئێمە چەكمان پێ نەبوو،بگەینەئەوێ، ئیتر هاوارێكمان كرد خۆمانین ،لێیان چوینە پێشەوە ، پاش هەواڵ پرسین و هەندێ گفت و كردن، ئەوەبوو پرسیاری برادەرانمانكرد،وتیان بەس ئێمە دابەزیوین وباقی هەموویان لەسەرەوەن، ئیترئەوانمان جیەێشت وخۆمان سەركەوتین،ڕێگاكەزۆرسەخت بوو،من پێشتر سەرنەكەوتبوم، كاك ئاوات شارەزاتربوو، كاتێك گەیشتینە سەركانیەكە لەوێش چەند پێشمەرگەیەكی تری لێ بوو، لای ئەوانیشمان جێ هێشت و چوینە لای برادەران، بەڵام پێش ئەوەی بگەینە لایان دەبوایە بەژێری بەردێكی گەورەدا بڕۆیت،ئینجا لەسەروی ئەو بەردەوە بارەگا نهێنیەكەی لێ بوو، لەهەندێ شوێنیش زۆر سەخت بوو،زۆر باریكە ڕێ بوو، پێیان دەوت بزنە ڕێ، هەرچۆنێك بێت گەیشتینە لای برادەران ، ئەوشەوەمان لەگەڵیان گوزەراند، ئەوانەی لەو بنكەیەبوون،كاك خالیدی كاروبار بەربرسیان بوو، لەو بنكەیە چەندمەفرەزەیەكی ترلێ بوون،كەكاك عوسمانی مام كریم و كاك شوان موغاغی و چەند هەڤاڵێكی تربوون، ئەوشەوەتابەیانی و بەیانی وتادوای نیوەڕۆماینەوە، چەند وێنەیەكمان گرت ئەو جێگایە زۆر شوێنێ دڵگیر وخۆش بوو...

## بردنەوەی كاك وریا قەفاری بۆ چەمچەماڵ

دوای ئەوەی چومەوە بۆمەوعید لەناوچەی حاویەی ئیلینجاغ ئەمجارە بەرەزامەندی كاك ئاكۆوبرادەران لەسەرداوای دایكی كاك وریاوكەس وكارەكەی دوای ئەوەی كاك وریا زۆرزۆریشی پێ خۆش بووبە هاتنەوەی بۆناوشار،هەرئەو ماوەیەی لەگەڵیان بووم هەموو بەرنامەسازیەكمان كرد، مەوعیدێكی تری نزیكمان دانا، هەموشتەكانم بۆكاك وریا تەرتیب كرد، چووم بەشوێنیدا،برادەران هاتبون بۆمەوعیدەكەو كاك وریاش خۆی ئامادەكردبوو، بهەمان جلەكانی

خاله بەخەوە ئەوانمان بەجێ هێشت، لەڕێگا بهەمان شێوەی کاك ئاوات ڕێنمایی زۆرم دایە، بەحوکمی ئەوەی کاك وریا لەتەمەندا زۆرمندالْ بوو،ئەوەندە جێگای گومان نەبوو،واتە تاڕادەیەك بردنەوەی ئاسان بوو، ئەوشوێنەش واتەچەمچەمالْ،شوینی مالْ دایکی ئەوەندە بۆمن و بۆئەویش مەترسی نەبوو، چونکە کاك وریا ئەوشوێنەی هەرنەبینیبوو،تەنها سەیتەرەکان خەمی من بوو، ئەویش خۆشبەختانە تشدیدات و پشکنین زۆرنەبوو، هەرچۆنێك بوو گەیشتینە چەمچەمالْ وتاکسیەکمان گرت و لەکاتێکی گونجاودا خۆمان کرد بەمالْی کاك وریا دا،کاتێك دایکی چاوی پێمان کەوت ئەوەندە کت وپڕبوو،بڕوای بەخۆی ناکرد، خوشك وبراژنی و ئەوانیش ئەوەندە بەلایانەوە سەیربوو هێندەی نەمابوو بیکە نە هات وەاواری خۆشی دەربڕین، وتمان تکایە مەیکەنە هەرا،هەولْی هێورکردنەوەیانماندا، ئەو مالەو مالەنزیکەکانی خۆشیان بەسەرمان داباری،زۆر تامەزروێبینینی بوون،چونکە لە کاتی ئەنفالەکانەوە نەیان بینی بوو، بەبێ هیچ بنەمایەکیش پێشتر وا هەوالْیان بۆ چووبوو کە کاك وریا شەهید بووە، زیاترئەمە کاریگەری لەسەریان هەبوو، لەو چەند ڕۆژوە ی پێکەوە بوین ئەومالە خزمانەشی کەپێشترباسم کرد مالْی خالْی واتە کاك حسنیش بەخاووخێزانەوە ئەوچەند رۆژە هەرلەمالْی کاك وریا بوون، تەنها شەوێك ئێمە بۆ شوێن گۆڕین چوینە مالْی کاك حسن، لەوچەند ڕۆژەی لەوێ بووم کچێکی شۆخ وشەنگ زۆرگرنگی بەکاك وریا دەدا، ئەوەبوو کاك وریا خۆی بۆی باس کردم کەئەوکچە ناوی سعادخان بوو، خوشکی کاك حسن بوو واتە کچە خالْی کاك وریا بوو، دلْیان پێکەوە بوو، وەك بیستم هەرلەوچەندڕۆژە هەردوولاو کەس وکاریشیان کۆدەنگ بوون لەسەرئەوەی کە لە ئایندەیەکی گونجاودا ببنە هاوسەری یەك، دوای ئەوچەندڕۆژە بەکاك وریام وت خۆت

ئامادەبکە ئیترکاتی خۆئامادەکردنە بۆگەڕانەوە، با چیترلێرە نەبین، ئەوە بوو باش خۆی ئامادەکردبوو، ناسنامەو پارەشی وەرگرتبوو، لەگەڵ جل وبەرگ وچەند وردەپێداویستی، بە پاك وتەمیزی ماڵ ئاوایی لەکە س وکاری کردو لەکاتێکی گونجاودا بەبەرنامە گەڕاینەوە، کاك وریا رەنگ وڕوخساری تاڕادەیەك هی شاری لێ نیشتبوو، بەسەلامەتی بردمەوە بۆ مجمع پیرەمەگرون، وبۆلای کاك ئاوات بنکەی سەرەکیمان، لەناو مجمع ماڵی خالە ڕسوڵ کرژەیی ..
ئەوچەندرۆژەی لەمجمع بووم موعیدەکانی ڕێکخستنی سلێمانیم لەگەڵ هاوڕێ پشتیوان توندوتۆڵ کردەوە، زیاترلەگەڵ هاوڕێ پشتیوان لێك نزیك بوینەوە، باسی ڕێکخستن و وەزعەکانمان بەگشتی دەکرد، تەنانەت پێکەوە ئەوەندە توندرەوبوین بەرامبەربەدوژمن پێکەوە لەسەرئەوە ڕێك کەوت وبوین کە هەندێك چالاکی بکەین، واتە دەست لە خۆفرۆشان بوەشێنین، من وتم هاوڕێ پشتیوان من دەمانچەم لایەو تفەنگیش ئاسانە لای برادەران هەیەو ئەگەر بتوانین بچین بەسەیارەکەی تۆ تفەنگێکم لەماڵی هاوکارێکم داناوە، ئەیەێنینەوە، بۆ ئەنجامدانی چالاکیەکە،من نەمزانی هاوڕێ پشتیوان یان برادەرێکی هاوڕێ پشتیوان بەمەی زانیبوو،دیاربوزۆرنیگەران بوون، پاش چەندرۆژێك نامەیەکی پێچراوم لەڕێکخراوی سلێمانیەوە بەدەست گەیشت، ناوەڕۆکی نوسراوەکە رەخنەی توندبوو،کەئیمەسەرکێشی دەکەین و ئەوان لای خۆیانەوە سەرزەنشتی هاوڕێکەی خۆیان کردبوو، ئاگاداری منشیان کرد کەئەگەر دوژمن بەم سەرکێشیەی ئیمە بزانێت، گورزی کوشندە بەر هەمولایەکمان دەکەوێت، هۆشداریان داپێم کە بهەستیاری و وریاییەوە درێژە بەکارە نهێنیەکان بدەین، من ئەم نامە رەخنە ئامێزەم زۆربەلاوەسەیربوو، چونکە هیچ شتێکمان نەکردبوو، تەنها بیرۆکەبووە، نەشمدەزانی نوسەری نامەکە

کێیه، بەڵام دسپلین ومەرکەزیەتی ئەوکاتە زۆر جدیەتی تیابوو، وەکو ئێستا نەبوو،دواتر لەمەوعدێکدا هاورێ پشتیوانم بینی وتی کاکە گیان خەراپتریان بەمن کردوە،ڕووبەڕووموحاسەبە کراوم،ئەوان زیاتر رەخنەکانیان لەمن گرتوەو زیاترخەمی تۆیانە.

## بەرنامەی گەڕانەوە بۆبنکەی سەرەکی پیرەمەگرون

لە وەرزی زستان نزیك دەبوینەوە، دوای ئەوەی زیاتر لە پێنج مانگ لەو دۆخە ناهەموارو دژوارەدا بوین،لەوناوچانەی خۆمان بەحوکمی تایبەتمەندێتی ئەو ناوچەیە زۆرلەبارنەبوو بۆ وەرزی زستان ومەهامی هاتنی ئەو مەفرەزەیەش وەك کاك غەریب بۆی باس کردم زیاتر بۆ تشویش وەروەها وەکو تەحەدای دوژمن وئیسپاتی وجودی پێشمەرگەی یەکێتی بوو،کە ئەنفالیش ناتوانێت یەکێتی و گەلەکەمان لەیەك دابڕێت، کاك غەریب وتی کاك نەوشیروان پێمانی وتووە ئەگەر تەنها بۆچەندحەفتەیەکیش بمێننەوە، ئەو خەبەرە بگاتە بەعس ئەوە گەورەترین سەرکەوتن و شکستی دوژمنە، بۆیە ئەو مانەوەیە بەو سەرکەوتنەوە زۆرلەو وادەیە زیاتر بوو، کەبرادەرانی سەرکردایەتی پێشبینیان دەکردبوو بۆمان، هەروەها وەکو بیستم سەرکردایەتی بەبێسیم وتبوویان بۆ زستان وەرنەوە بۆ بنکەی سەرەکی لەپیرەمەگرون، تاکو زستان تەواو دەبێت،دوایی خۆمان ئاگادارتان دەکەینەوە، ئەوەبوو من سەردانێکی برادەرانم کرد کاك ئاواتیشم لەگەڵ خۆم برد بۆ مەوعیدەکەو لەوێ تاوتوێی ئەو باسەمان کرد، کاك ئاکۆ وتی بەبێ سیمیش پێمان ڕاگەیەنراوە کە بۆزستان بگەڕێینەوە، منیش هەڵوێستی برادەرانی ڕێکخستنی سلێمانیم پێ ڕاگەیاند،کەبەرنامەیان دارشتووە بۆ هەموو هاوکاریەك،تەنانەت یەکێك لەهاورێکانیشیان پێ ناساندوم،ئیتر لەسەرئەوە ڕێك کەوتین ئەوان لە ماوەیەکی نزیکدا ئامادەکاری

گەڕاندنەوە بکەن و بگەڕێنەوە، ئێمەش  پێ بەپێ لەڕێگای بێسیمی وئەوانەوە تاکو دەگەنەوە شاخ لەحالەتی ئامادەباشی بین و متابەعەیان بکەین،تاکو بەسەلامەتی دەگەنەوە، هەرچەند ئەوان ژمارەکەمەوە بەرچاویان لەناوچەکە زیاتر ڕوناك بوبوەوە، ئەزموونی باشیان پەیداکردبوو واتە جیاوازتر لەکاتی هاتن بۆ ناوچەکە.لەدوای چەندڕۆژێك خۆشبەختانە بەسەلامەتی گەڕانەوە، لەڕێگا تووشی هیچ کێشەیەك نەبوو نەوە،گەیشتبوونەوە بنکەی سەرەکی شاخی پیرەمەگرون ، ئەو چەندڕۆژەش کاك ئاوات وکاك وریا پشوی باشیان دابوو، بەتایبەت کاك ئاوات ئەوەندە هێشتمانەوە لەناو شارجاربەجار لەگەڵ کوڕێکی خالە ڕسوڵ چووبوون بۆ دەوروبەری بازاڕودوکانەکان،من چەندجارێك لەماڵی خالە رەسوڵ بووم وشەوان دەمبینی کاك ئاوات دادەنیشت بەرامبەرتەلەفزێونەکەو هەردودەستی دەکردە ژێرچەناگەیی، دەچووە ناو فلیمەکەوە، کەئەوکات هەندی مسلسلی دۆبلاج کراو هەبوو، ئەو متابەعەی دەکرد، وەك ئەوەی مێشێك میوانی نەبێت وئەسلەن هەرپێشمەرگەش نەبێت،زۆربەلامەوە سەیربوو کاك ئاوات کوڕێکی زۆرئێسك سوك و دەم بەخەندەو شیرین بوو، قسە خۆش وکراوە بوو، کەس لێی بێزارنەدبوو، دونیایەکی زۆرتایبەتی و کوڕێکی زور قۆزو دامەزراوبوو،کاتێك جل وبەرگی شاری لەبەردەکرد واتە (قەمیس وکابۆ) زۆرلێی دەهات،هیچ کەسێك شکی نەدەکرد کەئەم کورە پێشمەرگەیە، ئەم حالەتەی کاك ئاوات بۆ خۆیی و ماڵی خالە ڕسوڵ و بۆمنیش زۆر باش بوو، چونکە وا ی لەخۆی دەکرد کەس هەستی پێ نەکات،  ئەگەر ترسیشی لەخۆی هەبوایە دەری نەدەبڕی ،نەیدەهێشت کەس هەستی پێ بکات بهەمان شێوە کاك وریاش زۆرباش بوو، بەڵام کاك ئاوات زۆر زۆرباش تربوو،تەحەمولیان هەبووکەمتردەردەچوونەدەرەوە..

لەکۆتاییدا دەڵێم:

ئەگەرماڵی خالە ڕەسوڵ کرژەیی نەبوایە هەرگیز ئەو کارانە بە ئێمە نەدەکرا.

## بردنی کاك ئاکۆسور بۆماڵی خۆیان لە ( مجمع کەوەرگۆسك )

دوای ئەوەی بەسەرکەوتویی توانیمان ئەو چەندمانگەی لەناوچەکەی خۆمان بوین و بەبێئەوەی هیچ زیانێك لە خۆمان ولەدۆست وەاوکارەکانمان و کەس وکاری هەڤاڵەکانمان بکەوێت وئەوسەرکەوتنە بیٚ وێنەیەی کەئەنجامان دابەبردنی دووپێشمەرگەو مانەوەیان بۆچەند هەفتەیەك و هێنانەوەیان بەسەلامەتی ئەوەبو کاك ئاکۆپێشنیارێکی بۆکردم کە بەرنامەی دابەزاندنی بۆناوشاربۆدابنێم و ناسنامەی بۆتەرتیب بکەم هەرچەند من تۆزێك بەحەزەرەوەودوای تاوتوێکردن و دیراسەی ئەو کارەو هەروەها پیم ڕاگەیاند پێویستە لەبەرئەوەی بەرێزت بەربرسیاریت هەیەو حاڵەتەکەی توچ جیاوازترە پێویستە برادەران سەرو ئاگاداربن .وەکاك ئاکۆ دوو کێشەی هەبو یەکیان هیچ ناسنامەیەکی پیٚ نەبو واتە هیچ بەڵگەیەکی عێراقی پیٚ نەبو ئەوەی تریش کاك ئاکۆ نەخۆشیەکی توش ببو لەئەنجامی ئەو کارەساتانەی لەکاتی بیستنی هەواڵی شەهیدبونی براکانیدا توشی (پەرکەم ) دەبو واتە زۆرجاردەبورایەوەو ئاگای لەخۆی ناماو هەمو گیانی دەبوە داری ڕەق و پاش ماوەیەکی کەم چاك دەبوەوە بەهەرحاڵ سەروی خۆمان ڕەزامەندبون وخۆشی بڕیاری تەواوی دابو کە بێتە ناو شارو لەبەردوو هۆ یەکەم بۆ بینین و ڕێکخستنەوەی هەندی لە پێشمەرگە دابڕاوەکان وەهندیٚ لە ڕێکخستنەکانی ناوکەرکوك و ناوچەی شێخ بزێنی واتە بۆ ئیش وکاری شۆڕش و هۆکاری دوەم بۆبینینی کەس وکارەکەی ئیترمن خۆم ئامادەکردو هەرچۆنێك بو وێنەیەکیمان پەیداکرد وناسنامەیەکی (ئامرالمجموعە) ئەوەی کاك ڕەمزی دای پێم زۆربەباشی وەك و ئەسڵی تەرتیب کرد وقاتەشاڵە

ڕەساسیەکەی خالّە بەخەشمان کردەبەری و لەشاخ دابەزی و بۆشەو نەمبرد بۆ ئەومالاّنەی کەهاوکارمانبون وتەنانەت ئەوانەشی زۆرهات وچۆیانم دەکرد بەلّکوبردم بۆیەکێك لەومالاّنەی کەکەمترجێگای شك و یاخودواناسرابون کاسبن بەلاّم بیروباوەڕی کوردایەتیان هەبو هەرلەوتایەفەیەی مالّی کاك حاجی مەولودبون کاتێك چوینە مالّی کاك ڕەزا کەپیشەی پەنچەرچی بو خۆیی وخێزانەکەیی وسێوچوارمندالّی بچوکی هەبو ئەو پێی سەیربو کەچوین بەلاّم زوچرڕێزی گرتین و کاك ئاکۆ وردەوردە وەزعەکەی لا ئاسایی دەبوەو جاربەجارەرسەری دەسوڕاندو سەرەتاتکێی دەکردو هەرکات تەنها من وئەو بوینایە زۆرڕێنماییم دەکردئیترتۆلەناوشاریت و دەبێت ئاسلیی بیت نەك مالّەکە هەست بەشتێك بکەن وئێمە لەگەلّ بانگی بەیانی ئیرە بەجیّ دەهێلّین بۆشەو برایەکی کاك ڕەزابەناوی کاك سابیروەك وریزێك کەمیوانی براکەی بوین هاتە ئەویّ ومەجلیسی گەرم کردو پرسیاری لیّ کردم وتی کاك چەتۆ من ئەم برادەرە بەخزمەتی نەگەیشتوم کییە؟لەوەلاّمدا وتم خەلّکی ڕانیەیەو هاوڕیمەو هاتوە بۆئەوەی بەیانی پێکەوە بچین بوچکەرکوك و وەك چاوساغ لەگەلّی دەڕۆم بۆئەوەی هەندێ ئەشیای دوکان بکڕێت وتی دوکانی چی هەیە وتم دوکانی کەمالیات ئیتردەستی کردە پرسیارو ئەی بۆچی لەسلێمانی نایکڕیت ؟ئیترکاکسابیرزۆرەێنامانی وبردی و عەقلّی ئەو قسانەی نابڕی وئاگام لیّ بو کاك ئاکۆخەریك بو بکەوێتە گومانەوەو بەلاّم کاکڕەزا وتی کاك سابیر ئەم پیاوەمیوانی منەو لەگەلّ کاك چەتۆ هاتوەو خۆی دەزانێت وئازادە لەکویّ ئەشیا دەسەنێت بەلاّم کاك سابیر زۆردیقەتی کاك ئاکۆی دەدا و ئیترشەومان لەگەلّ کاکسابیردرەنگ کرد وئەو ڕۆیشت وجێمانی هێشت و دواترجێگایان بۆمان ڕاخست و وتم کاك ڕەزا وابزانم تۆش کاسبی وبەیانیان زو دەچیت

بۆسەرکارتکایە لەگەڵ بانگی بەیان ئێمەش هەلبسێنە وتی باشە کاتێك جێگایان ڕاخست بەتانی بەورواتە پلنگیان هێنا کاك ئاکۆ دەستی پیادەێناوپێش ئەوەی ڕابکشێین کاك ئاکۆ زۆردەمێك بوبەبەتانی وانەخەوتبو من زۆردیقەتی کاك ئاکۆم دا وەستم دەکرد ئەمە بەخەون دەزانێت وە بۆبەیانی زوو لەوکاتەی داوامان کرد کاك ڕەزا هات و ئیترۆردەوردە لەگەڵ کاك ئاکۆبەرەو گەراج ڕۆیشتین و هێشتا دونیا تاریك بو ئەونەفەرانەی کە لەوکاتەدا سواردەبون زۆربەیان کرێکاریاخود بۆئەرکی سەربازی دەگەڕانەوە وپاصەکە بەرێ کەوت و تاکوسلێمانی بازگە نەبو لەو نیوانەو کەگەیشتینە گەراج بەغدا وتم کاك ئاکۆ باسواری پاصی موصلٚ بین باشترە هەم بۆسەیتەرەکان هەم ماڵی باوکت لەنێوان موصلٚ وەولێرە ویەك جار دادەبەزین لەوە باشترە بە چەندپاصێك بچین وتی چۆنت پێ باشە وابکەئەوەبو سواری پاصی موصلٚ بوین و گەیشتینە نزیك تاسلۆجەو دونیا بەتەواوی ڕوناك بوەوەو بۆشوێنی دانیشتنیش من دەست نیشانم کردبەپێی ئەزمونی خۆم لەپشتی سایەق سواربوین چونکە کاتێك ئەمن و ئینزباتەکان سەردەکەوتن بۆ داواکردنی ناسنامە ئەوەندە تەرکیزیان ناکردە پشتی سایەق و دواترئێمە واسواربوین لەوجێگایە بەحیساب ئێمە بێمنەتین و لەنزیك بازگەکە هەندێ قسەم لەگەڵ کاك ئاکۆکردوتم کاکەگیان ئیستا تۆ(ئامرمەجموعەیت) واتەفەرماندەی جەماعەتێك جاشیت و هیچ خۆت تێك مەدەولەبازگەکان زۆرئاسایی بەوئەگەرئەمن واستخباراتەکان داوای هەویەیانکردیان بەدەوری پاص ونەفەرەکان سوڕانەوە تۆش سەیری ناوچاویان بکە و هەرئەم شتانە جێبەجێبکە ومن دلنیام ئەمڕۆبەکەس وکارت شاد دەبیتەوە لەم دەمەتەقێیانەبوین گەیشتینە یەکەم بازگەو کابرای ئینزیبات شانسەکەی ئێمە بەلای ئێمەوە

بەرەولای دەرگای پاصەکەهات وکاك ئاکۆزۆربەدیقەت وتەرکیزەوە سەیری ئینزیباتەکەی کرد ئیترقاچێکم لەقاچی داو تێگەیشت ئیترئەمەندەبەسەو چاوەڕێی هاتنە ناوەوەی کابرای ئینزیبات بوین و دەیزانی سەیارەکە خەتی موصڵە چونکە هەمو پاصێك پارچەیەك نوسراوی بەناوی هێڵەکەیەوە لەبەردەم جامی سایەق دادەناو دەرگای کردەوەو سەلامی کردو وتی هەموتان بۆموصڵ دەچن سایەقەکە هاتە جواب وتی بەڵێ داوای ناسنامەی لەدوکەس کرد لەنەفەرەکانی دواوە چونکە من لەئاوێنەی سایەقەکەوە سەیرم دەکرد ناسنامەکانی دایەوەو دابەزی و بەعەرەبی وتی( برۆن ) من زۆرلەناخەوە ئاسودەبوم و ئارام بومەوەو لەتاسلوجەشۆڕدەبوینە کاك ئاکو بەسوعبەتەوە وتی هاکوڕی باش هەرئەمەش بو والێی دەترساین وتم ئێمە ئێستا پیاوی حکومەتین وبەرنامەکانی منە وا بەئازادی وسەلامەتی بەسەیتەرەکاندادەڕۆین ومنیش وتم کاکە هێشتا لەکوێتە؟وتی بۆچەندسەیتەرە ماوە وتم وەاللە تاوەکو کەوەرگۆسك ٦شەش سەیتەرە ماوە بەلاّم بۆئەوەی مەعنەویەتی دانەبەزێت وتم بەلاّم زۆربەیان لەمەی ئێستا باشترن وئیتر ئاسایی بوینەوەو جاربەجارسەرمان لەیەك نزیك دەکردەوەو غەڵبەغەڵبی نەفەرەکان وتسجیلی ناوسەیارەکە باڵی بەسەر من وکاك ئاکۆڕاکێشابو لەهەردوسەیتەرەکەی چەمچەماڵ ودەروازەی کەرکوکیش زۆرئاسایی بون ئەوپرسیارە تقلیدیانەیان دەکرد هەمونەفەری موصڵن وسەندوق دواوە چی تیایەو ئیتر سەیارەکە گەیشتە ناوڕەحیم ئاواولەو چێشتخانەیەی بەرامبەرماڵی (حاجی متعب) مەشەوربو بۆئیسراحەت لای دا و ئەم لادانە بەحیساب لەنێوان دوشوێن واتە پارێزگایە و بۆنان خواردن و نویزکردن لایدا بەلاّم بۆمن و کاك ئاکۆ مایەی ناخۆشی وناڕەحەتی بوچونکە هەم ماڵ وگەڕەکی پێشوی خۆمان بو کاك ئاکۆش خەڵکی ئەو ناوەو دەوروبەری

کەرکوك دەیانناسی ئێمە هەرچۆن بو دانەبەزین وخۆمان خەریك کردبو سەرمان نابو بە کورسیەکانەوە و جاربەجارکاك ئاکۆیان من سەرمان هەڵدەبڕی وتەماشای ئەو دەوروبەرە دەکرد خەڵکمان لێدەناسینەوەو لەمانە بوین پیاوێکی بەتەمەن هاتە ناو پاصەکەو وتی بۆدانابەزن بۆنان خواردن ئەگەرمشکلەی پارەتان هەیەفەرمو میوانی من بن یان شتێکتان بۆبێنم ئەو کابرایەش بۆیههاتەوە ناوپاصەکە شتێکی لە ناوجانتاکەی دەردەهێنا ئێمە زۆرسوپاسمان کردو هەرچۆن بو ڕازیمان کرد ئیتر زیاترلەنیوسەعاتی خایاند ئەم پشودانە و نەفەرەکان سواربونەوەو لەڕەحیم ئاوای زێدی هەردوکمان دەرچوین و لەبازگەکانیش بیٚ ئەوەی داوای ناسنامەشمان لیٚ بکرێت لەەولێریش دەرچوین ولە ئاسکی کەڵەکیش دەرچوین سەیتەرەکان تاکو لەکوردستان دەربچویتایە زۆرزۆرئاسایی دەبونەوە و کاتێك گەیشتینەڕاست ئەو ڕێگایەی کەلای دەدا بۆکەورگۆسك بەسایەقەکەم وت زەحمەت نەبێت ئێمەلەڕاست ڕێگای(کەوەرگۆسك) دادەبەزین و هەرلەویٚ سەیارەکانی مجمع وەك گەراج نەفەریان سواردەکرد، بۆ ناومجمع واتە تاکسی بون پێش ئەوەی سواربین تاکو نەفەرەکان گشتی پڕبون کاك ئاکۆ زۆرسەرسام بو بەم چەندوشەیە ستایشی کردو وتی( ئەمەی تۆدەیکەیت بەڕاستی من ئەمڕۆ بەچاوی خۆم بینیم وئەم هاتنەی ئێمە بەوەەموسەیتەرەو بۆناوجەرگەی دوزمن هەربەتۆدەکرێت و بەقەت هەموئەو پێشمەرگانەی شاخی پیرەمەگرون دەورت زیاترەو تۆئازایت و بیٚ منەتی بەرامبەرمردن ومن بەخەویش بیرم لەوە ناکردەوە بگەمە ئێرەو وەوتی تۆ ئازایەکی شێتی )بەهەرحاڵ نەفەرەکان بەئێمەوە پڕبون و بەرەو ماڵی باوکی کاك ئاکۆبەڕیٚ کەوتین هەر چارەکە سەعاتێك دەبو تاکو ناو کۆمەڵگاکەو پێش ئەوەی بگەین وتی بەتاکیدی ماڵمان دەدۆزیتەوەو دەزانیت وتم خەمت نەبێت وە

ئەوەی باش بو ئەو ناوچەیەزیاتر خەڵکی هەرکی وسورچی و زرارەتی لیّ بو واتە نەمن نەکاك ئاکۆیان نەدەناسی و من پیّشتر بەماڵی باوکیم وتبو ڕەنگە کاك ئاکۆبەیّنمەوە ناو شار ئەوان نەیاندەزانی خستومانەتە بەرنامەوە واتە ئاگادارنەبون و لە گەراجەوە سیّ وچواردقیقەیەك ماڵیان دوربو من گەیشتمە بەردەم دەرگاکە وتم کاك ئاکۆ جاریّ خۆت مەکە بە زوردا بامن هەستیّکی زورەوە ڕاگرم ودڵنیابم لەوەی میوان و خەڵکی ترلەماڵتان بن کاتیّك خۆم کرد بەزورداو بینیم مام ئەحمەد لەبەرەەیوانەکە دانیشتبو لەدورەوە وتم یاالله مام ئەحمەد سەلام علیکم و بەرەو ڕوی چوم و وتم کەسی غەریب لەماڵتان نیە نا وەالله فەرمو بابچینە زورەوە ئیتروتم من میوانیّکی ترم لەگەڵدایە بابیەیّنمە زورەوە وئیتر ئاکام لیّ بو خۆیی وزن ومنداڵیان کەوتنە چرپە چرپ و مقۆمقۆوسەرەتاتکیّ کەچومە دەرەوە وتم کاك ئاکۆ فەرمو کە چوینە زورەوە مام ئەحمەد وتی ئەوە ڕەمەزانە و ئیترکەوتە بانگە بانگ وەراوەوریا من زۆرلیّی حاڵی نابوم ئەوەندەم زانی هەرچی زن ومنداڵ هەبو هەربەڕاکردن هاتن بەرەو پیری کاك ئاکۆ ئەوان هەردەیانوت ڕەمەزان ئیتردەوریان لەو کوڕەداو یەکیّك ماچی دەکرد یەکیّك دەستی گرتبو یەکیّك بۆنی دەکرد دایکی باوەشی پیاکردبو ئینجا هەرلەویّ کاك ئاکۆ دانیشنت وەەمویان بەدەوریەوەو هەموی ڕەش پۆش و ڕەش دەچونەوەو دەنگە دەنگیان هیّندەی نەمابو دەورو جیرانمان لیّ کۆبنەوە ئیتر بەکاك ئاکۆوباوکی و من وامان کرد تۆزیّك ئارام بنەوەو ئەوەبوچوینە زورەوەو ئەو دیمەنانە زۆرەەزاندمی و جەرگم شەقارشەقاربو چونکە من خۆشم وەك ئەوان بریندارب‌وم و کەس وکارشەهیدبوم تیّدەگەیشتم ئەو برین و سۆزە بەسۆو خۆشحاڵی دەربڕینە ی بینینی ئەو کوڕەیان چەندکاریگەرە

بۆنیوەڕنانیان بۆمان کرد هەرزۆرزو حازربو ئێمە زۆرداوای پاراستنی ئەو نەێنیەمان دەکردو خۆشبەختانەماڵی باوکی کاك ئاکۆ لەوبارەیەوە زۆرباش بون وئەو ڕۆژە تاکو ئێوارە سەرجەم ئەم خێزانە ڕەش پۆشە ئۆقرەیان نەبو ئێجگاردڵ خۆش بون زۆرجارمن دەهاتمە بەرەەیوانەکە و بۆئەوەی زیاتربەئازادی لەگەڵ ڕۆڵەکەیان شادو ئاسودەو تێرقسە کردن بن بۆبەیانی ناردیان بەدوای کەس وکارە هەرە نزیك وباوەڕپێ کلراوەکانیان و ئەوکات کاك محمدی برای سەرباز بو لەکوێت و کاك ئاکۆ دەستی کرد بەکاری ڕێکخستنی خۆیی و هەرلەوماوەیەدا خزمێکی نزیکی هەبو لە قەڵەم فوجی سەربازی بو بەسوپاسەوە چەندین پسولەی دابەزینی مۆڵەتی سەربازی بۆدابین کردین دوای دوو ڕۆژ من گەڕامەوەو دڵنیابوم لە سەلامەتی کاك ئاکۆو پاراستنی لەلایەن کە س وکاریەوە وەروەهابیستم کە ئەوماوەیەی کاك ئاکۆ لەماڵی خۆیان بوە توانیبوی زمارەیەکی زۆرلەڕێکخستنەکان بەتایبەت ئەوانەی جێگای متمانەو نزیك بون لەخۆیەوە وەك هێلێکی تایبەت کەدواتر هەموی بەوردی بۆباس کردم وناوی زۆرێکیانی برد ئەم کارەش بۆئەوسەردەمەزۆرپێویست وگرنگ بو،دوای حەفتەیەك بەسەلامەتیەوە گەیشتینەوە پیرەمەگرون و بردم بۆماڵی خاڵە ڕسوڵ کرزەیی بنکە کەی خۆمان و دواتر بەڕێم کرد تاکو ئەودیو جادەکەو ئەو هەرخۆی بو هەندێ کەل وپەلی پێ بو لەماڵەوە هێنابوی و خواحافیزیم لێ کرد هەرئەوەندەم زانی لێم ون بو ئەوەندە بە گورج وگۆڵی ڕۆیشت کاك ئاکۆکەسێکی ئاسایی نەبوو لەهەموو ڕویەکەوە خاوەن تایبەتمەنێتی خۆی بو کە ئەو خەسڵەتانە بەبڕوای من زیاتر لای کاك ئاکۆ بەرجەستە بوبو من زۆرسەرسام بوم بە کەسایەتی و ئەو ئەزمون و ئەو دڵسۆزی و حەماسەی کە هەرگیز خاوبونەوەوی نە بوو، لە کارەکانیداو دواتر وەك خۆشی وبرادەران باسیان کرد

تاكو دەرگای یەكێك لە زورە كانی شاخی پیرەمەگرون هەرەەستیان پێ نەكردبو وەبەكەمترین كات گەیشتبوە لایان تاق وتەنهاوبە بێ چەكیش بو ..

## بەرپابونی جەنگی عێراق – كوێت

من لەناوشاربوم لەماڵی خاڵە رەسوڵ كرزەیی بوم لەرێگای تەلەفزێونەكەیانەوە گوێێ بیستی بەیاننامەكەی حكومەتی بەعس بوم كە گرتنی ولاتی كوێتی راگەیاندو زۆربهھات وەاوارەوە ئەو بەیانەی خوێندەوە واتە بەحەماسەوە وەرلەبەیاننامەكەوە ئەوەی راگەیاند ئێستا كوێت بوە بەشێك لە عێراق و بە ١٩نۆزدەیەم پارێزگای عێراق ناوزەندی كرد ئیتر هەرەەفتەیەكی نەبرد كە عێراق بەسەركەوتن ناوی دەبرد دۆخێكی زۆر دزوار باڵی كێشا بەسەرسەرانسەری عێراق و كەدواتركۆدەنگیەكی جیهانی بەدوای خۆیدا هێناوئیتر رژێم كەوتە ئەوقەیرانە گەورەو قوڵەوەو بارودۆخەكە وای لیهات رژێم ئاگای لەكوردستان نەماو هەستمان كردچەكدارە كوردەكانیش گۆرانیان بەسەرهاتوەو وردەوردە سەربازە كوردەكانیش خۆیان لەئەركی سەربازی دەدزیەوەو دیاردەی هەلاتن واتە فیراركردن سەری هەڵداوەەركات مەترسیەك هەبوایە شەوانە وەك وپێشمەرگە پۆل پۆل شاریان بەجێدەەێشت ولەدەوروبەری شارو تەنانەت زۆرجار ریان دەكردە شاخ وەەردەو دۆڵەكان ولەكاتی مانەوەشیاندا كەس وكاریان دەچون بۆلایان وخۆراكیان بۆدەبردن ئیترئالێرەوە هەست بە شپرزەیی رژێم دەكراو ئەو تەوقە ی پێشوتر هەبولەلایەن رێمەوە شكاوخەڵك ئەوەندە گوێی نادایە رژێم و چەكدارەكوردەكانیش هەڵوێستیان گۆرابو تەنها ئەو دەزگا ئەمنیانەی رژێم تەنهالە سەنتەرێكی دیاری كراودا بونی هەبو ئەمە زیاترلەكۆمەڵگاكان وابو رۆژ لەدوای رۆژ رژێم دەسەلاتی بەرەو لاوازی دەچو لەوكاتەشدا ئیزگەی دەنگی گەلی كوردستان گرمەی دەهات

ولەوسەردەمەدا وەك تاكە سەرچاوەی گەیاندنی هەواڵ وزانیاری وگۆڕانكاریەكان ڕۆڵێكی زۆرگرنگ وبەرچاوی هەبو بۆزەمینە سازی كردن وئامادەسازی ڕاپەڕین وەبونی پێشمەرگە پارتیزانەكانی یەكێتی نیشتمانی كوردستانیش لە ناوئەشكەوت و دۆڵ وشیوو ئەوبنكەو حەشارگانەی لەناوچەكانی نزیك كەركوك وگەرمیان كە لەژێر زەوی شوێنی حەواندنەوەو حەشارگەی پارتیزانەكان بون ئەم ئامادەگیەی ئەوان گڕوتین وئومێدو هەروەها ورە بەخش بو بۆ هاولاَتیان وڕێكخستنەكان و سەربازە هەلاَتوەكان و هەروەها ئەو پێشمەرگانەی لەكارەساتی ئەنفال دابڕابون بۆیە لەوسەروبەندەدا خەڵكانێكی زۆرپەیوەندیان پێوەدەكردین وسەرۆك جاش واتە موستەشارەكانیش زۆربەیان نامەی كاك نەوشیروانی بۆهاتبو زۆربەی هەرەزۆریان ئامادەیی خۆیان دەردەبڕی وڕ ەزامەند دەبون ئەم دۆخەش وای كردئیترهاتن بۆناو شاروگەڕانەوە تاڕادەیەكی باش ئاسایی بو زۆر جارخەڵكی لەسەركۆلاَن وپەناو پەسێرەكان چاویان پێمان دەكەوت وتەنانەت دەمانتوانی بۆهەرماڵێك بچین وترسی اخباری كردن نەمابو وەبەڕادەیەك هاوكێشەكە گۆڕابو زۆرێك لە پیاوانی ڕژێم مەمنون دەبون تەنها كاریان پیَ بسپێرین و بمانبینن ..

## سەفەرێك بۆ ناوزەنگ بۆلای كاك نەوشیروان

لەڕێگای كاك سەباحی برامەوە پێی ڕاگەیاندم كە برادەرێكی خۆمان بەناوی مامۆستا عادل شریف كە پێشمەرگەیەكی كۆن بو فەرماندەی كەرت بولەتیپی ٢٥خاڵخالاَن بەهەندیَ هۆكاری تایبەتەوە بەئاگاداری سەركردایەتی لەڕانیە پەیوەندی بە(استخباراتی فرقەی٢٤) ەوە هەیە لەچوارقورنەو بەوتەی كاك سەباح لەهەفتەیەكدا دوجاربەموافەقەتی استخبارات دەچێت بۆسەر سنور بۆگوندی سونیَ كەنزیك بو لەبارەگاكانی پێشمەرگە كاك سەباح متمانەی

تەواوی پێ هەبو تەنانەت پێکەوە خۆیان سەرقاڵ کردبو بەکاسبی کردن ئەوەبو لەسەردانێکمدا بۆلای مامۆستا عادیل سەرەتا بەناوی سەردانەوە چومە لای ودوای هەندێ قسەکلردن بۆم دەرکەوت کە مامۆستا عادیل پەیوەندی هەیەو لەسەربیروباوەڕی کوردانەی خۆی ماوەو مامۆستا عادیل خاوەن شەهیدیش بو ئەوەبو دوای چەندجارێك لەدیدارو مناقشەکردن من متمانەی تەواوم پێی هەبو بۆیە پێم وت من پێشمەرگەم و لەگەڵ پارتیزانەکانم و دەمەوێت بچم بۆسەرکردایەتی بۆلای کاك نەوشیروان وبەسودوەرگرتن لەو هەل ومەرجە سیاسیەی جەنگی عێراق—کوێت وبەورۆژێکەوتننامەئابوریەی نێوانیان کەدەرگای سنورەکانی والاکردبو بۆهێنانی شت ومەك وخۆراك ئەوەبو زۆرجوامێرانە وێڕای ئەوپەڕی خوچشحاڵی دەربڕین ودەس خۆشی لێم هەمو ئامادەییەکی خوچی نیشان داو ئەو داواکاریەی منی خستە بەرنامەی خۆیی وئەوەبولەڕێگای کاك سەباحی برامەوە لەڕانیە ئاگاداری کردمەوە کە مامۆستا عادیل دەیەوێت ببینێت ئەوەبو کەسەردانم کرد وتی خۆت ئامادەبکە بەیانی زودەردەچین ئەوکاتە لەدەربەندڕانیەوە ئیتر(محەرەمەبو)واتە بوچکەسانی ئاسایی قەدەغەو هێڵی سوربو ئەوەبو پێکەوە سوارسەیارەکەبوین کەپێیان دەوت (شلەخەجێ) واتە لاندگرۆزەری پاش بەتاڵ ئەوەبو گەیشتینە بازگەکەی دەربەندو لەلایەن استخباراتەکانەوە کاتێك مامۆستا عادیلیان ناسیەوە ڕێگایان پێمان داو هەرئەوبازگەیە گرنگ بو ئەوانی ترئەوەندە بەدواداچونیان ناکرد وبەناوئەو شارۆچکانەی سەنگەسەروزاراوەو بەتەنیشت قەلادزێ وە ڕۆیشتین کەدیمەنی ترازیدیاکانی ئەنفالی خستەوە یادمان و کۆی گشتی ئەو ناوچەیە بەسەربازگە کرابو ئەوەبو گەیشتینە گوندی سونێی سەرسنورو مامۆستا عادیل تاکو بچوکترین مەترسی لێپێچینەوەی ئەوخاڵە سەربازیانە مابو دەربازی کردم ووتی

ئیترئەو ڕێگایە بگرەو دەگەیتە ناو بارەگای کاك نەوشیروان لە(ناوزەنگ) وتم خەمت نەبێت شارەزام و ئەو مایەوەو چاوەڕوانی منی دەکرد تاکو بمباتەوە بۆشاری ڕانیە دوای مەسافەیەك رۆیشتن گەیشتمە خالّی پشکنینی برادەرانی پێشمەرگەکان و بەبەرپرسەکەیانم وت من لەخوارەوە هاتوم وبەخەتێکی تایبەت گەیاندویانم و دەچم بۆلای کاك نەوشیروان وبەسوپاسێکی زۆرەوە بۆئەو برادەرانە کارئاسانی و ڕێنوێنی کرام ئیتربەڕێ کەوتم ئەوکات بەفرێکی زورناوچەکەی سپی پۆش کردبو ئەو ناوچەیە کوێستانێکی سەختەو بەناوئەو بەفرە زۆرە ڕۆیشتم لەکاتێکدا من بەحیساب لەناوشارەوە هاتوم ئامادەگیم نەکردبو چونکە نەدەکرا وابکەم هەرچۆنێك بو گەیشتمە بەردەم بارەگاتایبەتەکەی بەڕێزکاك نەوشیروان وخۆم ناساندو وتم زەحمەت نەبێت پێی بلّێن من چەتۆم ناوی نەێنی پارتیزانیم (سەربەستە) و لە پیرەمەگرونەوە هاتوم وکاری تایبەتم هەیە برادەرێکی لیّ بو پیاوێکی بەڕێز بو ناوی کاك سەیوان بو دوایی زانیم خزمێکی کاك نەوشیروان بو کەهاتە دەرەوە وتی کاکك نەوشیروان لەدەرچونە بۆگوندی قاسمەڕەش ولەگەلّ ئێرانیەکان مەوعیدی هەیە بەلاّم کاتێك دەدات بەتۆو فەرمو بابچینە زورەوە و ئەوەبو پاش بەخێرەێنان و پرسینی دەنگ وباس برادەران وناوچەکە بەگشتی وپرسیارکردنی وەزع وگوزەرانمان و پرسینی هەلّوێستی سەرۆك جاشەکانی سنورەکە ئەوەبوبەشێوەیەکی زارەکی بەرچاوڕونی ووەلاّمی پرسیارەکانیم دایەوەو زۆردلّخۆش بو هەروەها زۆردەست خۆشی وستایشی کردم وتی برادەران باسی هەموشتەکانی تۆیان بۆکردوم وئەوئازایەتی و لەخۆبردوییە هەربەکەسانی وەك تۆدەکرێت کە خاوەنی شەهیدێکی زۆریت لەباوك وبراکانت وخۆت خاوەنی ئەم شۆڕشەیت  ئیترمن ئەوپێشنیارەم بۆکرد وتم پێم باشە ئەو ڕێکەوتنە ئابوریەی نێوان عێراق و ئێران بقۆزینەوە کەڕێگایان داوە هاولاّتیان

لەسەرسنور ڕۆژانە چەندین تەن خواردەمەنی جۆراو جۆر دەگوازنەوە بۆناوشاری ڕانیەو دواتر بۆشارەکانی سلێمانی ودەوروبەری و ئەگەرکاری وابکەین بە بەرنامەو لەلایەن کەسانی خۆتانەوە قۆناغ بەقۆناغ چەندتەنێك ئازوقەو پێداویستی بگەیەنینە ناوپیرەمەگرون وچەمچەماڵ وشوینەکانی تر وەپێم وت بەڕێزت دەزانیت کە تاکوئێستا چەند ئەستەم وزەحمەتەپەیداکردنی خواردەمەنی وپێداویستی کە بە کیلۆو عەلاگە لەناوشارو بنکەومالّەکانی هاوکارمان دەستمان دەکەوێت و هەروەها داوای ئەوەم کردەەندێ پێداویستی ترمان هەیە ئەویش لەئێران یان لای خۆتان ئەگەرچاپتان هەبێت بۆ استنساخ و دروست کردنی ناسنامە وپسولەی ڕێگا پێدانی سەربازی وئەو شتانەی بۆکاری تەرتیب کردن بۆ هات وچۆ پێکردن واتە خۆمان پڕی دەکەینەوە و مۆرەکەو ئیمزاکان تەزویردەکەین لە ناوخۆ تۆزێك زەحمەتەوسانسۆروچاودێری هەیە لەسەر دوکانی چاپەمەنیەکان لەبەرامبەردا کاك نەوشیروان زۆرزۆری پێ باش بو وەگوێی گرت لە قسەکانم و ڕەزامەند بو بە پێشنیارەکانم وئەوەبو کاك سەیوانی بانگ کردو پێی وت کاك چەتۆهەندێ داواکاری وپێشنیارێ هەیەو من زۆرم پێ باشەو پێکەوە تنسیق بکەن ودواتر بەرنامەڕێزی و وردەکاریەکان باس بکەن وبەزوترین کات دەست بەکاربن وە لێی پرسیم لەگەڵ کێ هاتیت وچۆن گەیشتیتە سەرسنور لەوەلاّمدا وتم برادەرێکی خۆمان بەناوی مامۆستا عادیل شەریف جەنابت دەیناسیت ومن متمانەم پێی هەبو ئەو هێنامی وسلاّویشی هەبو ئێستا لە دەوروبەری گوندی سونێیەو چاوەڕوانە ئەوەبو وتی جێگای متمانەی ئێمەشەو سوپاسی دەکەین لەوقسانەدابوین بەخێرایی پێشبینی وخوێندەوەیەکی سیاسی کرد لەسەر پێشهاتەکان و وتی ڕژێم پابەندنابێت و لاساری دەکات وەاوپەیمانان دەری دەکەن لە کوێت و ئەوکاتیش ئێمەو لەخواروش شیعەکان

ڕاپەڕین دەکەین وبەپێی نەخشەیەك شارەکانی سلێمانی وەولێرودەۆك بەپشتیوانی جەماوەروچەکدارەکانی میری ودواترهەمووەێزەکان لەهەمووﻻیەکەوە دەچنە ناوکەرکوك وەربەم ڕستەیەش وتی ئەوکات بەکەس وکاروبراکانت کە گیراون وبێ سەروشوێنن شاددەبیتەوە لەڕاستیدا من سەرسام بوم بەم قسانەو حەپەسابوم ئاخۆکاك نەوشیروان دەبێت لەبەر من ئەوقسانە نەکات تاکو مەعنەویەتم بەرزبکاتەوە زۆر بەجوانی لەوماوە کەمەدا ئەوشتانەی باس کرد کەمن بۆمێزو ئەم قسەیەدەکەم کەئەوقسانەی ئەو کردی بۆمنێك کە لەناوشارەوە هاتبوم و چاوم بەوەەموتانك وتۆپ وسەربازگە گەورانەی ڕژێم من یەخەوم دەزانی و بەڵام دیاربو کاك نەوشیروان (ئەندازیاری کێشانی ئەو نەخشەیەی ڕاپەڕین ) بو لەوکاتەدا و چۆنیشی باس کرد وەك وخۆی هاتە دی ئیترمن خواحافیزیم لێ کرد وچی ترحەزم نەکرد کاتی بگرم چونکە لە دەرچوندابو کەمن گەیشتمە بەردەم بارەگاتایبەتەکەی ودواترلەگەڵ کاك سەیوان چینە قوڵە هەرمێ کەلەناو دۆڵەکە بو خوارناوزەنگ و چوینە بنکە تەندروستیەکە و ﻻی جیهازەکانی چاپ واستنساخ و هەمەئەوشتانەیان لەماوەیەکی کەمدا بۆجێبەجێ کرد م و وتم کاك سەیوان جیهازە ڕاکاڵەکەتان لێرەیە وتی بەڵێ کاك سەرکەوتە ڕەشی لەسەرە وتم دەبێت دەنگ وباسی برادەران چۆن بێت دەتوانم هەواڵێکیان بپرسم ئەوەبوچوینە زوری جیهازو کاك سەرکەوت دوای بەخێرەێنان وتی ئێستا دینە خەت ئەوەبو کاك سەرکەوت دوای هەواڵ پرسین وتی برادەران ئێستا لێرە برادەرێکی خۆتانم لێرەیە وڕەنگە بڕوانەکەن وپێی وتن بزانم دەیدۆزنەوە وابزانم ئەوەی قسەی لەگەڵ ەکرد کاك فخرالدین بو گوێم لەکاك ئاوات بو وتی وەاللە هەبێ ونەبێ( سەربەستی ) خۆمانەو ئەوشتانە هەرئەودەیکات ئەوەبو ﻻقیتەکەی دایە دەستم و قسەم

لەگەڵ کردن وتم بەڵێ منم وەاتوم بۆخەمخواردنی ئێوەو کردمە گاڵتە وتم لەسەرمن ئەوەنیە ئیدارەتان بدەم و بەخێوتان بکەم وتیان بەڵێ وایە بەلاْم زۆرزۆریان لاسەیربو ئاخر چۆن گەیشتوەتەناوزەنگ و گوێم لێ بوبرادەران کردبویانە مقۆ مقۆ خواحافیزیم لیًیان کردو زوتم ئیتر بەدڵی ئێوە دەبێت و ڕزگارتان دەکە م لەکۆڵەپشت وکەهاتمەوە بۆتان باس دەکەم بۆچی هاتوم و چۆن گەیشتوم ؟ دوای سەعاتێکی ترمانەوە و نان خواردن ئەوانیش شتەکانیان دابین کرد واتە ئەوەی پەیوەندی بە ناسنامەو پسولەو چاپ واستنساخەوە هەبو بۆدابین کردن وگواستنەوەی ئازوقەکەش اتفاقمان کردو پیً بەپیێ وقۆناغ بەقۆناغ کە مامۆستا عادیل وکاك سەباحی برام ئەرکی ئەنجام دانی دوو قۆناغیان لەئەستۆگرت ئەوەبو من گەیشتمەوە لای برای خۆشەویستم مامۆستا عادیل و ئەو خۆی لەو دوکان و بازاڕوچێشتخانەیەی لەوێ بو خۆی مەشغوڵ کردبو بهەمان ڕێگاو شوێن بێ هیچ کێشەیەك بەئازایەتی و هیمەتی مامۆستا عادل بەدەم قسەکردنەوە گەیشتمەوە ڕانیە..

گواستنەوەی ئازوقەو خواردەمەنی لەناوزەنگەوە بۆ ڕانیەو پیرەمەگرون وتەکیە

ئیتر خۆیی وکاك سەباح بەپێی ئەوبەرنامەیەی برادەرانی لای کاك نەوشیروان دایان نابو زۆرسەرکەوتوانە دەست بەدەست وبەچەندقۆناغێك بێ ئەوەی کەس بزانێت کەئەم ئازوقەو خواردەمەنیانە هی شۆڕشن وەك وەەمو ئەو کەسانەی تر کە هەڵدەستان بەو کارە واتە ئەو هاولاّتیانەی لەلایەن ڕژێمەوە ڕەزامەندی و نوسراوی ڕێگا پێدانیان بۆکرابو بەپێی ئەوبەرنامەیە وەجبەی یەکەم گەیشتە ڕانیەو لەلایەن هەندێ کەسی جێگای متمانەی مامۆستا عادیلەوە جێگای بۆدابین کرا بۆئەوەی لەقۆناغێکی تر بیگوازینەوە بۆکۆمەڵگای پیرەمەگرون و دواتر وەجبەکانی تربگەیەنینە شارۆچکەی چەمچەماڵ و تەکیەی کاکەمەند

ئێمە لە دۆزینەوەی شوێن و ماڵ بۆدانانی ئازوقەو ئەوپێداویستیانە ئەوەندە قورس و کێشە نەبو چونکە هەم لەڕانیە هەم لە پیرەمەگرون وچەمچەماڵ وتەکیەو تەنانەت کەرکوکیش هیچ کێشەمان نەبو ئەوەبو هەرلەرێگای ئەوبرادەرانەی مامۆستا عادیل کەبیرم دێت یەکیان ناوی کاك زراربو بەسەیارەی بار واتە بەلاندکرۆزەری بارهەڵگر من و مامۆستا عادیل سەرکەوتوانە توانیمان ئەو وەجبەیە بگەیەنیبنەماڵی خاڵە ڕسوڵ کرژەیی کە بنکەی سەرەکیمان بو بۆئەو ڕستەی خۆمان واتە ڕستی کەرکوك وەکاتێك کە چوینە بەردەم ماڵی خاڵە ڕسوڵ من پێشترچومە ژورەوەو پێم ڕاگەیاند کە برادەرێکی جێگای متمانەم لەگەڵ دایەو ئەو شتانەمان پێبەپێ گەیاندۆتە ئێرەو ئەم شتانەمان لە زەڵێ وناوزەنگەوە واتە هی شۆڕشەو بۆ پێشمەرگەکان دابین کراوەو ئیتر ئەمانە بەکاردەهێنن نەك هی ماڵی ئێوەو ڕێکخستن خاڵەڕسوڵ حەپەسابو وای دەزانی سوعبەتی لەگەڵ دەکەم کاتێك دەمگوت من چومە بۆسەرکردایەتی بۆلای کاك نەوشیروان وئەوەبو بەپەلە سەیارەکەمان کردە ژورەوە و دەرگا گەراجێکەمان کردەوەو دەرگاکەمان پێوەداو بەپەلە شتەکانمان داگرت ومامۆستا عادیلم پێ ناساناند و وتم ئەم پیاوە خاوەن شەهیدەو لە ناوشۆڕش فەرماندەی کەرت بو ئێستا بە ئاگاداری کاك نەوشیروان استخباراتەو بەئاشکرا دەمانچەشی پێیە و مامۆستا عادیل دەمانچەیەکی جۆری سمسـتۆپڵی پێ بو لەوەی کاك ئاکۆ پێیدابوم مامۆستا عادیل پێش کارەساتی ئەنفال لەلایەن هەندێ پیاو خەراپەوە باوکی وبرایەکی شەهیدکران و ئەو کێشەیە دوژمنایەتی کەسێتی بۆ دروست کردبو خاڵە ڕسوڵ لەسەرسیقەو قسەی من متمانەی پێ کردو ڕێزی زۆری گرت و چوینە ژورەوەو شەو بو نانیان ئامادەکرد بۆمان ماڵی خاڵە ڕسوڵ هەمیشە چایی ونان وچێشت شەوو ڕۆژی بۆنەبو چونکە بەردەوام یان من یان

پێشمەرگەیە ك ودوان لەو ڕستەی ئێمە لە ماڵیان بوین وبۆشەوانیش بەدەگمەن هەبو نەیەنە ماڵی وجگە لەنان وچای خواردن پێداویستیە جۆراوجۆرەکانی تری دەکردە ناوکۆڵە پشتەکان من بەچاوی خۆم بینیم هەمو ئەوبەشەخۆراکەی کەپێی دەڵێن بایەعی هەرهەمووی داناوە بۆمان وبۆخۆیان لەبازاڕوبەپارە دەیانکڕی ..ئەم ناسینەوەو دۆزینەوەی برای خۆشەویستم مامۆستا عادیل لەوسەردەمە دژوارەدا لەناوچەیەکی وەك ڕانیە بۆمن بوە مایەی ئەوپەڕی هێزو خۆشحاڵی چونکە جگە لەخۆی لەشاری ڕانیەو دەوروبەری ولەچەمچەماڵ وتەکیەش چەندین کەسی باشی پێ ناساندم لەوانە لەتەکیە پیاوێکی زۆرئازاو دڵسۆزی پێ ناساندم بەناوی مامۆستا جەلال کەجگە لەخۆی واتە مامۆستا جەلال زۆرێك لەکەس وکارە نزیکەکانی دەست بەکاربون لەگەڵمان بۆ کارکردن لەگەڵمان وبەشێکی زۆری ئەو ئازوقەیەیان لای خۆیان بۆمان جێ کردەوە و لەشاری چەمچەماڵیش هەرلە ڕێگای مامۆستا عادیلەوە کاك مەردان برای حاجی کاکەولای گوندی چنارنەی کەڵەشێرە کە بنەماڵەیەکی گەورەی سنوری ناوچەی ئاغجەلەرن و کاك مەردان باوکی لەیلاخانی خێزانی مامۆستا عادیل بو ماڵەکەیان لەگەڕەکی حی العسکری نزیك قەبرسانەکەی چەمچەماڵ بو بەسوپاسەوە ئەو پیاوە بەڕێزەش خۆیی وکوڕەکانی کاری باشیان بۆکردین هەرلەڕێگای مامۆستا عادیلەوە ئەویش بەهۆی کاك مەردانەوە برادەرێکی تریان پێ ناساندم ربەناوی کاك (عمراسعد) ەوە کەئەوکات یەکێك بو لەچەکدارەکانی ررژێم و کەسێکی دیاری ناوچەی تەکیەو چەمچەماڵ بو هەروەها خاوەن کەس وکارێکی زۆربو کاك عمر لەمەوعدێکدا کەمن ومامۆستا عادیل بۆمان دانا هاتە ماڵی کاك مەردان و کاتێك هات بۆلامان چەندسەیارەیەك ومەفرەزەیەکیشی لەگەڵ دابو ئێمە زۆربە ئازادی و بێ هیچ

پێچ وپەنایەك قسەمان لەگەڵ کردو ئەویش زۆرجوامێرانە هەموئامادەیی و بەڵێنی هاوکاری پێ داین و لەمەوعدێکی تردا هەرلەەمان شوێن من و مامۆستا عادیل ئەو نامەیەی کاك نەوشیروانمان پێ گەیاندو بۆسەروبەندی راپەڕینیش ڕێنمایی و بەرنامەی چۆنیەتی کۆنترۆڵی بارەگاکانی ئەمن و حیزبی بەعسمان پێڕاسپاردو وتمان چاوەڕێی کاتی دیاری کراوبکە واتە لەڕێگای مامۆستا عادیلەوە لەو ماوە کەمەدا ئەو ژمارە زۆرەی ئاماژەمان بۆکرد لەدەوری بەرنامەکەمان کۆبونەوەو بوینە خاوەنی ئەو هێڵە تۆکمانەی ڕێکخستنی ناوشارو ئیتر ئیش وکارەکانمان زۆربەباشی بەڕێوە دەچوو .

گەیاندنی ئازوقەوپێداویستیەکان بەردەوام بو کەوتبوە سەرسکەی خۆی و بەبێ ئەوەی ڕژێم هەستی پێ بکات من لەسەردانێکی ترمدا بۆڕانیەو سەردانی مامۆستا عادیل ئەوەبو بارێکی تر ئامادەکرابو کەئەمجارە بیگەیەنینە تەکیەی کاکەمەددوای ئەوەی بەتەواوی شتەکانمان ئامادەکرد لەلایەن برادەرێکی نامۆستا عادیلەوە خرایە ناو سەیارەوەو بەڕێ کرا من ومامۆستا عادیلیش دوای چەندسەعاتێك بەسەیارەیەکی جۆری بەرازیلی کەەی برادەرێکی مامۆستا عادیل بو خۆشی هات لەگەڵمان من نامناسی و لەمامۆستام پرسی ئەم برادەرە جێگای متمانەیە لەوەلاّمدا وتی بەڵێ ئەوەبوو لەڕانیەوە بەڕێ کەوتین بۆ ئەوەی بچین بۆلای مامۆستا جەلال تەکیە ئەوەبو لە ڕێگا مامۆستا عادل وتی بۆ سەرێکی ماڵی خاڵە ڕەسوڵ نەدەین من تۆزێك پێم ناخۆش بو چونکە ئەو برادەرەمان لەگەڵ بو بەلاّم دیاربو مامۆستا متمانەی تەواوی پێ هەبو بەلاّم وامان دانابو وابکەین هەست بەهەمووشتەکان نەکات و لەگەڵ مامۆستا عادیل ئەو تعامل کردنە بچێتە بابی کاسبی کردنەوە ئەوەبو لامان داو چوینە ماڵی خاڵە ڕەسوڵ کاتەکە دوای بانگی مەغریب بو واتە دونیا تاریك بو دوای

پشویەکی کەم ئێمە ویستمان لەفرسەتێکدا لەگەڵ خاڵە ڕەسوڵ ومامۆستا عادیل هەندێ قسە بکەین ئەوەندەی نەبرد برادەران هاتنە ماڵی خاڵە ڕەسوڵ و زۆرەوڵماندا ئەو برادەرە نەزانێت بەلاّم کاك ئاکۆ خۆی کرد بەو ژورەدا کەئێمەی لیّ بوین ئەو نەیزانی ئێمە خەڵکی ترمان لەگەڵ دایە وماڵی خاڵە ڕەسولّیش وایان زانی ئەو برادەرەش لەهاوکارو کەسەکانی خۆمانە وکاتێك کاك ئاکۆوبرادەرانی بینی بەچەك وکۆڵە پشتەوە ئیترزانی کە ئێمە لەگەڵ پارتیزانەکانین وتازە وەزعەکەی زانی و ئەو لەسیماودەموچاویدا زۆرخۆشحاڵی پێوە دیاربو دوای نزیکەی سەعاتێك پێکەوە بوین و دواترئێمە ڕوخسەتمان خوست و دەرچوین بەرەو تەکیە، لەڕێگا لەگەڵ ئەو برادەرە قسەمان کردو وتمان تۆش کوردیت و برادەری خۆمانیت وئێمە متمانەمان پیّ کردیت وتکایە هاوکارمان بەو کارمان لەگەڵ بکەو ئەم شتانەش وەك نەێنیەك لای خۆت بیپارێزە تکایە لەوەلاّمدا ڕازی بو وەبەڵێنی هەمو هاوکاریەکی دا ماوەیەك بو ڕژێم بازگەیەکی دانابو لەبەرامبەرگارگەی چیمەنتۆکەی تاسلۆجە واتە ئەوشوێنەی پێی دەڵێن(کەڵەوانان) بازگەکە زیاتر سەربازی بو ڕەبایەیەك و استخباراتی لیّ بو ساتری خۆڵیان بەدەوری ڕەبایەکە لێدابو کاتێك گەیشتین سەیارەیەکی تر پێش ئێمە ڕاوەستابو تۆزێك هێشتیانەوە دیاربو پرسیاریان لەسەیارەکە دەکردو کە نۆرەش هاتە سەرمان ئەوبرادەرە گلۆپی ناوسەیارەکەی پیّ کردبو کەسەری هێنایە پێشەوە مەرحەبای ئەو برادەرەی ئێمەی کردو هەندیّ بەعەرەبی قسەی موجامەلەی کردو وتی دابەزەو ئەوەبو ئەو دابەزی من لەدوابوم ومامۆستا عادیلیش لەپێشەوە بو ئەوەبو لەسەیارەکە دورکەوتنەوەو لەپێش لایتەکەوە ڕاوەستابون وقسەیان دەکردو ئیترئێمە کەوتینە گومان و وتمان ئەمە ڕۆژەکەیە کەتوش بوین وئەم برادەرە خیانەتی لیّ کردین ومن ومامۆستا

کەوتینە تەگبیرو بیرکردنەوە لەەولاتن و خۆدەربازکردن مامۆستا وتی ئەگەر وادەرچومن بەدەمانچەکەم چی فیشەگی تیایە دەیتەقێنم و سەریان لیێ دەشێوێنم و بەرەو ئیتجاهی پیرەمەگرون ڕادەکەین و دەگەڕێینەوە و دەچینە شاخ من ئەو بەرنامەیەم زۆرپێ باش بو لەم قسانەدابوین یەکێك لە ئیستخباراتەکان هاتە شوێنی سایەق و سەلامیشی لەئێمە کرد و هندربرێکەکەی دادایەوەو سەیارەکەی لیێ خوڕی و خەریك بو بلێم مامۆستا دەست پێ بکە من دەستم لە ناویەدەی دەرگا کردنەوە کە بو مامۆستا وتی باپەلە نەکەین ئەوەبو کابرای ئیستخباراتەکە هات سەیارەکەی لەسەرجادەکە لادا من نەمزانی تەنها مەبەستی ئەوەبو دیاربو مامۆستا لەئاوێنەکەوە ئەوەی بینیبو هەرواش بو سەیارەکەی لاداو لەبەردەم ساتری ڕەبیەکە داناو ئەو دابەزی و دودەقیقەی پێ نەچو برادەرەکەمان هاتەوەو ئیشی بەسەیارەکە کردو خواحافیزی لێیان کرد و ئێمە هیچ قسەیەکمان نەکرد تاکو تۆزێ دورکەوتینەوەو ئەو خۆی پێ ڕانەگیراو وتی داوای لێبوردن دەکەم دواکەوتم و مەشغوڵ بوم لەگەڵ ئەوان هەرخۆشی وتی مامۆستا عادیل خۆ دڵتان هیچی نەکردو گومانتان لەمن نەکرد ئیترمامۆستا عادیل وتی داوای لێبوردنی چی وحاڵی چی خۆئێمە دەستمان لەخۆمان شۆری و وتمان تازە ئەم برادەرە کەشفی کردین لەوەلامدا وتی کاکە بابۆتان باس بکەم چی بو وتمان کاکە بۆمان باس بکە وتی ئەو ئیستخباراتە بەحوکمی ئەوەی من مامۆستا خۆت دەزانی کاری قاچاخچێتی دەکەم وچەندجارێك باری بۆدەرکردوم و من پارەی خۆم پێداوا هەمو جارێك لەناو سلێمانی لێی وەرگرتوم بەلاّم ئەوباسی هاوڕێیەکمی دەکرد کەئەویش چەند جارێك باری پێ بوەوبەلاّم پارەی پێ نەداوەو ئەوەبو من پارەی ئەو برادەرەم پێ داو هەرئەوەبو ئیتر سوێندی زۆری بۆخواردین کەحاڵەتەکە

هەرئەوەبوەو دوپاتی کردەوە کە ئەو خیانەت لەئێمەو گەل ونیشتمان ناکات وئێمەش سوپاسمان کردوبردمانی بۆتەکیەو هێناشمانیەوەو جارێکی ترهاوکاری کردین ودەرکەوت کەسێکی دڵسوزونیشتمان پەروەربوو.

دابینك کردنی ئەو خواردەمەنی وئازوقەو پێداویستیە بۆئەو سەردەمە بۆئێمە زۆر سودبەخشبوو وە گرتین وەێزومەعنەویەتێکی بەئێمەو هەروەها بە پێشمەرگەکان و ئەو ماڵە تێکۆشەرانەش بەخشی کە بەبنکە تایبەتەکانی ناوشاردەناسراو هەرچەند ڕێکخراوی ناوشار لەخەمی بەردەوامدابون بۆدابین کردن و گەیاندنی ئەو کەل وپەلانە بۆ لای ماڵەکان ولەوێشەوە پێشمەرگە پارتیزانەکان دەیانگواستەوە بۆ شاخ و ئەوەی دەمەوێت باسی بکەم کە گەیشتنی ئەم شتانە ئیتر ئەو ئەرك وقورساییەی نهەێشت لەسەرماڵەکان وڕێکخراوی ناوشاری سلێمانی کە زۆرقورس بو دابین کردن وگەیاندنی ئەوشتانەی کە لەلایەن ڕێکخراوی سلێمانیەوە بۆ بنکەکانمان لەوماڵانەی لەمجمع پیرەمەگرون بون و دابین کردن وگەیاندنی ئەو خۆراك وپێداویستیانە لەکاتێکدا گەیشت کە عێراق سزای ئابوری بەسەرداسەپابوو نرخی شت ومەك ئاردو خواردەمەنی زۆر گران بوبو خەڵکەکەش خەریکی دابین کردن وخەزن کردنی پێداویستیەکان بو واتە جۆرێك لە گرانی وقات وقڕی وقەیران باڵی کێشابو بەسەر ناوچەکەدا .. وە بۆ مێژووش دەیڵێم ئەگەرئێمە خاوەنی ئەو خەڵکە تێکۆشەرە نەبوینایە کە دەڵێم ئێمە مەبەستم ئەو ڕست ومەفرەزەیەی خۆمانە برادەرانمان نەیان دەتوانی ١٠ڕۆژ لەناوچەکە بمێننەوە چونکە وەك برادەران باسیان دەکرد بەهۆی ئەوەی دوو مەفرەزە نەیانتوانیوە لەناو مجمعی پیرەمەگرون بنکەیەك واتە ماڵ دابین بکەن و لەوێوە پێداویستیەکانیان بەرن بۆشاخ بەناچاری گەڕابونەوە بەلاَم ئێمە وامان کرد کاتێك هاتینەوە بو شاخ و

لەدەوروبەری مجمع پیرەمەگرون هەم لەجیاتی ماڵێك چەندین خەڵکی تێکۆشەرلەشوێنە جۆراوجۆرەکان هاوکاروپشتیوانمان بون ولەکاتی هێنانی ئەو کەل وپەلانەش جگە لە برادەرانی خۆمان سەرجەم ئەو ڕست ومەفرەزانەش واتە ڕەتڵی سورداش بەگشتی لەوسەردەمەی باسمان کردکەگرانی وقات وقڕی بوو سودمەندبون لەو ئازوقەو کەل وپەلانەی کەئێمە پێشنیارمان کردبۆبەڕێزکاك نەوشیروان وبەسوپاسەوە بەڕێزیشیان ئەو پێشنیارەیان جێ بەجێ کرد کەبوە مایەی سەرکەوتنی بەرنامەی زەمینە سازی بۆسەروبەندی ڕاپەڕین ..




**دانیشتوەکان لە چەپەوە :**

١ـشەهید ئاکۆ سور..     ٢ـ حەیدەر حاجیتانی..

٣ـ دکتۆر تەها حاجیتانی.   ٤ـ بێستون سابوراوایی..

**لە پشتەوە. لای چەپ:**

١ـشەهید غەریب هەڵەدنی..  ٢ـ ئەنوەر تەلانی.. و


کۆمەڵێك لە پارتیزانەکانی رەتڵی سورداش..

---


* عەمید چەتۆ لەپارتیزانیدا بە(سەربەست) ناسرابوو.

# بەشی پێنجەم

# مەراسیم وریزلێنان و




## بەڵگە و مەراسیم و ریز



**نامەیەکی شەهید صالح سعید لە زیندانەوە**


بسم الله الرحمن الرحیم
(1)

الجمهورية العراقية

الاتحاد العام لادارة شؤون الاجتماعية

دائرة صحة محافظة السليمانية

شؤون الموظفين

العدد / ٧٦٢٥

التاريخ / [illegible]

الى / مديرية مستشفى التعليمي

م/ تدريب

نحيل اليكم كل من السادة المدرجة اسماؤهم ادناه بغرض التدريب في مستشفاكم على الفحوص الطبية [illegible] الراء [illegible] لاجل [illegible] .

| الاسم | العنوان | نوع التدريب |
| --- | --- | --- |
| ١- السيد [illegible] | معاون طبي | التخدير |
| ٢- [illegible] | [illegible] | في [illegible] العراقية |

الدكتور [illegible]

مدير عام دائرة صحة السليمانية


صورة منه الى /

مديرية مستشفى الطوارئ / لنفس الغرض للتدريب لديكم مع [illegible] الدوام الرسمي

القائم [illegible]

[illegible] / ٤

الختم





(1)

[illegible]

[illegible]

هاوڕێی گیان

[illegible]

[illegible]

(١)

بەناوی خوای گەورە و میهرەبانەوە

بۆ خاوەنی بەڕێزم هادی

پێشەکی دە... سڵاوێکی گەرم و گوڕ پێشکەش دەکەم کە لە کانگای دڵمەوە هەڵدەقوڵێت
دوای ... بەڕێزم ئەگەرچی ... داوا دەکا ... ناچار
بە ناچاری ... دەبێتم لەسەر کاغەزی ... بۆت بنووسم .

دووریم ... هەست دەکەم کە وا دەرتە ... نامەکەت وەربگرم ... هەستم کرد
هەروام زانی کە وا ... لەگەڵمان بووی و زۆر پێ خۆشحاڵ بووم بە بینینت .
بەڕێز . بۆ ... دوا ... داوا کرد بوو و ئێوارەیەکی ... نامەوە نابینێت چونکە
دوو ... بووت ... و لەوەی ... بۆت بنووسم .
... لەگەڵ ... ئەو ... لەوەی لە دڵم ...
دەری ئەبڕم

ئەوەی لە دڵی من دایە ئەمەیە کە حەزم پێشکەش ... لە ئێوەوە بکەم و بە تایبەتی تۆ چونکە
ئەم ... ... بۆ ... و ... سەر ... نەبێتەوە
و بە ناوی ئەو ... لە ناو دڵی تۆ ... نووسین ...
... بێ .

لە کۆتایی ... ئەوەیە کە ... لە خوا ... خواتە ... بۆ
پێشەوە چونکە بۆ ئەم ... بە خێرو ...

لە کۆتایی نامەکەم دا هیوادارم ... سەرکەوتوو ... و
و ... خۆشیت ...

هەڤاڵانی ڕێکخستنی شەهید دکتۆر (هادی صالح) ی هەمیشە زیندوو

شەهید دکتۆر هادی صالح یەکێکە لەو ڕۆڵە تێکۆشەرە ماندوونەناسانەی لە ڕێگای ڕزگاری کوردستان لە بەرەی شۆڕشی پێشەنگی ی.ن.ک خۆی کردە قوربانی سووتانی داگیرکەرانی کوردستان لەم ڕێگەیەدا ماندوونەناسانە سەرسەختانە بە سەربڵندی لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا سەرگەرمی جوڵانەوە بوو و ڕووبەڕووی دوژمن بۆتەوە وەو لەو ڕۆژانەی بەرەوڕووی گەورەدا کە سەرۆکی (ی.ن.ک) ی جوڵانەوەی بە دوژمن دا داوە کە بەرزەنشی بە ڕەهەندی خۆیانی ئەم دوو شەهیدە سەربەرزەو دەیان هەزار شەهیدی لەخۆبوردووی تری کوردایەتی یە کە ئێستا ئازادانە حکومەتی هەرێم دوو دەسەڵاتی داگیرکەران پیادە دەکرێت . بۆیە ئێمە لەم ڕێوڕەسمە پڕ شکۆی هێنانەوەی تەرمی شەهید دکتۆر هادی دا کە تۆمەری بە ساڵیادی تێکۆشەرانی (٩) شەهیدەکەمان لەخۆبوردووی دیکەیان نیشتمانی لە بەرهەمی ساڵیادی تێکۆشەرەکانی دەوە نیشتەوە .
لە کۆتایی دا لە ڕێوڕەسمی هێنانەوەی تەرمی بیرەوەری پڕ لە قارەمانی گەلەکەمان سەرۆکی ڕێز و نەوازشی بۆ شەهیدی بیرەوەری داوە ئەوین . بە ناوی سەرجەم کادیرو ئەندامانی مەڵبەندی ستاری هەولێر بەشداری لەم ڕێوڕەسمە پڕ شکۆیەدا

ئەمەش و سەربەرزی بۆ شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان و
شەهید دکتۆر هادی صالح .

مەڵبەندی ستاری هەولێر

٢٣/٥/[illegible]

برای خۆشەویستم دکتۆر هادی

سڵاوی گەرم ، [illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

بە هیوای ساغ و سەلامەتی [illegible]

[illegible]




## خەڵاتی بلەی ساڵی 2015 بەخشرایە خانەوادەی شەهید د.هادی صالح سەعید

خــەڵاتی زێڕینــی بلــە لەســاڵی ٢٠٠٢ بــەدواوە هەمووســاڵێك لەلایــەن (رێکخراوی ئیبراهیم ئەحمەد)ەوە بەهاوکاری (ناوەندی چاپ وراگەیانــدنی خــاك) دەبخشــرێتە ئەوکەســانەی کــە دیــاری دەکــرێن وەك (دایکــی نموونــــەیی،قوتابی نموونەیی،پێشــــمەرگەی نموونــــەیی، خانــــەوادەی شــــەهیدان،هونەرمەندی نموونــــەیی، نووســــەری نموونەیی،کارمەنــــدی نموونــەیی) بــۆ ئەمســاڵ ٢٠١٥ خانــەوادەی فیــداکاری شــاری کــەرکوك شەهید(صالح سعید) دیاری کرابوو، لە مەراسیمێکی شایستەدا لەلایــەن (هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد)ەوە ئــەو خەڵاتــەیان پــێ بخشــراو لەلایــەن بــەرێز (لیوا چەتۆصالح سەعید)ەوە وەرگیرا..




**وتەی بەرێز ( چەتۆ سالح سعید )**

**بە بۆنەی خەلاتی ( بلە )ەوە**

**٢٠١٥\٤\٨ سلێمانی**

سلاّوتان لیّ بێت...

من لەناو گۆمێك خوێنەوە هاتووم..

دەستی سەوزم بەرزکردۆتەوە بۆتان

هاتووم لێرە خەلاّتی مرۆڤـێکی مەزن ، کارێزمایەکی ولاّتەکەم

مامۆسـتا ئیـبراهیم ئەحمـەد سـەرتاپای لـەخۆر وگۆچـانەکەی لـە

مانگەشەوئەدرێتەدەستم.

کەسـارێژی برینــی گوللــەکانی سەرجەســتەی بــاوکم و براکــانم

وخەمەکانی ناو فەقێیانەکانی دایکمە و وێلّم بەدوای شـەش گـۆڕی

ون دا ..نازانم لە کوێن..؟

ئەم کاروانە خوێناوییەمان بەڕێ کردووە،گەڕانەوەش نییە.

زۆر سوپاس بۆ دادەی خۆشەویستم(هێرۆخان) ئەکەم..

ئەمە شەرەفێکی گەورەیە بۆ من و بنەماڵەکەمان..

هەروەها زۆرسوپاسی (رێکخراوی ئیبراهیم ئەحمەد) ئەکەم

زۆر سوپاس بۆ ئێوەش

سەربەرزم

٢٠١٥\٤\٨




**کەرکوك** ٢١\١١\٢٠١٦ **گەڕەکی رەحیماوا**

**مەراسیمی پەردەلادان لەسەر وێنەی**

(**مەحبووبە عوسمان**) **دایکی حەوت شەهید**

ئامادەبوونی بەڕێز..

دڵسۆزانی ڕێبازی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان

بەخێربێن بۆ مەراسیمی پەردەلادان لەسەر وێنەی دایکی شەهیدانی شارەکەم.

ـ لەکاتێکدا ئێمە یادی رۆژی شەهیدانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەکەینەوە

لەشارەخۆڕاگرەکەی کەرکوك،لەحزووری روحیانەتی دایکە(مەحبووبەحوسمان) و هاوسەروهاوڕێی خەباتی (صالح سعید)وهەرحەوت جگەرگۆشەشەهیدەکانیان دەست لەسەردڵ ڕاوەستاوین ..

گیانی بەرزەفڕی ئەوان و سەرجەم شەهیدان دڵنیا دەکەینەوە کەشارەکەی کەرکوك وسنووری کوردستان لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هێزەئەمنییەکانەوە پارێزراوە..تا ئیستا چەندین پەلاماری تیرۆریستان و

پاشماوەی ئەنفالچییەکان لەسەردەستی هێزەکانی دژەتیرۆر و فیداکارانی ڕێبازەکەی ئێوەوە شکستی هێناوە.

ـ ئێمە لەکاتێکدا ئەمڕۆ لێرە سەری ڕێز و نەوازیش بۆ گەشمردەکانی بابەگوڕگوڕ دادەنوێنین لەهەمان کاتدا گەلەکەمان ڕووبەڕووی قەیرانێکی ئابووری بۆتەوە،کۆمەڵانی خەڵك تووشی خراپترین باری گوزەران بوونەتەوە..هەربۆیە لێرەوە داوا لەحزبی شەهیدان دەکەین ،ئەوحزبەی هەمیشە بەرژەوەندی گەلی مەبەست بووە،چیترلەئاست ئەم بارودۆخە بێدەنگ نەبێت و هەڵوێستی خۆی رابگەیەنێت.. چونکە کەسوکاری شەهیدان وکەمئەندامانی سەنگەر وپێشمەرگەدێرینەکان وپارتیزانەکانی دوای ئەنفال وکادرو ئەندامانی حزبی شەهیدان خەریکە پردی ئارامییان دەپسێ و کاروا بڕوات ناتوانن لەوە زیاتر بێدەنگ بن.

ـ لەکۆتایی دا...

بەڵێن بۆ دایە مەحبووبەو شەهیدانی خانەوادەکەی

نوێ دەکەینەوە کەدرێژەپێدەری ڕێبازەکەی (مام)و

ڕێبازی شەهیدان دەبین..

نەسرەوتن تاسەرکەوتن

روحیان شاد.




**شەهيد ساڵح سەعيدو كوڕەكانی**

**ستار قەمەری**

مام ساڵح خەڵكی گوندی مۆرخوادەی خواروو بوو لە بناری خاڵخاڵان، پياوێكی شۆڕشگێرو لەخۆبردوو بوو، لە شۆڕشی پێشوو، لە شۆڕشی نوێی گەلەكەماندا بەشداريەكی كاريگەری كردووە،بەڵگەی زيندووشمان ئەوەيە حەوت جگەرگۆشەی خۆی كردە مەشخەڵانی شۆڕش.من لە نزيكەوە بنەماڵەی مام ساڵح ئەناسم، بە تايبەتی شەهيد (دكتۆر هادی)م باش دەناسی، كە وەك دكتۆرێكی لێهاتو و كارامە بە سەدان پێشمەرگەو هاوولاتی لە مردن ڕزگار كردووە...


هەقە خەبات و قوربانيدانی ئەم بنەماڵە تێكۆشەرە، لە پرۆگرامی خوێندن لە كوردستاندا بكرێتە مەنهەج، بۆ ئەوەی نەوە لە دوای نەوە... بزانن مام ساڵح و كوڕەكانی لە پێناوی چيدا شەهيد بوون.

ئەبێ بە ويژدانەوە بگوترێت: مام ساڵح و دايە مەحبوبە چ دايك باوكێكی ێكۆشەربوون، هوربۆيە هەقە بكرێنە دايك و باوكی شەهيدانی كوردستان.

# بەشی شەشەم




# ئەلبومی وێنەکان






**نووسەر لە کاتی پەردە لادان لەسەر وێنەی شەهید د.هادی**

**هەولێر ١٩٩٢/٢/١٥**




شەهید
شەهید


26 1:38AM




08 04 2015


الفاتحة
خوالێخۆشبێت
محبوبه عثمان عمر
دایکی شەهید دکتۆر هادی
هاوسەرەکەی وشەش کوڕی تری
شەهیدبون لەپێناوی کوردستان




مەلو     شەهید دکتۆر هادی     رەزا     کاکە حەمە     حمە سوور
سالی ١٩٨٦ کاپیرۆن







مەراسیمی یادی شەهیدانی خانەوادەی شەهید د.ه


مەلو
کابیلون













**شەهید مەهدی و دلڤین ی کچی**


شەهید
دکتۆر هادی صالح












مەحبوبە عوسمان













50


مه حبوبه عوسمان








یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

خەڵاتی پێزانین

بەڕێز: مەلا شاخی

بەشایستەتان دەزانین خەڵاتی پێزانینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانتان پێشکەش بکەین کە بەچەک و قەڵەم بەشداری شۆڕشی نوێی گەلەکەمانتان کردووە.

پیرۆزبێت

جەلال تاڵەبانی
سکرتێری گشتی
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

**خەڵات کردنی نووسەر**

## نووسەر لەچەند دێڕێكدا :

* ابوبكر محمد حاجی  ناسراو بە (مەلا شاخی)
* لەدایك بووی ١٩٥٣ دێی  بیرە سپان/ پردێ/ كەركوك
* بەشداری (شۆڕشی ئەیلول) ی كردوە.
* لە (١٩٧٥)ەوە كادر ی (ی.ن.ك)بووە.
* لەساڵی ١٩٨١ بووە بەپێشمەرگەی شۆڕشی نوێ.
* ئەندامی یەكەمین پەرلەمانی كوردستان بووە.
* ئەند امی هەرسێ كۆنگرەی (ی.ن.ك) بووە .
* ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندی یەكێتی نیشتمانی كوردستان ە
* ئەندامی (یەكێتی نووسەرانی كورد)ە .
* ئەندامی دەستەی دامەزرێنەرو لێپرسراوی بەشی ئەدەبی (كۆڕی رۆشنبیری لاوانی كورد) بووە لەشاری (نەغەدە).
* ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (كرمانج) بووە .
* لە دامەزرێنەرانی( بنكەی رووناكبیری شەهید) و بەرێوەبەری نوسینی گۆڤاری (شەهید)ە.
* یەكەم سەرنوسەری  گۆڤاری (كەركوك) بووە .
* سكرتێری رۆشنبیری (كۆمەڵەی روناكبیری كەركوك) بووە .
* ئەندامی (یەكێتــی ی زانایانی ئاینی كوردستان )ە
* ئەندامی ( سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان ) ە
* خەڵاتی رێزوپێزانینی یەكیتی بە واژۆی مام جەلال وەرگرتووە كەبەچەك وقەڵەم بەشداری شۆڕشی گەلی كوردستانی كردووە.
* چوارساڵ نوێنەری (هەڤاڵ مام جەلال) بوو لە كەركوك .
* بەرپرسی لقی كەركوكی(یەكێتیی پەرلەمانتارانی كوردستان)ە

## بەرهەمە چاپكرا وەكانی نووسەر

| | |
|---|---|
| ١ـ دا ستانی ئاوارە یی (شعر) | ١٩٨٩ |
| ٢ـ هۆرەی چیا (شیعر) | ١٩٩١ |
| ٣ـ سوتەن (دەربارەی مافی مرۆڤ) | ١٩٩٢ |
| ٤ـ ئەنفال و شۆڕەبی (شیعر | ١٩٩٨ |
| ٥ـ شیوەنێك بۆرەندی خان (شیعر) | ١٩٩٩ |
| ٦ـ ئەنفالی خاڵخاڵان | ٢٠٠٠ |
| ٧ـ ڕاپەڕین ورزگاركردنی كەركوك چاپی یەكەم | ٢٠٠٠ |
| ٨ ـ فیدرالی لەنێوان لكاندن وجیابوونەوەدا | ٢٠٠١ |
| ٩ ـ أنفال خالخالان چاپی عەرەبی | ٢٠٠٦ |
| ١٠ـ Anfal.of.Khalkhalan چاپی ئینگلیزی | ٢٠٠٦ |
| ١١ـ ئەنفالی ڕەش | ٢٠٠٧ |
| ١٢ ـ دڵسۆزی كەركوك | ٢٠٠٧ |
| ١٣ – دیوانی شاخی | ٢٠٠٩ |
| ١٤ـ ئەنفالی چوار لەدادگای باڵای تاوانەكان.. | ٢٠١٠ |
| ١٥ـ ڕاپەڕین و رزگاری كەركوك چاپی دووەم | ٢٠١٢ |
| ١٦ – پارتیزانەكانی دوای ئەنفال چاپی یەكەم | ٢٠١٢ |
| ١٧ – كەشكۆڵی شاخی | ٢٠١٥ |


# سوپاس وپێزانین

بۆ ئامادەکردن و بەدەستەوە هاتنی ئەم کتێبە

زۆر سوپاسی ئەم بەڕێزانە دەکەم :

- بەڕێز کاك چەتۆ ساڵح سەعید
- بەڕێز کاك سەباح ساڵح سەعید
- پێشمەرگەی دێرین کاك ڕەزا محمد
- هەموو ئەوهەڤــاڵانەی بیرەوەرییەکانیان بلاٌوکراوەتەوە.
- هەموو ئەوەاوڕێیانەی کۆمێنتیان بۆ ناردووم..
- هەڤاڵ شوان داودی ئەرکی چاپی گرتە ئەستۆ

**مەلاشاخی**




وینەی بەرگی چاپی یەکەم ٢٠١٤

# پێرست


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| ١ ـ بەشی یەکەم | |
| ژیاننامەی شەهیدەکان | ١٢ |
| ٢ ـ بەشی دووەم | |
| بابەتەرۆژنامەوانییەکان | ٣١ |
| ٣ ـ بەشی سێیەم | |
| بیرەوەرییەکان | ٦٦ |
| ٤ ـ بەشی چوارەم | |
| کاروانی شەهیدان | ٩٩ |
| ٥ ـ بەشی پێنجەم | |
| بەڵگەنامە | ١٦٣ |
| ٦ ـ بەشی شەشەم | |
| ئەلبومی وێنەکان | ١٨٠ |
| ٧ ـ نووسەر لەچەند دێڕێکدا | ٢٠٥ |
| ٨ ـ چاپکراوەکانی نووسەر | ٢٠٦ |
| ٩ ـ سوپاس وپێزانین | ٢٠٧ |